د. كوردۆ عەلی

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد

هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانە بەکارنامەی دوکتۆراکەی کاک (فازل رەسول) دا

چاپی دووەم

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

د. كوردۆ عەلی

سۆڤیەت و
بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد

هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە
بەکارنامەی دوکتۆراکەی کاک (فازڵ ڕەسوڵ) دا

چاپی دووهەم
٢٠٠٩

* **ناوی کتێب:** سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد

* **نووسەر:** د. کوردۆ عەلی

* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال

* **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

* **ژمارەی سپاردن:** (١٣٠٤) ی ساڵی ٢٠٠٩

* **چاپ:** دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

پێڕست

پێشەکی.. ٥

سەرەتایەك بۆ باسەکە.. ١١

کورد و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد.. ١٧

سیاسەتی زلهێزانەی سۆڤیەت و کێشە مەلبەندییەکانی ڕۆژهەلاتی...... ٣١

کوردو ڕووسیای تەزاریی.. ٤٥

کوردو سەردەمی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر.. ٤٩

یادانەوەیەکی مەزنی سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر مەسەلەی کورد...... ٦٥

بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لە عێراق و سۆڤیەت.. ٩٥

هەلوێستی سۆڤیەت بەرامبەر شۆڕشی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥........... ١١١

هەندێك هۆکاری دیکە لەپەیوەندییەکانی کورد و سۆڤیەتدا........... ١٤٥

کۆتایی و سەرئەنجام.. ١٧٣

پاشەکی و بەدوودا چوونێك.. ١٧٩

چەند سەرنجێکی سەرپێیی لەپێداچوونەوەکەی کاك کوردۆ عەلی........ ١٨١

یەکەم : دەربارەی سەرچاوەکان.. ١٨٤

دووهەم: هەندێ ڕوونکردنەوەی تر.. ١٨٨

سەرچاوە و پەراوێزەکان.. ١٩٥

چەندسەرنجێك سەبارەت بە پاشکۆکە.. ٢٠٢

پێشەکی:

(میللەتانی زۆرلێکراو و بێدەرەتان، پەلاماری هەردەستێك دەدەن کە بەنیازی دۆستایەتی بۆیان درێژکرێت، ئێمە ئەو دەستە تەنها ناگوشین، بەڵکە ماچیشی دەکەین).

پێشەوای شەهید قازی محەمەد لەکاتی سەردانەکەی باکۆی لە پایزی ١٩٤٥ دا، ئاوها ڕاستگۆیانە و بێپەردە و تامەزرۆ لە بەرامبەر باقرۆف دا دێتە وەرام. ئەو گوتانەی کە تك تك ئاوات و ئازاریان لێدەچۆڕێت، پێموایە گوزارە لە هۆش و هەست و ویژدانی گشت کوردێکی بەشەرەفی بەتەنگەوەهاتووی مەسەلەی میللەتە ستەمدیدەکەی دەکات.

میللەتانی مافخوراو و پێشێلکراو، تایبەت میللەتێکی گەلەکۆمەلێکراوی وەك کورد، لەگشت لایەك زێتر چاولەدوو و ئاواتەخوازی دۆستایەتی ڕاستەقینەن. تایبەت گەر ئەو دۆستە بەپێی بانگاشە و گوتەی ئاڵ و والای نێو کتێبە ئەستوورە دەق نەشکاوەکان بێت، هێزێکی پێشکەوتنخواز و پشتگیریکەری گەلانی چەوساوە و ژێردەستە بێت، هاوسێیەکی بەدەستەڵات و بەتوانای کورد بێت. ئاشکراشە ئەرکی ڕاگرتنی دۆستایەتی، کەمتر بە گەلانی

بێهێزو لاوەملی ئەو دۆستایەتییە هەڵدەستێت، گەلەکجار دەبێتە لۆقەکردن بەدووی سەبوون و سەراب دا.

بریا و سەد خۆزیا سۆڤیەت دۆستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتەکەمان با، دۆستێکی ڕاستەقینە و تاسەریش با، داخۆ لەمێژ نەبوو میللەتەکەمان لەخەم ڕەخسیبوو؟ لێ کورد جوانی فەرمووە: (داری بریا بێبەرە).

بە بڕوای من، لەمپەری دوژمنایەتی گرتن لە شوورەوی چەند هەڵەیەکی کوشندەیە، زێدەڕەوی و سنگکوتانی خۆڕایی و دووی تراویلکە کەوتنی ئەو دۆستایەتیەش، سەکتەیەکی هێندە زیانبەخشە لە بزووتنەوەکە دەدرێت. بۆیە پێویستە گشت ڕووداوێك و هەڵوێست و پێشهاتێك بە پێوانەی واقیع کێشانەکرێت و مامەڵەی لەگەڵ کرێت.

ئەوانەی پێیانوایە زلهێزێکی وەك سۆڤیەت، بە بەیاننامەیەك، یاخود بەپێداهەڵگوتنی گوتارێکی سادە و ساکار، دەستبەرداری گشت بەرژەوەندییەکانی دەبێت و لە پیلی کورد دەنەوێت و بە پەرێژی ئازادییدا دەکات ، هێندە لەسیاسەتدا سافیلکە و نابینا و ناکاملن، کە ئومێدی چاوکردنەوەیان لێناکرێت. ئێمە قەت و قەت نالێین سۆڤیەت دوژمنی کوردە، بەلام پێمانوایە دۆستی یەکەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی و گەلەکجار هەلپەی مسۆگەرکردنی ئەو بەرژەوەندییانە، هەڵوێستی وای پێوەبەردەگرێت کە لە دۆستایەتی دابشۆردرێت و سەربەخانەی دوژمنایەتیدا شۆڕکاتەوە. خۆدەبێت سنوورێك لەنێوان دۆستایەتی و دوژمنایەتیدا هەبێت، ئایا چۆن

جوداوازیی لە نێوان (دۆستایەتی) ئەو کۆمەك و پشتگیرییانەدا بکەین کە سۆڤیەت و وولاتانی پەیمانی وارشۆ لە ١٩٧٢ەوە بە ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرستی عێراقیان دەکرد، لەگەڵ (دوژمنایەتی) ئەو پشتگیریانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و وولاتانی پەیمانی ناتۆ بە ڕژێمە خوێنڕێژەکانی ئێران و تورکیایان دەکرد؟ ئەی خودانەکردە گەر عێراق پشتی تێنەکردبان و تا ئێستاش ئەو ڕووە دۆستانە درۆیەی هەر نیشاندابان؟

هەندەك سافیلکە و بێویژدان کە زۆریان بۆدەهێنیت، سووك و ئاسان دەڵێن: ئاخر دەبێت بەرژەوەندیی وولاتێکی وەکی سۆڤیەتیش تێبخوێنیتەوە. ئێمە بایی پێویست لە بەرژەوەندیی وولاتان تێدەگەین، بەلام کە هەڵچنینی ئەو بەرژەوەندییانە لەسەر حسێبی میللەتانی دی تەواو بوو، کە لەپێناویدا گشت داب و نەریت و یاسایەك زێڕیێ خرا، ئیدی سنوور لەنێوان دۆستایەتی و دوژمنایەتی، چاکە و خراپەدا نامێنێت. کە بەرژەوەندیی پەرستن تا ئەو ڕادەیە ڕەوابێت، کەواتە مافی گلەیی و گازندەمان لە وولاتانی ئیمپریالیزمیش نامێنێت، ئەوانیش لە پێناوی بەرژەوەندییە گلاوەکانی خۆیاندا گشت ڕێگەیەکی ئەهریمەنانە وەبەر دەگرن.

کەواتە دۆستایەتی ووشەی سیسەڵە و بێگیانی سەر پەڕە کۆن و سووڕە دەق نەشکاوەکان نییە. دۆستایەتی مامەڵەیە، هەستە، هەڵوێستە، ڕەفتارە، کردارە.

ئەم نامیلکەیەی لەبەر دەستتدایە، پێشچاوخستنی بەشێکە لەو لێکۆڵینەوە زانستانەیەی کاك فازڵ ڕەسوڵ، دەربارەی ئەو لایەنە زۆر گرنگەی بزووتنەوەی کوردایەتی نووسیویە، کە بە بڕوای من شاکارێکی کەم وێنەیە و نووسەرەکەی

دەستپێشخەرێکی کارامە و جەربەزەی ئەو مەیدانەیە. سەرکەوتنی کارنامەکەی کاك فازڵ تەنها لە بۆچوون و هەڵشێلانە زانستانەکەیەوە تێیناڕواندرێت، بەڵکە لەو ئازادییە ئەدەبییەشەوە کە لەم بارە شێواو و گێژاوەی سیاسەتی کورد دا، ژیرانە خۆی لەقەرەی باسێکی ئاوها داوە و لێهاتووانە گشت جەمسەرێکی مەسەلەکەی توێژیوەتەوە و هەڵیتەکاندوون و هەڵیسەنگاندوون.

هەر ئەو بایەخ و گرنگییەی مەسەلەکە و ئەو سەرکەوتووییەی کارنامەکەی کاك فازڵ، منی هاندا بەم نامیلکەیە پێیدا بچمەوە و شەن و کەوێکی بۆ خوێنەری کورد بکەم. ئەز لەم ئەرکەمدا سێ مەبەستم پێشچاو گرتووە:

١- ناساندنی ئەم شاکارە بەخوێنەری کورد و پێشکەشکردنی چەند باقەیەك تا خوێنەر بەبەرهەمەکە ئاشنا بێت.

٢- بەرچاوخستنی هەندەك باری سەرنجی جوداواز لەبڕێك مەسەلەدا ، کە کاك فازڵ شیکردوونەوە و توێژیوینیەوە.

٣- ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەك کە لەخوێندنەوەی ئەم شاکارەدابەرچاوم کەوتوون و هەستم پێکردوون، کە بەبڕوای من بە هیچ جۆر لە نرخ و بایەخی ئەو ئەرکە مەزنە سەرکوتووانەیەی کەمناکەنەوە.

سەرەتا کە کارنامەکەم خوێندەوە، هەندە تێبینییەکم تۆمارکرد، بەو نیازەی پاشان پێدابچمەوە و پاکنووسی بکەم و گوتارێکی بۆ گۆڤارێك لێپوختە بکەم. بەنامەیەك دەستخۆشی و پیرۆزبایيم لە کاکی نووسەر کرد و لەو بارەوە ئاگادارم کرد و ئامادەیی خۆشم بۆ گشت کۆمەکێك دەربڕی، گەر لەپاشەڕۆژدا

کارنامەکەی بکاتە کوردی، چونکە پێموایە کردنە کوردیی ئەو شاکارە ئەرکێکی هێجگار پێویست و پیرۆزە.

کاک فازڵ شادیی خۆی دەربڕی کە بەچاوی ڕەخنەوە کارکەییم خوێندۆتەوە و داوای لێکردم پاشان وێنەیەکی ئەو گوتارەی بۆ بنێرم.

کاتێك دەستم پەرژا و بە تێبینییەکانمدا چوومەوە و جارێکی دی بەووردی کارەکەم خوێندەوە، دیتم گوتارێك لەوێزەی نایەت و ئەو ئەرکەی پێهەڵناسوورێت، بۆیە بڕیارم دا هێندەی لەتوانامدا بێت و مەودا هەبێت بەدوویدا بچم و درێژی بکەمەوە و بەشێوەی نامیلکەیەك پێشکەشی خوێنەرانی کوردی بکەم.

دەبێت ئەوەش ئاشکراکەم کە گەلەکجار لە ڕاگوێزانی باقە و شاچەپکی نووسینەکانی کاك فازڵ دا، تەواوتەواو خۆم بەدەقە ئاڵەمانییەکەوە نەبەستۆتەوە، بەڵکە هەوڵمداوە واتاکەی وەربگرم و بەپێی چێژی کوردیی دایڕێژمەوە و جوانکارییەك لەنووسینەکەدا بکەم. بۆیە ڕەنگە دارشتن و دەربڕینی وای تێدا هەبێت، کە کاك فازڵ دەقاودەق ئەوەی نەگوتبێت، بەڵکە من بەسەلیقەی خۆم دا مرشتۆتەوە. ئومێد دەکەم کاك فازڵ و خوێنەرانی بەرێز لەو ڕووەوە بمبەخشن.

ماوەتەوە ئەوەی بڵێم کارنامەکەی لە هاوینی ١٩٨٥ دا لە زانستگەی ڤیەننا پێشکەشکراوە، تێکڕا ٤٠٧ لاپەڕەی قەوارە گەورەی گرتۆتەوە، بەسەر ١٠ بەند دا بەشکراوە، کەمن لەبەرەوە بەخەتی درشت سەردێڕی هەربەندێکم بەکوردی نووسیوە.

بۆ ئەم کارنامەیە سوودی لە سەدان سەرچاوە وەرگرتووە و لەپاشکۆدا لیستەی سەرچاوەکانی تۆمارکردووە و پاشانیش شەش بەڵگەنامەی مێژوویی و نەخشەیەکی کوردستانی خستۆتەسەر.

جارێکی دی لەدڵەوە پیرۆزیایی لە کاك فازڵ دەکەم و ئومێد دەکەم ئەمە دوابەرهەمی نەبێت و بە دەیان شاکاری دیکە چاومان ڕۆشنکاتەوە.

سەرکەوتنی گشت لایەك و سەرفرازیی کورد بە ئاوات دەخوازم.

کوردۆ

سالزبورگ، سێپتەمبەری ١٩٨٦

سەرەتایەك بۆ باسەكە:

" هەڵبـژاردنی ئـەم باسـە بـۆ كارنامـەی دوكتۆراكـەم، بڕیـارێكی دژوار بـوو، چونكە بابەتێكە زەحمەتە تا ئێستا بەم شێوازە لێیكۆڵرابێتەوە، جگەلەوەی بارە سیاسییەكەش توێژینەوەی بابەتەكە گرانتر دەكات. كە كەم خۆلەقەرەی ئەم باسە دراوە، وەنـەبێت لەبـەر كـەم بایـەخیی بێـت، گرنگییەكـەی لەوەدایـە كـە بەشێك لەمێژووی سیاسی نوێی كورد شیدەكاتەوە و وەكو هۆكـارێكی گـرنگ لـە كێـشە مەڵبەندییـەكان و پێوەندییـە سیاسـییەكانی ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵیدەسەنگێنێت".

كاكە فازڵ یەكەم دێڕەكانی سەرەتای كارنامەكەی بەم كۆپلە پڕلە ڕاستییە دڵتەزێنە دەستپێدەكات. لایەنێكی ئاوها گرنگی مێژووی سیاسی نوێی كورد بە فەرامۆشی سپێردراوە و هیچ بایـەخێكی ئـەوتۆی پێنـەدراوە. ئـەوەی دەربـارەی نوسـراوە، ئـەو بەیاننامـە و گوتـارە هـەرزە و سـاكارانەن، كـە لەسـەر ڕوویـەڕی ڕۆژنامـە و گۆڤـار و بڵاوكراوەكـانی حیـزب و ڕێكخـراوە كوردسـتانییەكان و كۆمۆنیـستەكانی ناوچـەكە بەرچـاومان دەكـەون، سـەریاكی هـەرە زۆریـان، نووسـینی پڕوپاگەنـدەیی بێبـەها و بێنـرخن، هەڵـسەنگاندنێكی گێلانـەی یەكلانەی بێپەروا و دوور لە ڕاستین، شاباش و پێدا هەڵدانی پڕ درۆ و سەربێیین،

تا پاسپۆرتی پێشکەوتنخوازییەکی ساختەیان پێبدرێت. زۆربەی هەرە زۆریان نرخی ئەو کاغەزەیان نییە کە تێیدا بەخەساردراون.

پاشان نووسەر دێتەسەر سەرژمێری کورد و دەنووسێت: "گەلی کورد کە نێزیکەی پازدە ملوێنێك دەبێت، گەورەترین میللەتی بێ دەوڵەتی جیهان پێکدەهێنێت. هەرچەندە پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی پاش یەکەم جەنگی جیهانیی هیوای دەوڵەتێکیان بەکورد بەخشی، بەلاّم کێشەکەهەر بێ چارەسەر مایەوە".

بەبۆچوونی من، پازدە ملوێن بۆ ساڵی ١٩٨٥، لەچاو سەرژمێرەکانی بەرلە خۆیدا، ژمارەیەکی کەمە. هەر بۆ نموونە نووسەر خۆی لە ڕوونکردنەوەی ئەو سەرژمێرەدا، بە پەراوێزی ژمارە (١)، کە لە لاپەڕە ١٣ دا ڕوونیدەکاتەوە، چەند سەرژمێرێکی پێش خۆی دەستنیشانکردووە، کە پێدەچێت نێوکۆیی ئەو ژمارانەی بەدەستەوەگرتبێت. دێرینترینیان سەرژمێرەکەی لازاریڤە کە ١٩٦٣ ژمارەی کوردی بە ٢٠ ملوێن خەملاّندووە. نوێترینیان سەرژمێری ئینیستوتێکی ئینگلیزییە کە لە ١٩٨٠ دا ژمارەی کوردی بە ١٧.٢٠٠ ملوێن قسراندووە. کەمترینیان سەرژمێرەکەی قاسملۆیە کە لە ١٩٦٨ دا کوردی بە ١٢ ملوێن قەبلاّندووە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم بەشێك لەو ڕایەی خۆم لە تەرجەمەی کوردیی (کوردستان و شۆڕشەکەی) دەوە بۆ خوێنەر ڕاگوێزم کەلەمەڕ ئەم مەسەلەیە لە پەراوێزی ل١ دا دەرمبڕیوە: (بەپێی یاسایەکی دێمۆگرافیی، نەتەوەکان هەر بە بیست ساڵ، ژمارەیان دەبێتە دووقاتی خۆی. بەوپێیە گەر کەمترین ژمارەی

کورد لە بیستەکاندا وەرگرین، ناشێت لە پێنج ملوێن کەمتر بووبێت. ئەوەتا پارتی خۆیبوون لە کۆتایی ١٩٢٠ دا، نامیلکەیەك بلاودەکاتەوە، لەو نامیلکەیەدا سەرجەم ژمارەی کورد بە ٥.٤ ملوێن دانراوە، کەژمارەیەکە عەقڵ قبووڵی دەکات. کەواتە بەپێی ئەو یاسایەی باسمانکرد، بەلای کەمەوە ژمارەی کورد لە حەفتاکاندا لە ٢٠ ملوێن تێپەڕ دەکات. (١)

ئەوجا نووسەر دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئەم باسە هێشتا بەم فراوانییە لێینەکۆڵراوەتەوە، هەندە لایەنێکی توێژینەوەی بەخۆوە دیتووە، بەلام سەرجەم شینەکراوەتەوە.

لە ل ٨ و ٩ دا هەندەك لەو سەرچاوە ئینگلیزی و ڕووسی و کوردی و عارەبییانە دەستنیشان دەکات کە بۆ کارەکەی سوودی لێوەرگرتوون. دواتریش لە ل ٣٨٩ بەدوا، لیستەی سەرجەم سەرچاوەکانی ڕێکخستووە. لە هیچ یەکێك لەو سەرچاوانەدا پەنجە بۆ کارنامەی دوکتۆراکەی ویلسن ناتالی هاول ڕاناکێشێت، کە ١٩٦٥ لە زانستگەی ڤێرجینیا دەربارەی ئەم مەسەلەیە نووسیویە. بڕواشم نییە نووسەر لێیبێئاگابێت و سوودی لێوەرنەگرتبێت. (٢)

هەروەها دەربارەی ئەو گوتارانەی لەسەر لایەنێك لە بابەتەکانی ئەم باسە نوسراون، پەنجە بۆ ئەو گوتارەی (ن. بێکەس) ڕاناکێشێت کەلەژمارە ٢-١ ی گۆڤاری (دراسات کردیە) ی ئینیستوتی کوردیی پاریس لە کانونی دوهەمی ١٩٨٥ دا لەژێر سەردێڕی (خیارات للسیاسة السوظیتیة تجاة المسالة الکردیة) دا نوسراوە، کە دوو ئیحتیمال هەیە:

١- یا نووسینی خودی نووسەر خۆیەتی بەو نێوە خوازراوەوە.

٢- یاخود نووسینی کاك سیامەند زەید عوسمانە کەنووسەر لە ل١٣ دا پەنجەی بۆ گوتارێکی بە فەرەنسی نوسراوی لەو بابەتەی ئەو برایە ڕاکێشاوە.

بەهەرحاڵ لێکچوونێکی تەواوتەواو لەنێوان هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانەدا هەیە، کە هەردوولا شەن و کەویان کردوون.

لە ل٩ دا، لە دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانەدا کە نووسەر بۆ کارەکەی سوودی لێوەرگرتوون، دەنووسێت:

"نامە و دۆکۆمێنتە تایبەتەکانی ئەرشیفی خۆم، کە لە ماوەی بیست ساڵ تەجرەبە و چالاکیم لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا کۆمکردوونەوە".

کاتێك دەڕوانینە ل ٤٠٧، دەبینین نووسەر ژیننامەی خۆیی نووسیوە و دەڵێت:" لە ٩ ی دیسەمبەری ١٩٥١ دا لەدایك بووە"

ئەو کارنامەکەی لە ژونی ١٩٨٥ دا تەواو بووە، بیست ساڵی ئەو تەجرەبە و چالاکییە سیاسیانەی لێدەرکەین، دەمێنێتەوە ١٣-١٤ ساڵ تەمەن. بۆ هیچ ئەوروپاییەك، هەتا بۆ هیچ کوردێکیش جێگەی باوەڕ نییە کە مێرمنداڵێکی سێزدە چواردەساڵانەی وولاتێکی دواکوتووی وەکی عێراقی شێستەکان، بەبەشە دواکەوتووترەکەی کوردستانیشییەوە، سەرگەرمی چالاکیی سیاسی بوویێت و ئەرشیفی تایبەتی کۆکردبێتەوە. جگەلەوە، کەم ماڵ و خانەوادەی کورد هەن، لەو مێژووە کورتیلەی شۆڕشی ئەیلول دا یەکدووجار کتێبخانەی تایبەت و هەتا ئەلبوومی وێنە و پەڕەشڕیان بە خۆراکی توونی حەمام نەکرابێت. من پێموایە ئەو دوو موعادەلەیە لایەکیان هەڵەیە. بۆیە دەبێت لە هەندە

خۆڕوونکردنەوەیەکدا هۆشیاربین و گوتەکانمان بە تەرازووی ژیربێژی پێوانەکەین.

لە هەمان لاپەڕەدا، نووسەر ئەوە ئاشکرا دەکات کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەندەك کەسی ناسراو و باوەڕپێکراودا سازداوە و پرسیاری لێکردوون، یەکێك لەوانە کاك کەمال فوئادە. نووسەر لەپاڵیدا نووسیویە "ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق، پاشان ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە".

من خۆم ئەمە یەکەمینجارە ببیستم کەکاك کەمال فوئاد ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارت بوو بێت، کەباوەڕ ناکەم، چونکە کاك فازڵ وەکو لە گوتەکەی خۆی دڵنیا نەبێت، یاخود هەربەڕاستی نەبێت، لەنێو هەموو ئەو پرسپێکراوانەدا، تەنها ساڵەکانی ئەندامێتی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی بۆ کاك کەمال تۆمار نەکردووە، دەنا ئەوانی دی هەموو، ساڵانی لێپرسراوێتیان دیاریکراوە، هەرچەندە کاك کەمال بۆ کاکی نووسەر هێند دوورەدەست نەبووە کە نەتوانێت لێیبپرسێت کەی ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارت بووە. بەڵام بۆ نەیکردووە ؟ یاخود بۆ نەینووسیوە؟ بەڕای من دوو ئیحتیمالی هەیە:

١- یا هەر ڕاست نییە، گەر وابێت کارێکی نابەجێیە.

٢- یاخود مەبەستی ئەندامێتی کۆمیتەی نێوەندیی تاقمی جەلالییە.

جگەلەوە، دەبێت ئەوەش بڵێم کە هەندەك لە ڕاو بۆچوونی ئەو کەسانەی کاك فازڵ ڕای وەرگرتوون، جێگەی متمانە و بڕوا نیین. چونکە هەرچەندە ئێمە

هەمیشە دۆڕاوبـووین، بـەلاّم تـا ئێـستا نەمبیـستووە سیاسەتـچی کـورد هەڵـەی کردبێت، هەمووی هەڵەی خەڵکی دیکە بووە ئەو بەستەزمانانە تێیکەوتوون.

بـا وەك نموونـە لاپـەڕەی ئـەو گوتـارو نامیلکـە و نووسـینانە هەڵدەینـەوە کەلەسەرگەورەترین تراژیدیای مێژووی نوێی کـورد، لەسـەرشۆڕشـی چواردە ساڵەی میللەتەکەمان، هەربە دەستی پاڵەوانانی ئەوتراژیدیایە نوسراون. لـە بەرگەوە بۆ بەرگ شۆڕشەکەیان بۆ داشـۆریوین هەڵـەیان بۆ ڕسـت کـردووین. هەریەکە دەستی چڵکنی خۆی بە داوێنی یەکێکی دی، یـاخود تـاقمێکی دیکە سڕیوە. کەسێکیان پێینـەگوتووین پـشکی خـۆی لـەوتاوانانـەدا چبووە؟ بۆ لـە ماوەی چواردە پازدە ساڵدا جارێك بەدەنگنەهاتن؟ بۆ لە ئاستیدا کەڕو کوێرو کـاس بـوون؟ بـۆ ئـەو کاتـە میللەتەکـەیان بـەهۆش نـەدەهێناوە؟ بـۆ هـەوڵی چارەسەرییەکیان نەدەدا؟

ئـەی ئـەو گاڵتەجاڕیـەی ئـەوڕۆی کوردسـتان تـاوانی کێیـە؟ تاکـەی ئاوهـا بەکێشی دەکەن؟ کەی دەست لەبـەرۆکی ئەو میللەتـە سەرسەختە بەدبەختـە بەردەدەن؟

بەلاّم کورد جوانی فەرمووە: (ئاو لەسەرچاوەوە لێڵە) و (ماسی لەسـەرییەوە بۆگەند دەکات).

پاشان دێمە سەرشیکردنەوە و هەڵتەکاندنی هەندەك لەو ڕایانە.

کورد و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد

"ئەو ڕاستییەی کە هێشتا مێژووی گەلی کورد، لەبەر زۆر هۆ نەتوێژراوەتەوە، بووە هۆی ئەوەی پوختەیەکی لێرەدا ببێتە ڕێڕەوێك بۆ گەیشتن بە باسە سەرەکییەکەی ئێمە.

لەو لێکۆڵینەوە کەم و بەنرخانەی کە لەکۆن و ئێستادا هەوڵیانداوە لەمێژووی کورد بکۆڵنەوە، لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلاّتناسە ئەورویی و ڕووسەکان بوون. توێژینەوەی ڕووس و ئەورویاییەکان لەو بوارەدا، لە کۆتایی سەدەی پێشوو و سەرەتای ئەم سەدەیەدا، گەیشتە چڵەپۆپەی، چونکە ئەو کاتانە ڕووسیاو هێزە ئەورویاییەکان چاوی تەماعیان بڕیبووە کەلاکی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی و گیانی میللەتانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست.

پاش یەکەم جەنگی جیهانیی و بەشکردنی ناوچەکە بەچەند هێزێکی سیاسی و قوتکردنەوەی ئەم دەوڵەتە تازەڕسکاوانە، ئیدی ڕۆژهەلاّتناسیی ئەورویایی مەیل و ئارەزووی کۆنی لەدەست دا.

بە پێچەوانەی ئەوەوە، لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلاّتناسیی دەربارەی کورد، لە سۆڤیەت هەر لە برەودایە. بەلاّم بەپێی خواست و پێویستیی سیاسەتی ڕەسمیی وولاّتەکە، چاك چاك بیراز دەکرێت.

نەتەوەی کورد خۆی کە هیچ کات دەزگەیەکی دەوڵەتیی خۆڕاگرتووی نەبووە، تا ئامرازو کەرەسەیەکی ئابووریی و زانستی دابمەزرێنێت، بۆیە بەئاستەم هەل و دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە مێژووی خۆی بتوێژێتەوە و بینووسێتەوە . ئەو بەرهەمە کەمانەی دەربارەی مێژووی کورد، کە لەلایەن نووسەرانی کورد، یا بێگانەی ڕۆژهەلاّتییەوە نوسراون، بەپێی هەوا و هەوەسی

سیاسییانەی سەردەمەکە داڕێژراون. گەلەکجار مێژووی کورد لەلایەن مێژوونووسانی خزمەتکار و شۆرباخۆری دەربارەوە، لنگەوقووچ کراوەتەوە. یاخود لەلایەن کوردە ناسیۆنالیستەکانەوە گێز و گوڵنکەی پێدا دووڕراوە و زێدەڕەوی تێداکراوە".

پاشان نووسەر کورتەیەکی پوخت و بەتام و چێژی مێژووی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەر لە ئیمپراتۆرێتی میدیاوە تا هاتنی ئیسلام. ئەوجا دامەزراندنی دوو ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی و فارسی و بەشکردنی کوردستان لە نێوان ئەو دوو هێزە زەبەلاحەی سەردەمەکەدا و پەرتپەرتبوونی لەنێو خۆدا بەسەر چەندین میرنشین و دەستەڵاتی کزۆڵەی مەڵبەندییدا.

پاشان هۆکارەکانی ئەو بەشبەشییە و دروستنەبوونی دەوڵەتێکی کوردیمان لە چوار هۆدا بۆ کاکڵە دەکات:

١- لەبەرچوونی ئابووری، ئەویش بە تالآنکردنی کوردستان لەلایەن دوو هێزە مەرکەزییەکەوە. بەو هۆیەوە گەشەکردنی ئابووری کوردستان ڕێی پێگیراوە.

٢- شەڕەکوتەك و کێشەنێوخۆییەکانی میرنشین و دەستەڵاتدارە کوردییەکان، کە لەلایەن هەردوو ئیمپراتۆرێتەکەوە زێتر دنەدراون تا بەولەت و پەتییە بمێننەوە.

٣- هەستی نەتەوایەتی کورد هێشتا چلوورە بەستوو و سەقامگیر نەبووبوو، بەڕادەیەك کە هەستی ئاینی و مەزهەبی گەلەك بەتینتر بوو. هەردوو ئیمپراتۆرێتەکەی نوێنەر و ڕێبەری هەردوو ئاینزای شیعە و سوننی بوون، کورد

چەکێکی ئیدیۆلۆژیی بەهێزی لەو بابەتەی بەدەستەوە نەبوو، بەڵکە بەحوکمی باوەڕی مەزهەبییان دەبا دووکەوتووی لایەکیان بان.

٤- لەسەروەختی دەستەڵاتدارێتی ئیسلامیی پێش مەغۆلەکاندا، پەیوەندیی دەوڵەتی مەرکەزیی و هێزەبندەستەکانی کەنارکەوتووی هێند توند و تۆڵ نەبوو. ڕاستە کورد وابەستە بوو، بەلاّم خەسڵەتی نیمچە سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدابوو. دوو ئیمپراتۆرێتە نوێکە تاڕادەیەك گەشەنەکردوو بوون و لە هەڵپەی چەقبەستنی دەستەڵاتدا بوون. بەو هۆیەوە تالاّنکارییەکی خەستی ئابووری کوردستانیان دەکرد و لەبواری گەشەکردنی ئابووریدا لە پەلوپۆیان خست.

ئەوجا نووسەر دێتە سەر شیکردنەوەی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی کورد و بەرپابوونی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد. چوار هۆ بۆ بەهۆشداهاتنەوەی هەستی نەتەوایەتی دەکاتە بەڵگە و یەکەیەکە بە پوختی شییاندەکاتەوە:

١- ڕاپەڕینی میرنشینە کوردەکان دژ بە بەستنەوەی کوردستان بە دەستەلاّتی مەرکەزییەوە.

٢- وریابوونەوە لەڕێگەی قوتابخانە سۆفیزمەکانەوە.

٣- بووژاندنەوە و گەشەکردنی وێژەو ئەدەبی کوردیی لەڕێگەی بەکاربردنی زمانی کوردییەوە.

٤- پەیدابوونی توێژاڵێکی نوێی ڕۆشنبیر.

نووسەر گەشتێك بەسەرەپای ڕووداوەكانی پاش یەكەم جەنگی جیهانییدا دەكات و دەوری كورد و پەیمان و ڕیكەوتننامە نێودەوڵەتییەكان و كاریگەرێتییان لەسەر مەسەلەی كورد دەستنیشاندەكات.

"بەشكردنی كۆمەڵگەی كوردەواری بەسەر چوار دەوڵەتدا (٣)، كە بە چوار زنجیرەی سنوور تەواو تەواو لێكداپچڕاون و هەریەشەی بە چەقی یەكێك لەو دەوڵەتانەوە شەتەك دراوە، كە گەشەكردنی ئابووری و كۆمەڵایەتی هەریەكێك لەو وولاّتانە جوداوازلەوی دی و بەپلە و ئاستێكی لێكنەچوو خۆی دەنوێنێت، كۆمەڵگەی كوردەواریی وا لێدەكات چ لەڕووی كۆمەڵایەتی و چ لەڕووی ئابوورییەوە، بەشێوەیەكی لێكدابڕاو و لێكنەچوو و ناساز گەشەبكات."

ئەوجا لە ل٤٥ دا دەنووسێت:

"هەرچەندە مەسەلەی كورد لەم دواییانەدا تاڕادەیەك لەسەر ڕوویەڕی بلاّوكراوە جیهانییەكان زێتر جێگەی خۆیكردۆتەوە، بەلاّم مەسەلەكە زێتر لە گۆشەنیگای هەست و سۆزێكی مرۆڤانەوە تێیدەڕواندرێت، نەك وەك كێشەیەكی ڕەوا لەنێو بێشەلاّنی كێشە ناوچەییەكاندا. چاوخشاندنێك بەسەردێڕی ئەو گوتارانەدائەو ڕاستییەمان بۆ ئاشكرا دەكات.

بەشێوەیەكی گشتیی گوێڕاهێشتن و بایەخی كەمتر بەو كێشە و گرفت و ڕووداوانەی ڕۆژهەلاّت دەدرێن، كە نەك تەنها سنوور و سیستێمی سیاسی، بەڵكە خەریكن پێكهاتەی ژیاریی ناوچەكەش هەڵتەكێنن و وەریچەرخێنن.

ئالەو فەرامۆشی و پشتگوێخستنەدا هۆی ئەوە دەدۆزینەوە کە مەسەلەی کورد هێشتا وەکو کێشەیەکی نێوخۆیی ئەو وولاتانەی کوردیان بەسەردا بەخشراوەتەوە، مامەڵە دەکرێت".

ئەم مەسەلەیەی کاکە فازڵ پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە. بەلاّم مەخابن خۆی لەقەرەی هۆکارە سەرەکییەکە نەداوە، ئەویش قسەرەخۆیی و قسوورە زاتییەکەیە، کەماکی یەکەمی ئەو جوغز تەسکبوونەوەیەی مەسەلەکە و ترنجاندنی لەو قاڵبە تەسکە و هێشتنەوەی لەسەر ئاستی کێشەیەکی نێوخۆیی ئەو وولاّتانە و نەگەیاندنی بە ئاستێکی نێودەوڵەتییە.

ئەو بێهۆشی وگێلێتییە بەپلەی یەکەم، گەردنی ئەستووری سیاسەتچی و حیزبە زۆر و زەوەندەکانی کورد دەگرێتەوە. ڕاستە بارودۆخی کەرتوپەرتکردنی میللەتێك و خاکەکەی بەسەر پێنج وولاّتدا هێجگار سەخت و ئەستەمە و کێشەکەی زۆر دژوار و ئالّۆز کردووە، بەلاّم هەڵوێستی ئەو حیزبانەی کە لە نێوەڕاستی چلەکان بەدواوە، ڕۆڵێکی دیاریان لە چارەنووسی کێشەکەدا دیتووە، هەڵوێستی حیزبە چەپی و کۆمۆنیستەکان قەت و قەت لە ئاستی پێویست و پیرۆزدا نەبوون . چۆن؟

جولاّندنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە بنەچەدا داواکاریی (مافی چارەنووس) و (سەربەخۆیی و ڕزگاریی) بووە، بەلاّم بەفەند و فێڵی سیاسی و لووتتێژەنینی ئیمپریالیزم و داگیرکەران و پشتکردنە فەلسەفە و ئیدیۆلۆژیی نەتەوایەتی، کۆمەڵە سیاسییەکانی پاش نێوەڕاستی چلەکانی ئەم سەدەیەی خلیسکاندۆتە مەوقیعی خۆبەدەستەوەدان و ترس و ڕاڕایی و هەڵسلەمینەوە و

هەستی پەستی خۆ بەکەمگری و بڕوا بەخۆنەبوون و هەتا خۆدۆڕاندن و خۆلەبیرچوونەوەش. داواوداواکاریی ڕەوا و سروشتیی کوردیان لەقالّبی چەند ڕیفۆرم و چارە و چارۆچکەیەکی ئیداری و ڕۆشنبیری و پێکەوەگوزەراندندا، ترنجاندووە.

وەك پاشان دێمەسەری و ڕوونیدەکەمەوە، دەوری پارتەکۆمۆنیستەکانی ناوچەکە، دەورێکی زۆر ناتێگەیشتووانە و ناکاملانەبووە بەرامبەر بە مەسەلەکە.

ئەم نەوێری و ترس و لەرزە و خۆبەکەمگریەی ئەو هێزە سیاسییانەی کورد، بۆتەهۆی ئەوەی:

١-جەماوەری عارەب و تورك و فارس بەتەواوی لەمەسەلەی کورد نەگەن و بارێکی دەروونیی وایان لا بخولّقێندرێت کە گوایە کورد وەکو بەشێك لەو وولاّتانە زێدەڕەویی و زێدەداوایی دەکات و کێشە و گێچەلّ بۆ ئەو گەلانە دەنێتەوە و لەمپەڕ و کۆسپە لەڕێی پێشکەوتن و سەرکەوتنیاندا. بۆیە زۆرجاران سەرەڕای ئەو هەموو ناڕەوایی و تاوان و دەستدرێژی و خراپەکارییەی حوکومەتەکان بەرامبەر کورد کردوویانە، جەماوەری ئەو وولاّتانە، ئەگەر هەلّوێستێکی نەرێتی و دوژمنانەشیان نەبووبێت، ئەوا هەلّوێستێکی گوێنەدان و کەمتەرخەمی و بێدەنگانەیان نواندووە.

٢-ئەو گەلانە خۆیان تائێستا ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ، بەجۆرێك لە جۆرەکان، گیرۆدەی داو و تەونی پیلان و گزی ئیمپریالیزمن، هەموو جولاّندنەوەیەکی کورد بەفیتی بێگانە و ئیمپریالیزم و بەرێیگر لەڕێی خەباتی

خۆیاندا دەزانن. وا لە کورد دەگەن کە گوایە بەشێکی زۆر لەتین و تاو و هێزیان بەفیڕۆ دەدات و ناهێڵێت بەتەواوی خۆ بۆ پاکتاوکردنی کێشەکان و سڕینەوەی شوێنپێ و بوونی ئیمپریالیزم تەرخانکەن و بکەونەوە سەرخۆ بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی و گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

٣-جەماوەری کورد چەواشە دەکات و لەمەسەلە بنەڕەتییە مێژووییەکەی دووری دەخاتەوە، لەهەندێك لاباس و مەسەلۆچکەی دوور لەکێشە سەرەکییەکانیەوە دەگلێنێت، کە نە ئەو چارەسەر و داواکاریانە کۆتایی بەکێشەی کورد دەهێنن و نە ویست و خواستی جەماوەر دەهێننەدی.

٤-کاتێك مەسەلەی کورد لەە قولینچکی مەسەلەیەکی نێوخۆیی و کێشەیەکی لاوەکی دەترنجێندرێت، گوڕ و تین و تاوی ئەو مەسەلەیە کزدەبێتەوە و هەق دەدات بە دەستەڵاتدارێتیی داگیرکەرانی کوردستان، کە بە بیانووی ماف و بەرژەوەندیی گشتیی و پارێزگاریی یەکپارچەیی خاکی وولات و سوودی نیشتمانەوە، هەموو تاوانێك بکەن و نووزەمان لێببڕن و کەسیش مافی ئەوەی نەبێت لەسەرمان وەدەنگ بێت و خۆی لەکێشەیەکی نێوخۆیی ئەو وولاتانە هەڵقورتێنێت و قسەی تێدابکات.

ئەگەر هەر لەسەرەتاوە مەسەلەی نەتەوایەتیمان وەك مەسەلەیەکی خاوەن هەق و داد و سەربەخۆ پێشچاو خرابا و ئامانج و ستراتیژ و ئاواتی کورد، بە (لامەرکەزی) و (خودگەردانی) و (حوکمی زاتی) و پاشانیش (ڕاستەقینە) نەشاردرایاتەوە و ڕەپ و ڕاست کورد وەك نەتەوەیەکی دیل و ژێردەستە و چەوساوەی خاوەن (مافی دیاریکردنی چارەنووس)، بەپێی هەڵکەوت و

هەلومەرجی نەتەوایەتی مامەڵەی لەگەڵ کرابا و پێشچاو خرابا، ئەورۆ هیچ نەبا هۆشی جەماوەرەکە و هەتا دوژمنانیش بەوە ڕادەهات کە لەسەر ئەو ئاستە مامەڵە و هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکەن و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتانیش سووچێکی بۆخۆی دەدۆزییەوە و لەنێو ئەو هەموو گۆڕان و گۆڕانکارییانەی لەماوەی ئەو نیو چەرخەدا بەسەرنێوچەکەدا هاتبوو، ئەو هەلانەی هاتبوونە پێش شتێکیان هەر لێشین دەبوو. چونکە گەر هۆکارە خۆییەکان هاوشانی هۆکارە مەوزوعییەکان بان، ئەو کاتە هەلی هەڵکەوتوو پەکی لەسەر پێگەیشتنی هۆکاری خۆیی نەدەکەوت و لەبار نەدەچوو. (٤)

ئەورۆوا دەمەدەم و گیانەڵڵای سەدەی بیستەمە، لە دووسێ پارچەی کوردستاندا، شۆڕشی چەکدارانە دژی دوو داگیرکەری هێزلێبڕاوی پشووسوار لەکڵپەدایە، دەیان پارت و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی لە ساحەکەدان، سەرپاکیان بانگاشەی کێشەیەکی نێوخۆیی دەکەن، نەك کێشەی میللەتێکی بیست و هێندە ملوێنیی بێبەریی لە هەموو مافێکی سەرەتایی. با سەرێك بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و بەیاننامەی ئەو حیزبانە و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیدا شۆڕکەینەوە، دەیان بانگ و بانگاشەی سەرکردەکانی ئەو حیزبانە دەدیترێن کە سەد و یەك پاکانە دەکەن تا بیسەلمێنن (جوداخواز) نیین. گەر مرۆ بە ویژدانەوە مەسەلەکە هەڵسەنگێنێت، بلاوکراوە جیهانییەکان بەڕێزترەوە لەمەسەلەکە دەڕوانن وەك حیزبە کوردی و ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناوچەکە. ئیدی چ مافێکمان دەکەوێت گلەیی لەوان بکەین؟ خۆمان لە ئاستی مەسەلەکەدا نیین، خۆمان لە خودگەردانیی زێترمان نەخواستووە. دروشم و پرۆگرامی

سەرپاکی حیزبەکان لە بانگاشەی کێشەیەکی نێوخۆیی تێناپەڕێنێت. دیارە ئامانجی هەمووشیان ، دوو کورسی وەزارەتە نەك فسکەفسکی هەرزەخەڵتێن.

ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنانەی کەوڵی خۆیان لە دەباخانەی ئەو ڕژێمانە قوتارکردووە و لە ئەشکەوتەکانی کوردستانیان قایمکردووە، لە کاتێکدا بە دە چاو بۆ واقواقییەك و کوێ و کوێییەك شیوەنیانە. ئەگەر زۆر پێشکەوتنخوازبن ئەوا (ڕاستەقینە) یەکیان لەکلکی ئێمە جەڕاندووە، ئیدی کەسیش نازانێت ئەو دەعبا ڕاستەقینە چییە.

بۆچی گوتمان پارتە کۆمۆنیستەکان دەورێکی ناتێگەیشتووانەیان هەبووە؟

١-بیری کۆمۆنیستیی یەکەم بیرێکە کە بەنێوی دۆستایەتییەوە دەستی تەسلیمبوونی بە کورد هەڵبڕیوە و بەند و باوی عێراقێتی و ئێرانێتی و سوریایەتی کوردی داهێناوە. ئەوەی چەندین ساڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی بەزۆر و گوشارخستنەسەر بۆیان نەسەپی، ئەمان بە خشکەیی بە نێوی دۆستایەتییەوە پیادەیان کرد و حیزبە بۆرژواکانی کوردیان پێ دەستەمۆ کرد. هەر لەسەرەتاوە کوردیان وەك کەمەنەتەوەیەك پێناسە دەکرد (٥) ، نەك وەك نەتەوەیەکی بەشخوراوی زۆرلێکراوی کوتکوتکراو. سیاسەتی (بانێکە و دوو هەوا)یان لەگەڵ کورد پەیڕەو دەکرد. هەرلەمێژە ئەو بەند و باوەیان داهێناوە کە گوایە جودابوونەوەی کورد، هێزی پرۆلیتاریای سەرنەجوقاوی عێراق، یا سوریا، یا کوێ و کوێ پەرتپەرت دەکات. کەچی لەتکردنی پرۆلیتاریای گلاراوی میللەتێکی وەك ئاڵەمان، یا کۆریا، یا ئەو کاتەی ڤێتنام، هیچ زیانێکی بۆ پەرەکانی پرۆلیتاریای جیهان نەبوو.

٢-هەرکات هەل و دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێت زێتر پشتگیریی و هاریکاریی هێز و حیزبە بۆرژواکانی ئەو دەوڵەتەداگیرکەرانەیان کردووە و هەمیشە بۆرژوای گەمژە و گێژ و وێژی کوردیان سەرکوێر و سەرکۆنە کردووە، وەکو بۆرژوای کورد بەهیوای چەوساندنەوەی ئەو میللەتانە بێت، نەك ئەوان بەردەوام خوێنی ڕەش و ڕووت و بۆرژوای کوردیش بمژن.

٣-بەو هەڵوێستانەیان و هەتا گەلەکجار بە هەڵوێستی دوژمنکارانەشیان بەرامبەر مەسەلەی کورد، بارێکی وایان نەخوڵقاندووە کەجەماوەری میللەتە سەردەستەکە پڕاوپڕ لەکێشەی کورد تێبگات و وەکو کێشەیەکی ڕەوا تێیبڕوانێت.

٤-بەردەوام دژی بیری ئازادیخوازانەی کورد وەستاونەوە و بەشۆڤێنیست و بەکرێگیراوی بێگانە و گومانلێکراو و ڕەگەزپەرست جوێنبارانیان کردووە. ئەوەتا هەتاکو ئێستاش (مافی چارەنووس) ێکی سادە و ڕەوان بەکورد ڕەوا نابینن. کە گوترا (مافی چارەنووس)، یانی دەبێت بڕیار بدەیتە دەست میللەتەکە خۆی و ئەو چارەنووسی خۆی دیاریکات. بەلاّم ئەمان نێوی (مافی چارەنووس) ی لێدەنێن و خۆیان پێشەکیش بڕیاردەدەن ئەو چارەنووسە چییە، زۆر ئاسان بە (ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە!) بۆمان پووچدەکەنەوە. ڕەنگە وەرامیان ئەوە بێت کە گوایە حیزبە کوردییەکان خۆیان لەوە زێتر ناخوازن! بەلاّم ئایا دەبێت (پارتی پێشرەوی چینی کرێکار) ڕێچکەشکێن بێت، یاخود دووکەوتووی بیر و ڕەفتاری بۆرژوایان.

با لێرەدا چەپکێك لە گوتەکانی لێنین بکەینە بەڵگەی چەوتیی ئەو هەڵوێستانە:

(لەسەر سۆسیالیستەکانی نەتەوە چەوسێنەرەکان پێویستە داوای مافی ئازادیی جودابوونەوەی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بکەن، دەنا بانگاشەی هاوسانیی مافی میللەتان و هاریکاریی کرێکاران، دەبێتە هەرا و هوریایەکی ساختە، دەبێتە ناپاکییەکی پەتی). (٦)

(هەر سۆسیالیستێکی نەتەوە چەوسێنەرەکە، لەکاتی شەڕ و ئاشتیدا، پڕوپاگەندە بۆ سەربەستیی جودابوونەوەی نەتەوە زۆرلێکراوەکە نەکات، ئەوا نە سۆسیالیستە نە ئومەمی، بەڵکە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستە). (٧)

(هەرکەسێك ئەو جۆرە ڕاپەڕینانە بە ئاژاوە نێوبەرێت، یا کۆنەپەرستێکی زۆر پیسە، یا خاوەن بیرێکی ووشکی ئەوتۆیە، کە توانای تێگەیشتنی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی نییە). (٨)

(ئێمە دەزانین و دەبینین و ڕۆژانە هەستدەکەین، کە ئینکارکردنی مافی جودابوونەوە، کلاوبازییەکی بێسنوورە و خزمەتی ڕاستەقینەی شۆڤێنیستەکانی نەتەوە چەوسێنەرەکە دەکات). (٩)

(هەر میللەتێك بەبڕیاری پادشایەك یا حوکومەتێك بە میللەتێکی دییەوە پەیوەستکرا، نەك بە خواستی ئازادانەی زۆربەی میللەتەکە خۆی، ئەوا ئەو میللەتەزۆرلێکراوە و پێبەندکراو. دژوەستاندنەوەی پێبەندکردن ئەوەیە کە هەر میللەتێك مافی ئەوەی بدرێتێ کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆخۆی دابمەزرێنێت). (١٠)

با بگەڕێینەوە سەر نووسینەکەی کاك فازڵ:

نووسەر زیرانە هەڵەی سەدجارەی کورد دەستنیشاندەکات و دەڵێت:

"هەتا کورد بۆی نەلواوە وەك کەمەنەتەوەیەکیش چارەسەرێك بۆ کێشەکەی پەیدابکات. هۆی ڕاستەقینەی ئەوەش هیواهەڵچنین و پشتبەستنی کورد بووە بەهێزە دەرەکییەکان. ئەمەش ڕێی ئەوەی بۆ هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان خۆشکردووە، کە بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان بازیی بەمەسەلەکە بکەن، وولاتانی داگیرکەریش وەك داردەستێك و بەکرێگیراوێکی بێگانە لەکورد بڕوانن."

بەپێویستی دەزانم لێرەدا دوو زیانی زەقی دیکەی ئەو پشت بەبێگانەبەستنە بخەمە سەر ڕاوبۆچوونەکانی کاك فازڵ:

١-ئەو پشت بەبێگانە بەستنە، وای لە کورد کردووە کە باوەڕی بە توانای خۆی نەمێنێت و هێزی لەبنەهاتووی ڕەش و ڕووتی میللەتەکە لەبیربکات و زێتر و زێتر پشت بە کۆمەکی بێگانە ببەستێت، کە گەلەکجار لێشاوی کۆمەکەکە، شۆڕشگێڕانی میللەتەکەی پەڵەخاندووە و لەکەڵکی خستوون، وەك لە شۆڕشی ئەیلولدا دیتمان.

٢-لەبەرامبەر ئەو کۆمەکانەدا، گەلەکجار کورد ناچاری ئەوە بووە شەڕی بەرژەوەندیی ئەو هێزانە بکات، نەك چارەنووسی خۆی.

سیاسەتی زلهێزانەی سۆڤیەت و

کێشە مەڵبەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

"ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت تادێـت، نـرخ و بایـەخی زێـتر لـە پێوەنـدیی و کێشمەکێشی هێزە زەبەلاحەکاندا پەیدا دەکات. نەوت وەکی ماددەیەکی خاوی ووزەدەری گەلـەك بـەنرخ، هەلکـەوتی ستراتیژییانەی ناوچەکە، هۆ گرنگەکانی ئـەو بایـەخ پەیداکردنـەن. بـەو هۆیـەوە ناوچـەکە لـەژێر گوشـارێکی تونـدی دەرەکیدایە، کە لە ململانێی زلهێزەکاندا خۆی بەدەردەخات. لـەژێر تینی ئـەو گوشـارەدا و بـەهۆی ئـەو تـەنگ و چـەڵەمانەی لـەو ناوچـە تێکـچڕژاوە ئـاینی و ئێتنی و نەتەوەییە جۆرجۆرانەدا، کە سالآنێکی زۆرە لە قولپدان و تاوسەندندان، پێدەچێت لە داهاتوویەکی نێزیکدا، کێشەکان چڕتر و ئالۆزتر بن.

لەنێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا، ناوچەکە پاوانی هێزە ڕۆژئاواییەکان بوو، پاش دووهەم جەنگی جیهانیی، بـوون و دەستەلاتی ڕۆژئـاوا ڕووی لـەکزیی و کەمیی کرد. شورەوییش وەك زلهێزێکی تازەپێداکەوتوو، هەوڵی دا، لە بەرامبەر ئـەمریکا و هێـزە ئەوروپاییەکانـدا جێپـێ و گوڕێـك پەیـداکات. ئـەو بـارە نێونەتەوەییـە نوێیـە و گەلـەك هۆکـاری دی و پەیـدابوونی هەنـدەك دەستەلاتی ناوچەیی، کلپەی گەلەك کێشەیان هەلایساند.

باری پاش دووهەم جـەنگ، ڕێـی هاتنـەنێووەیان بـۆ سـۆڤیەت خۆشکرد، تـا هەوڵی بنکە و پێگە پەیداکردن بدات. ئەم هۆکارانە بواری ئەو هاتنەنێووەیان ڕخساند:

١-گرژبـوون و گـەرمبوونی کێـشەی عـارەب و ئیـسرائیل، لـە ١٩٥٦ بـەدواوە ئیسرائیل ، لەلایەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە پشتگیریی تەواوی لێدەکرێت.

٢-سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی عارەبی، کە بەهۆی گەلەك هۆکاری مێژووییەوە، سەنگەری بەرامبەریان لە وولاتە ڕۆژئاواییەکان و وولاتانی هاوسەنگەریان گرتووە.

٣-ئەو کودەتایانەی لە پەنجاکاندا لە میسر و عێراق و سووریا ڕوویاندا.

٤-شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی جەزائیر و یەمەن و پاشانیش بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین.

لەحەفتاکاندا شوورەوی لەگەڵ شەش وولاتی ئەم ناوچەیەدا شەش پەیمانی دۆستایەتی و هاریکاریی مۆرکردووە، لە هەندێکیاندا بنکەی سوپاییشی دراوەتێ. لەم سالانەی دواییدا هەمدیسان برێك لەو پایگایانەی لەدەست دایەوە.

مەسەلە بەلای سۆڤیەتەوە تەنها، بوونی لە ناوچەکەدا و پەیوەندی بەستنی لەگەڵ ئەو وولاتانەدا نییە، بەڵکە مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆشیەتی.

بەهەرحاڵ شوورەوی چەند ئامانجێکی دیاریکراوی پێشچاوگرتووە:

بۆ زلهێزێکی دەستەلات و پاوانخوازی وەکی شوورەوی، ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست چ لەڕووی سوپایی و چ لەڕووی ستراتیژییەوە، هێجگار گرنگ و پڕبایەخە. دەستبەسەرداگرتنی ڕێگەی هامشۆی زەریایی و بەندەرەکان و دامەزراندنی بنکە بۆ هێزە زەریاییەکانی، شادەماری ئامانجە سوپاییەکانێتی. جگەلەوە ئەم ناوچەیە دەروازەی لەسەرخوارووی ئەورووپا و سەرووی ئەفریقا و باشووری ئاسیایە.

٢-دەستگرتن بەسەر نەوت و غازی ناوچەکەدا، جگەلەوەی چکبڕکردنی هێزی ووزەی ئەوروپای ڕۆژئاوایە، ڕەگی ژیانی خۆی و مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی وولاتانی (کۆمیکۆن) و هێشتنەوەیانە لە بازنەی دەستەلاتی خۆیدا.

٣-ئالوگۆڕی بازرگانیی و ئاڵ وویل لەگەڵ ئەو وولاتانەدا، تا لەو ڕێگەیەوە لە جوغزی دەستەلاتی ئەوروپای ڕۆژئاوایان دەربکێشێت.

٤-فرۆشتنی چەك و تەقەمەنی بەو وولاتانە، کە لەلایەکەوە بەرەوڕەوەی سۆڤیەتییانەوە دەبەستێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە گەورەترین دەستکەوتی ماددی و سوودی لێوەردەگرێت.

٥-لەڕێگەی خاڵەکانی ٣ و ٤ و کۆمەك و پەیمانە کولتوریی و ئابوورییەکان و چالاکیی پارتە کۆمۆنیستەکان و ئامرازە پڕوپاگەندەییەکانی دیکەی سۆڤیەتەوە، بەرنامەیەکی کولتووریی درێژخایان نەخشەکێشدەکرێت، کە کاریگەرێتی و تین و تاوی لەسەر چەند وەچەیەك لە خوێندکار و زانا و لێکۆڵەرەوەکان بەردەوام دەبێت.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، ئەم ئامرازانە بەکاردەهێنێت:

١-قۆستنەوەی هەلی ڕەخساوی کینە و ڕق لە ئەمریکا و وولاتە ڕۆژئاواییەکان، کە بەهۆی ساڵانێکی دوور و درێژی دەستەلاتی کۆلۆنیالیستانەیانەوە لە ناوچەکەدا و هەڵتۆقینی ئیسرائیلەوە، هاتۆتەگۆڕێ. بۆیە بە ناچاری پێویستیان بە هاوکاریی شوورەوی هەیە، هەرچەندە هەندێکیان وولاتانی ئەنتیکۆمۆنیستیشن.

٢-قۆستنەوەی کێشە ناوچەییەکان، کە لەم ساڵانەی دواییدا، چ لەڕووی سیاسی و چ لەڕووی سوپاییەوە لەبرەو دان و گەلەکجار ڕاکێشانی سۆڤیەت دەڕەخسێنن. وەك کێشەی عێراق-ئێران، عێراق- سوریا، یەمەنی سەروو- یەمەنی خواروو، جەزائیر- مەراکیش، صۆمال- ئەتیوپیا، لیبیا- تشاد، لیبیا- سودان، بڕێکن لەوانە. هەندەجارێك سۆڤیەت پەیوەندیی لەگەڵ هەردوولادا دەبەستێت، بۆنموونە وەك لەکێشەی سوریا و عێراقدا.

٣-پشتگیریکردنی پارتە کۆمۆنیستەکان ولەم دواییەدا زۆر ڕێکخراو و بزووتنەوەی ناکۆمۆنیستیش، تا گوشار بخاتە سەر ئەو وولاتانە و لە ململانێی زلهێزەکانیشدا، داشی زێتر بەدەستەوە بگرێت.

ئەو پارتە کۆمۆنیستانە هەندەجارێك وەك هێزێکی گوشارخەرەسەر و زۆربۆهێنەر، برەجارێکیش وەك هێزێکی پشتیوانیکەر و هاوکاریکەر، لەو وولاتانەدا ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

٤-خاوکردنەوەی ڕەوتی تیژڕەوی ناسیۆنالیستانەی پارتە دەستەلاتدارەکانی ئەو وولاتانە و خستنەسەر ڕێچکەیەکی ڕادیکالانە، وەکو ئەو هەوڵە بێ سەرئەنجامانەی لە شێستەکاندا لە میسر و عێراق و جەزائیر بەخەرجیاندا، پاشانیش لە حەفتاکاندا لەیەمەنی خواروو.

٥-لەڕێگەی شالاو و هەڕەشەوە، بۆنموونە وەك لە ئەفغانستاندا. یاخود بە گوشاری سوپایی ناڕاستەوخۆ، کە لەڕێگەی هاوکارەکانییەوە دەخرێتە سەر وولاتانی دی، وەك لە کێشەی ئەتیوپیا و صۆمال دا، یاخود لە شالاوی یەمەنی خواروو بۆسەر سەروو دا.

٦-بەستنی پەیمانی هاوکاریی و دۆستایەتی، کە سوودی ئابووری و کولتووریی چاك بۆ سۆڤیەت مسۆگەر دەکات و هەندەجارێك بنکەی سوپاییشی بۆ فەراهەم دەکات. وەك ١٩٧٠ لەگەڵ میسردا، ١٩٧٢ لەگەڵ عێراقدا، لەگەڵ ئەتیوپیا و ئەفغانستان و سوریادا".

پاشان نووسەر لە ل٦٥ دا دەنووسێت:

"لە ململانێی سۆڤیەتی تازەدامەزراوی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەریتانیای مەزن و هێزە ڕۆژئاواییەکانی دیکەدا، مەسەلەی کورد هەمیشە هۆ و ئامرازی کێشە و تێکگیربوونیان بووە. سۆڤیەت بەگومانەوە لەخەباتی ئازادیخوازانەی کوردی ڕوانیوە و بەبازییەکی ئیمپریالیزمی تێگەییوە، تا بتوانن لە قوڵی باشوورەوە شوورەوی گەمارۆ بدەن. بەو شێوەیەش هێزەکانی ڕۆژئاوا، پاش دووهەم جەنگی جیهانیی، خەباتی ئازادیخوازانەی کوردیان بە هەوڵ و تەقەلایەکی شوورەوی زانیوە، تا لەو ڕێگەیەوەجەمسەری پردێك بەرەو کەنداو درێژکات".

لەبەر ئەوەی ئەم بانگاشە و هەڵوێستەی سۆڤیەت بێبنچینەیە، ناچارم کەمێك هەڵیشێلم و ڕای خۆم لەو بارەوە ڕوونکەمەوە. بەشیکردنەوەیەکی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە، ئەگەر تەواو تەواو ئەم بانگاشەیە پووچ نەکاتەوە، ئەوا دەیخاتە بەر ڕێژنەی گومانەوە، بەم هۆیانەی خوارەوە:

١-پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، شوورەوی خۆی بەندەکانی پیلانی سایکس-بیکۆی لەقاو دا، کە هێزە ڕۆژئاواییە زەبەلاحەکانی ئەوکاتە (ئینگلتەرە و فەرەنسا) لەمێژ بوو نەخشە و پلانی بەشکردنی کەلاکی پیاوە پەککەوتەکەیان

کێشابوو. لەو نەخشە و پلانەدا، نەك هیچ مافێکی کورد وەبەرچاو نەگیرابوو، بەڵکە وولاتەکەشیان وەك میراتی وەجاخکوێران بەسەر چەند دەوڵەتێکی تازە هەڵتۆقیوی دەسندەخۆری خۆیاندا بەخشیبووەوە.

٢-شووورەوییەك، وەکو نووسەر خۆی لەچەند جێگەیەکدا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە، ئەو میراتە هێجگار دەوڵەمەندەی کوردۆلۆژیی لەتەزارەکانەوە بۆمابێتەوە و پێوەندیی و ناسیاریی کورد و ڕووس هێندە مێژینە بێت و خۆیان باری کورد لەو بارو دۆخەدا کەساڵانێکی دوورو درێژ گێنگڵی تێدا داوە و لەپێناوی ئازادییدا باجی خوێنی داوە، وا لە نێزیکەوە بناسن، بایی هێندە ناکات بەگومانەوە تێیبڕوانن، ئەگەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان بڕوا و بڕیاریان پێوەرنەچەرخێنێت.

٣-هەر لەسەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە هەتا سەرەتای سییەکانیش، چ لە کوردوستانی خواروو، چ لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت و چ لە کوردستانی ژووروو، زنجیرەیەك شۆڕشی ئازادیخوازانەی کورد بەریا بوون، کە بە کۆمەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو هێزە ئیمپریالیزمانە سەرکوتکراون. گەر ئینگلیز پێویستی بەو بازییە با، کەسێکی وەك شێخ مەحمودی دەکردە مەلیکی عێراق، نەك فەیسەلێکی لەدەرەوە خوازراو. یاخود لانی کەم دەیکردە مەلیکی کوردستانی خواروو، تا بازییەکەی لەگەرمبوون و بەردەوامییدا بێت. ١٣-١٤ ساڵی ڕەبەق شێخی مەزن دژی ئینگلیز و بەکرێگیراوەکانی جەنگا و ئەوانیش دژی کورد. شێخ مەحمود هانای بۆ لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر برد. لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت سمکۆی قارەمان بەدەستی ڕەزا خانی دەسندەخۆری

ئینگلیز شەهیدکرا و شۆڕشەکەی خامۆشکرا. ئێرانی دەسندەخۆری ئینگلیز سنووری بۆ ژەندرمەی تورك ئاواڵە کرد، تا پشت لە شۆڕشگێڕانی ئاگریداغ بگرن. فەرەنسییەکان ڕێگەی شەمەندەفەری حەلەبیان بۆ ئۆردووی تورك فەراهەمکرد، تا بتوانن خێرا ئابلوقەی کورد بدەن و سەرکوتی کەن.

٤-بۆ دەبێت شوورەوی ترس و دڵەڕاوکەی لەکوردستانێکی هێشتا دانەمەزراو هەبێت، کە گوایە ببێتە داشەهارەی دەستی ڕۆژئاوا، کەچی هیچ ترس و باکێکی لە ئێرانێکی تازەدامەزراوی بەکرێگیراوی ئینگلیز نەبێت، (١١) کە درێژایی ٢٥٠٠ کم سنووری خوارووی لەگەڵیدا هاوبەشە و پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ ڕەزاخان دا مۆرکات ؟

٥-بۆ شوورەوی ئەو گومان و دردۆنگییەی لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەن نەبوو، کە ڕۆژئاواییەکان وەکو شوورەوی و پتریش پشتگیرییان لێدەکرد و خەریکبوو کوردستانی ژووروویش لەبۆتەیدا بتوێننەوە؟

ئێدی داخۆ ئەم ڕووداو و واقیعە لەچاوچەقیوانە، بەشی هێندە دەکەن کە سیاسەتمەدارانی ئەوکاتەی شوورەوی لەسەر بەندی خەیاڵ بژێن و بڕیاری ئاوها هەرزانە و ساکارانە بدەن؟

بەبڕوای من مەسەلە جۆرێکی دییە و ئەو هەڵوێستانە بە وریایی و ئاگایانە و بەپێی پێویستیی ڕۆژ و پلانی سیاسی و بەرژەوەندیی نێونەتەوەییانەی دەوڵەتێکی تازەپێداکەوتووی کۆمۆنیستیی وەبەرگیراون. ئەو کاتە سەبارەت بە مەسەلەی کورد، دوو موعادەلە لەبەردەم دەوڵەتی شوورەوییدا بوون:

١-میللەتێکی بێ دەوڵەتی چەوساوەی لێکداپچڕاوی پارچەپارچەکراو، کە لەپێناوی ئازادییدا دەستەویەخە لەگەڵ داگیرکەرانیدا وەستاوەتەوە و لەجەنگێکی چارەنووس نادیاردایە. گەر بەپێی بانگاشە و فەرموودەی دەقی نێو کتێبە سوورە ئەستوورەکان بێت، دەبێت شوورەوی پشت و پەنای گەلانی زۆرلێکراو، تا دواپلەی سەرکەوتن پشتیوانیی لێبکات، چونکە میللەتێکە نەك هەرلەبەر لووتیدایە، بەڵکە پارچەیەکیش لەخاکەکەی لەچوارچێوەی دەوڵەتەکەیان گیراوە. کە نایکات و بەرژەوەندییەکانی وا پێویست دەکات هەڵوێستێکی پێچەوانە لە بانگاشەکانی وەبەربگرێت، ناچارە بەڵگە و پۆزشی دەمکوتکەر بهێنێتەوە، تا ویژدانی خۆی پێ سڕکات و دەمی پرسیاریشی پێ کپکات. بۆیە بەند و باوی گومان و دردۆنگیی دەکرێتە بیانوو.

٢-چەند دەوڵەتێك کە لەسەر ئاستی نێونەتەوەییانە دانیانپێدانراوە و سنووریان چەسپاوە، پەیوەندیی دیبلۆماسیی لەگەڵ هەموویاندا و دۆستانە لەگەڵ هەندێکیاندا گەیشتۆتە تەرزفرێدان و بەردان. ئەوەبوو لە ١٩٢١/٢/٢٢ دا پەیمانی دۆستانە لەگەڵ ڕەزاخان دا مۆرکرا (١٢)، لە ١٩٢١/٣/١٦ یشدا لەگەڵ ئەتاتورك دا (١٣)، کە ئەو سەردەمە پارتێکی کۆمۆنیستی ساختەی لە تورکیادا بە تۆرانییەکی وەك حەقی بەهیج (١٤) دامەزراندبوو، تا کاری خۆی لای شوورەوی پێ مەیسەرکات، چونکە لەگەڵ ئینگلیزدا لە کێشمەکێشی بەلاداخستنی کێشەی ویلایەتی موسڵ دا بوو، دوڕاوی پاش جەنگ و پێویستی بە پشتگیریکەرێکی بەدەر لە هاوپەیمانان هەبوو.

ئەو پشتگیریکەرە سۆڤیەتە، دەوڵەتێکە کە پێش کۆتایی جەنگ، خۆی لەڕیزی هاوپەیمانان کێشاوەتەوە و پیلانەکانی لە قاوداون. خۆشی سەد و یەك كێشە و گرفتی نێوخۆی هەیە و لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستەکاندا لە ململانێدایە. لەژێر تین و تاوی ئەو پەیوەندییە دۆستایەتییانەدا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیای کۆمۆنیست، ناچارن ئاوها ڕەفتار بکەن. قەوانەشڕەی ئەتاتورکیان لێدەدایەوە و کوردیان بە داردەست و بەکرێگیراوی ئینگلیز و ڕۆژئاوا لەکەدار دەکرد، لەحاڵەتێکدا کە وێلسنی سەرەکوەزیرانی ئینگلتەرەش کورد بە (خەتەری هەمیشەیی میسۆپۆتامیا) نێودەبات، وەك نووسەر لە شوێنێکی دیکەی ئەم باسەدا، لە پەراوێزی ژمارە ٨٦ ی لاپەڕە ١٣٩ دا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە.

پاش گەشتێکی چڕ و پڕ بە سەرجەم سیاسەتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتدا، نووسەر پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە چۆن شوورەوی لەسەرەتادا، یانی ساڵی ١٩٤٨ پشتگیریی تەواوتەواوی لەدامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کرد، بەڵام ئەوە بەزیانی شکایەوە، چونکە ئیسرائیل بووە پێگەیەکی ڕۆژئاوا و شوورەویش دوژمنایەتی عارەبی پێبڕا.

ئەوجا باسی سەرەتای هاتنە نێوەوەی سۆڤیەت بۆ ناوچەکە دەکات لەسەردەمی ناصردا. یەکەم نیشانەی ئەو دیاردەیە، بە پەیماننامەکەی سێپتەمبەری ١٩٥٥ ی نێوان چیکۆسلۆڤاکیا و میسر دیاریدەکات، کە بەپێی ئەو پەیمانە چیکۆسلۆڤاکیا چەك بە میسر دەفرۆشێت. دوایش پشتگیریی

سـۆڤیەت لـە میسر، لەشـەڕی کـەناڵی سوێـسی ١٩٥٦ دا، کـە دەروازەی سەردەمێکی نوێی بۆ شوورەوی ئاواڵە کرد.

لەگـەڵ هاتنـە نێـوەوەی سـۆڤیەت بـۆ ناوچـەکە لەسـەردەمی ناصـر دا، بـۆ فەراهەمکردنی دەرفەتێکی چێترو جێپێ قایمکردنی زێتر، شوورەوی ناچار بوو بیرو ئیدیۆلۆژیی خۆی سەبارەت بە بیری ناسیۆنالیزم ڕاستکاتەوە.

سۆڤیەت لـە سـەردەمی سـتالین دا، هەڵوێـستێکی ڕەق و ناتێگەیـشتووانەی بەرامبەر ناسـیۆنالیزمی عـارەبی بەتایبـەت و ناسـیۆنالیزم بەگـشتیی هـەبوو. تـەنها بەبـەدگومانیی ئـەوە کـە گوایـە لـەنێو ناسـیۆنالیزمە عارەبەکانـدا، موسـوڵمانی تیـژڕەویان تێدایـە، تیۆریـستەکانی سـۆڤیەت، ناسـیۆنالیزمی عارەبیان بە کۆنەپەرست لەقەڵەم دەدا.

کێـشەیەکی دیکـەی ئیـدیۆلۆژیی ئـەوە بـوو داخـۆ عـارەب یـەك نەتـەوە پێکدەهێنن؟ لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی ستالین دا، تیۆریستەکانی سۆڤیەت دەربـارەی (گـەلانی) عـارەب دەدوان، بـەلام خۆیـان لەقـەرەی یـەك نەتـەوەی عـارەب نـەدەدا. ئەمـە ڕێگـەی لـە تیۆریـستەکانی سـۆڤیەت دەبەسـتەوە، دان بەنەتەوەییـەکانی عارەبـدا بنـێن، کـە ئامـانجی سـەرەکییان یەکێتییـەکی سـەراپایی عـارەب بـوو. بـەو پێیـە کۆمۆنیـستە ناوچـەییەکانیش لەسـەرەتای سـەرهەڵدان و گورپەیـداکردنی بیری ناسـیۆنالیزمی عارەبیـدا، ئـەو بیرەیـان بـە کۆنەپەرست لەقەڵەم دەدا.

بەپێی بیرو بۆچوونی ستالین، ناسیۆنالیزم (نیشانە و سەرەتای سەرەتاتکێ و هاتنەکایەی توێـژی بۆرژوایـە، کـە تـازە قۆنـاغی فیـۆدالیزمی بەجێهێـشتووە).

تێڕوانینی سۆڤیەت و کۆمۆنیستانی عارەب، لەم بیرو بۆچوونەی تێنەپەڕاندبوو. هەرچەندە خرۆشۆف هەوڵێکی زۆری دا پۆزش و بیانوو بۆ هاوکاریی لەگەڵ هێزە ناکۆمۆنیستەکاندا داتاشێت، بەڵام بێهوودە بوو.

لەسەرەتای ١٩٥٨ دا، کاتی پێکهاتنی یەکێتییەکەی نێوان میسر و سوریا، نە سۆڤیەت و نە کۆمۆنیستانی ناوچەکە پشتگیرییان لێنەکرد.

پاش کودەتاکەی ١٩٥٨ ی عێراقیش، هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان و قاسمیش بەرامبەر یەکێتی عارەب، هەڵوێستێکی دژانە بوو. کاتی کودەتا خوێناوییەکەی ناصرییەکان لەعێراقدا (١٥)، کۆمۆنیستانی عێراق و سوریا و میسر دەنگی ناڕەزاییان لێهەستا، هەتا خرۆشۆف نامەیەکیشی بۆ ناصر نارد و داوای لێکرد کە زۆر لە عیراق نەکات بۆ چوونە ئەو یەکێتییەوە.

لە ١٩٦٣ دا حیزبە کۆمۆنیستە ڕەدووکەوتووەکانی سۆڤیەت، لە پراگ کۆنگرەیەکیان سازکرد و لەوکۆنگرەیەدا دانیان بەوەدا نا کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میللەتان گەر بەسەرکردایەتی کۆمۆنیستەکانیش نەبێت، دەشێت دار و دەستەی سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازیان تێدابێت.

سەرەتای ١٩٦٤ ، لە کۆنگرەیەکی ئابووریی نێونەتەوەییدا، ڕوخساری تیۆرییەکی نوێ کێشرا و نێوی (ڕێبازی ناکاپیتالیستانەی جیهانی سێهەم) ی لێنرا. دانیش بە هێزە سۆسیالیستە ناوچەییەکاندا، وەکو هێزێکی پێشکەوتنخوازی نێزیك بە بیری مارکسیزم- لێنینیزم دا نرا. پارتە کۆمۆنیستەکانیش ناچارکران، بەو تیۆرییە ڕازیبن. ئەمە بووە هۆی

سەرهەڵدانی لێکترازان و کەوتنەوەی دووبەرەکیی لەڕیزی زۆر لە پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکەدا.

پارتە کۆمۆنیستە عارەبەکان بەم "داهێنانە" نوێیە ڕازیبوون و دانیان بە سۆسیالیزمی عارەبییدا نا و هەتا بڕێکیان هەندەك لەڕێکخراوەکانی خۆشیان تێکەڵی پارتە ناسیۆنالیستە عارەبەکان کرد. سۆڤیەت بەمە ئیدیۆلۆژییەکی نوێی هێنایەکایەوە و وای دەردەبڕی کەلە هەندێك وولاتدا دەبێت نێزیکترین هێز لە پرۆلیتاریای گەشەنەکردووی ئەو وولاتانەوە، جڵەوی ئەرکە مێژووییەکە بگرێتەدەست.

١٩٦٤، پارتی کۆمۆنیستی میسر خۆی هەڵوەشاندەوە تا لە سۆسیالیزمی ناصرییدا بتوێتەوە. پارتی کۆمۆنیستی جەزائیریش هەمان شەقاوی هەڵنا. سۆڤیەتێك کە تا سەرەتای شێستەکان دژی پەیوەستیی عێراق بوو بە یەکێتی سوریا و میسرەوە، ئەوجا هەوڵی سازکردنی یەکێتی نێوان میسر و عێراقی دەدا.

کۆمۆنیستە عێراقییەکان، خۆماڵیکردنی هەندە دەستگایەکیان لەلایەن عارفەوە، بە هەنگاوێکی هێجگار پێشکەوتنخوازانە نێودەبرد. (١٦)

ئەوجا سۆڤیەت ناچاری پینەوپەڕۆی دەلاقەی بیروبۆچوونیان بوو سەبارەت بە سوپا، چونکە پێشان ڕایان وابوو کە سوپا ئامرازی چینی دەستەلاتدارە، ئێستاکەش زۆری هاوپەیوەندەکانیان ڕژێمی میلیتاریست بوون، کە لەڕێگەی کودەتاوە جڵەوی فەرمانڕەواییان وەدەستکەوتبوو. تیۆریستە سۆڤیەتییەکان ناچار قالبی تیۆرییەکی نوێیان داڕشت. گوایە سوپاش هەمووجۆرە چین و

توێژاڵێکی تێدایە و هەندە گروپێکیان دەتوانن هەنگاوی پێشکەوتنخوازانە بنێن و برە گۆڕانکارییەکی ڕادیکالانەی کۆمەڵایەتیش بسازێنن.

لەوەش زێتر هەنگاو هەڵنراو و ڕادەگەیەندرا کە گوایە پارتە ناسیۆنالیستەکان تەنها نوێنەری چینی بۆرژوا نین، بەڵکە نوێنەری جوتکار و هەتا ڕادەیەك نوێنەری چینی کرێکاریشن.

ئەم تیۆری و ڕاوبۆچوونە نوێیانەی سۆڤیەت بەرامبەر ناسیۆنالیزم و هێزە مێلیتاریستەکانی جیهانی سێهەم، دەتوانرێت بە بنج و بناوانی سیاسەتی زلهێزانەی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا دەستنیشان بکرێت.

ئەمانە بوونە ڕێگەخۆشکەر بۆ هاریکاریکردنی سۆڤیەت لەگەڵ بەعسی ناسیۆنالیزم لە سوریا و عێراقدا و پاشانیش لکانی پارتەکۆمۆنیستەکانی هەردوو وولاتەکە بەو ڕژێمانەوە."

کوردو
ڕووسیای تەزاریی

"میراتیی روسیای تەزاریی، کاریگەرێتییەکی زۆری لەسەر سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر کورد و کەمەنەتەوەییەکانی دیکەی ڕۆژهەلاّت هەیە. ئامانجی سیاسی ڕوسیای تەزاریی و ڕوسیای سۆڤیەتی، لەگەلّ جوداوازییە ئیدیۆلۆژییەکاندا، هەندە لێکچوونێکیشیان هەیە. دوو هۆکاری گرنگسیاسەتی ڕۆژهەلاّتی تەزارەکانیان بەکێش دەکرد:

١-پێویستییەکی ستراتیژیانە، کە گەیشتنە زەریا گەرمەکان بوو، کوردستان پردێك بوو لە نێوان روسیا و ئەو زەریایانەدا. لە ململانێی سەدەکانی ١٨ و ١٩ ی زلهێزەکانی ئەو سەردەمەدا، ئەورووپاییەکان هەولّیاندەدا جێپێی خۆیان لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانییدا بکەنەوە. ڕوسیاش هەولّیدەدا مەیلی کەمەنەتەوەییەکانی ئەو ئیمپراتۆرێتە بەلای خۆیدا ڕاکێشێت.

٢-لەسەدەکانی ١٨ و ١٩ دا، ڕوسیا چەند جارێك دژی دەولّەتی عوسمانی و ئێران جەنگا و بەشێکی ئەو وولاّتانەی داگیرکرد. لەو ڕێگەیەوە بەشێکیش لە کوردستان کەوتە ژێر دەستیانەوە، کە ماوەیەکی دوورو درێژ مەیدان و پێخوستی شەڕی ڕووسیا و دراوسێکانی بوو. ڕوسیاش باری نارەزایی کورد و کەمەنەتەوەییەکانی دیکەی ئەو ناوچانەی دەقۆستەوە و هەولّیدەدا بیانکاتە دۆستی خۆی. ئەمە هەمان سیاسەتە کە ئەوڕۆ سۆڤیەت لە وولاّتانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا وەبەری دەگرێت."

ئەوجا نووسەر بە دوورو درێژی باسی پەیوەندییەکانی کورد و ڕووسیای تەزاریی دەکات، پاشان دەنووسێت:

"زیاد لە سەد ساڵ هێزە ئیمپریالیستەکان لە هەوڵی جێپێکردنەوەدا بوون لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا، کە کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی دوایپێهێنا. ئینگلتەرە و فەرەنسا بەبەشێکی زۆر لە ئامانج و مەرامەکانی خۆیان گەیشتن.ڕوسیاش کە لەسەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دەورێکی زۆری لەو تێکبەربوونەدا دیتبوو، دەستکەوتی زۆری بۆخۆی مسۆگەر کردبوو، بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کۆتایی پێهات. سەرکردەکانی کورد کە هیوای زۆریان لەسەر ڕوسیا هەڵچنی بوو، تووشی نائومێدی بوون. کەمێك پێش یەکەم جەنگ و لەکاتی جەنگیشدا، ڕوسیایان بە نێزیکترین دۆست دەزانی. هەموو ئەو هەولانەی بۆ زامنکردنی دۆستایەتی ڕوسیا دران، بەهەدەرچوون. لەو پەیمانە نهێنییانەش بێئاگابوون کە پاشەڕۆژیانی براندبووەوە. بەلام ئەو پێشهاتانە دەروازەی پەیوەندیی کورد و ڕوسیایان بۆ هێجگاریی سەرکلۆم نەکرد. لەلایەکەوە دەولەتی نوێی ڕوسیا ، پەیمانە نهێنییەکانی لەقاودا و خۆی لەبەرپرسیارێتی کێشا[illegible]وە، لەلایەکی دیەوە بەکۆتایی جەنگەکە کورد کێشەی زێتری بۆ هاتەکایەوە، بۆیە بەناچاریی بەدووی دۆست و هاوپەیمانێکی دیکەی زلهێزدا وێڵ بوو.

دەستکەوتی سەدساڵ جەنگو کێشمەکێشی نێوان ڕوسیای تەزاری و هاوسێکانی و زلهێزەکان، ئەم میراتییانە بوون کە بۆ ڕوسیای سۆڤیەتی بەجێمان:

١-وەك ئاکامێکی جەنگەکانی سەدەی نۆزدەهەم، ڕوسیا توانی بەشێك لە خاکی کوردستان داگیربکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، هەرچەندە پاشان

ڕوسیای سۆڤیەتی بەشێکی ئەو ناوچانەی بە تورکیا دایەوە، بەلاّم بەشێکی هەر لەژێر دەستی خۆیدا هێشتەوە و ئەوە ئەو بەشەی کوردستانە کە ئەوڕۆ کوردی سۆڤیەتی لێدەژین.

٢-لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی کورد لەسەدەکانی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیەدا، هەنگاوی زۆری بۆ هەڵنرا و پێشکەوتنی چاکی بەخۆوە دیت، ئەمە بووە بنەچەیەك بۆلێکۆڵینەوەی کوردەوانی لە سۆڤیەتدا و گرنگترین ئامرازی پەیوەندیی نێوان کوردەکانی سۆڤیەت و کوردی وولاّتانی دی.

٣-ڕوسیا لەو سەردەمانەدا، پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ هەندە خانەوادەیەکی خانەدان و دەستڕۆیشتووی کورددا بەست، وەچەکانی ئەو خانەوادانە زۆرجار بۆ ڕوسیای سۆڤیەتییش بەئەمەك مانەوە.

کوردو

سەردەمی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر

هەرچەندە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاریگەرێتییەکی زۆری لەسەر مەسەلەی کورد هەبوو، بەلاّم مەیلی سۆڤیەت لەم سەردەمەدا لەجاران کەمتر بوو، یاخود تارادەیەك هەلّوێستێکی نەرێتیشیان بەرامبەر خەباتی کورد لەپێناوی سەربەخۆییدا ، هەبوو.

هۆکانی ئەو هەلّوێستەنەرێتییە ئەمانە بوون:

١-ڕژێمی بۆلشەفیك هەتا ١٩٢٠ یش بەزەحمەت دەیتوانی دەستەلاّت و حوکمی خۆی بەسەر ڕوسیای سۆڤیەتیدا بەرقەرارکات. شەڕی نێوخۆی مەنشەفیك و دوژمنەکانی دیکەی بۆلشەفیك، نەیاندەهێشت دەستەلاّتی سۆڤیەت بگاتە سنوورەکانی باشووری. مەسەلەی گرنگ بەلای سۆڤیەتەوە لەو کاتانەدا بەرقەرارکردنی دەستەلاّت و پاراستنی سنوورەکانی باشووری بوو. بۆیە سۆڤیەت دەیەویست بەهەر نرخێك بێت پەیوەندیی ڕەسمیی و نارەسمیی لەگەلّ هاوسێکانی خواروویدا ببەستێت.

٢-ڕوسیای تەزاریی، ژمارەیەکی زۆر لە میللەتان و کەمەنەتەوەیی ئێتنی و ئاینیی لە خۆیدا کۆکردبووەوە. سۆڤیەتی نوێ ناچاربوو لەو میراتەی تەزارەکان، یەکێتییەکی فرەنەتەوەیی بسازێنێت، کە گشت میللەتانی بگرێتەخۆ، نەك دەولّەتێکی نیشتمانیی یەکپارچەیی. لەو ڕێگەیەوە مەسەلەی میللەتان و مافی سەربەخۆییان، بووە کرۆکی بیر و ئامانجی سیاسی ئەو دەولّەتە و ڕێخۆشکەری بانگاشە و پڕوپاگەندەی سۆڤیەت لە دەرەوەدا. تایبەت لەئاسیادا، ئەو پڕوپاگەندانە کاریگەرێتییەکی زۆری لەسەر ئەو دەولّەتە فرەنەتەوەییە هاوسێیانەی سۆڤیەت هەبوو کە بەدەست بەلاّی ئەو تەنگ و

چەڵەمانەوە دەیاننالاند. مەسەلەکە بەتایبەت بۆ ئەو کەمە نەتەوەییانە گرنگ بوو، کەبەسەر ڕوسیا و ئەو وولاّتانەدا بەخشرابوونەوە، وەکو ئەرمەن و ئازەرو تورکەمەن و هەتا بەشێکیش لە کورد.

ئا لەو دەمکاتەدا سنووری نێودەولەتیی ئەو وولاّتانە تەواو نەچەسپی بوو. دان بەیەکدیدانانی دیپلۆماسییانەی هەردوو دەوڵەتی نوێی سۆڤیەت و تورکیا هێشتا لەبەردەم بڕیاردا بوو. بۆیە سیاسەتی سۆڤیەت هێشتا نەچەسپیو و نەمەییو بوو.

٣-خۆکێشانەوەی ڕوسیای سۆڤیەتیی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە پەیمانی سایکس بیکۆ و سەرقاڵیی بەشەڕی نێوخۆوە، نەك تەنها ڕێگەی ئەوەی بۆ ئینگلتەرە و فەرەنسا خۆشکرد کە ببنە یەکە ئاغای ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و نێزیك، بەڵکە بارێکی واشی بۆ ڕەخساندن کە لەو ناوچەیەوەوە، تایبەت لە ئێرانەوە، دەوڵەتی نوێی بەلشەفیك بخەنە بەر شالاّوی هەڕەشەوە و کۆمەك بە دوژمنانی بکەن.

٤-هەروەك سەردەمی کۆتایی و گیانەڵڵای ڕژێمی تەزاریی، مەسەلەی ئەرمەن بەلای دەستەلاّتی نوێی سۆڤیەتەوە، بایەخ و گرنگییەکی زێتری هەبوو لەمەسەلەی کورد. ڕەنگە مەسەلە ئاینییەکە لێرەدا و ئەو بەشە زۆر و فراوانەی ئەرمینیا لە سۆڤیەتدا، کایەیەکی زۆریان گێڕابێت. لەو کێشمەکێشەی خەباتی نیشتمانیی کورد و ئەرمەندا، سۆڤیەت زێتر پشتگیریی لەمەسەلەی ئەرمەن دەکرد و هەڵوێستێکی خراپی بەرامبەر مەسەلەی کورد هەبوو[!].

ئەوەی لێرەدا من بە پێویستی دەزانم پەنجەی بۆ ڕابکێشم، ئەوەیە کە ئەو هەڵوێستەی سۆڤیەت بەرامبەر کورد لە ١٩٤٦ یشدا تاڕادەیەك ڕەنگیدایەوە و دووبارەبووەوە، بێئەوەی مەسەلە ئاینییەکەش هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەبووبێت. ئەو کاتەش سۆڤیەت زێتر و بەرچاوتر پشتگیریی ماددی و مەعنەوی لە کۆماری ئازربایجان دەکرد وەك لە کۆماری کوردستان. هەوڵی زۆریش درا کەمەسەلەی کورد لە قەپیلکێکی تەسك بترێنجێندرێت و وەك بەشێك و پاشکۆیەکی مەسەلەی ئازربایجان حسێبی بۆ بکرێت و پابەندی ئەوکرێت. هەتا لەو بیرخەرەوەیەدا کە شوورەوی بە قەوام سەڵتەنەی دا و پاشانیش لەسەری ڕێککەوتن، لەخاڵی دووهەمدا تەنها باسی مەسەلەی ئازربایجان کرابوو، نەك کورد، کە دەڵێت: (دەربارەی مەسەلەی ئازربایجانی ئێران، کە کێشەیەکی نێوخۆییە و بە خودی ئێرانەوە پەیوەندییدارە، ئێمە پێشنیازی چارەسەرسازیی کۆمەلایەتی و ئابووری و کولتووری دەکەین). (١٧)

پاشان نووسەر گەشتێکی چڕ و پڕ بە هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر بە کورد دا دەکات و دەنووسێت:

"لە ٢٤ ی نۆڤەمبەری ١٩١٧ دا سۆڤیەت بانگەوازێك بۆ میللەتانی موسوڵمانی ڕۆژهەلات بلاودەکاتەوە، لەو بانگەوازەدا داوایانلێدەکات لەپێناوی ئازادیی و سەربەخۆییاندا دژی ئیمپریالیزم خەبات بکەن. لەو بانگەوازەدا نێوی ١٢ میللەت هێنراوە، بەلام نێوی کورد لەکوولەکەی تەڕیشدا نەهاتوو. هەرچەندە ئەرمەن موسوڵمانیش نیین، کەچی بەپەرەگرافێکی سەربەخۆ ئەوانیش بانگهێشت کراون. هەر لەو بانگەوازەدا سۆڤیەت دژی هەوڵەکانی

کەرتکەرتکردنی تورکیا دەوەستێتەوە، کەچی داوا لە ئەرمەن دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆیان خەبات بکەن، کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی دەگەیەنێت.

لە کۆنگرەی پاریسدا، وەفدی کورد داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لەژێر چاودێریی یەکێك لە دەوڵەتەگەورەکاندا پێشچاوخست. سۆڤیەت نەیدەویست بارو دۆخەکەی کورد تێبگات، وەکو داردەستێکی ئینگلیز لە مەسەلەکەیی دەڕوانی. دینامیکێتیی خەباتی نیشتمانیی کوردی پێ قەبوڵ نەدەکرا. نەیدەزانی لەو بارو دۆخە سەخت و ئەستەم و دژوارەدا، کورد ڕێگەی دیکەی لەبەردەمدا نییە و ناچارانە پێشنیازی ئاوها پێشچاودەخات. لە نۆڤەمبەری ۱۹۲۰ دا، ئەلیاس م. پاڤلۆڤیك ، کە یەکێکە لە لێکۆڵەرەوە نێودارەکانی سۆڤیەت، ئا بەم شێوەیە دێتەگۆ: (شۆڕشێکی سۆڤیەتییانە لە ئەرمینیادا، پیلانەکانی ئینگلیز پووچدەکاتەوە کە گەرەکێتی دەوڵەتێکی کوردیی داردەستی خۆی، لەدژی ئێمە دابمەزرێنێت).

پاش یەکەم جەنگی جیهانیی، خۆراسان و ئازربایجان و گیلان، ناوچەی ڕاپەڕین و شۆڕشی دژ بە ڕژێمی ئێران بوون. ڕاپەڕینی گیلان، کە بە سەرکردایەتی (میرزا کوچککخان) بەرپاکرا و کۆمۆنیستانیش پشتگیریی تەواویان دەکرد و هەندەك هۆز و بڕێك جوتیاری کوردیش تێدا بەشداربوون، بەکۆمەکی سۆڤیەت کۆمارێکی لێدامەزرا و کوردێك بەنێوی (خالۆ قوربان) بووە وەزیری بەرگریی.

هەرچەندە سۆڤیەت پشتگیریی ڕاپەڕینی کوردەکانی خۆراسانیشی کرد، کەبە سەرکردایەتی (سەردار خوداوێردی) بەرپابوو، بەلاّم ئەم پشتگیرییانە هیچ نرخ و بایەخێکیان لە هەلوێستی سۆڤیەتدا بەرامبەر بەکورد نەبوو، چونکە:

١-لە گیلان کوردەکان بەشێکبوون لەو کۆمارەی کۆمۆنیستەکانیش تێیدا بەشداربوون.

٢-ڕاپەڕینی کوردانی خۆراسان، واتا و مەودایەکی نەتەوەییانەیان نەبوو، چونکە ئەو کوردانەی لەسەدەی هەژدەهەمەوە بۆ ئەوێ ڕاگوێزرابوون، لەمێژ بوو لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد داپچڕابوون و ڕاپەڕینەکەیان تەنها هەژان و هەلّچوونێکی مەلّبەندیی بوو.

٣-ئەو پشتگیرییانەی سۆڤیەت بۆ گوشارخستنە سەر ڕژێم و بۆ بەرپێگرتنی سیاسەتی ئینگلیز بوو لە ئێراندا.

لەیەکەم و دووهەم کۆنگرەی کۆمێنتێرن دا بە چاك و خراپ باسی میللەتێکی بەشخوراو و زۆرلێکراوی وەکی کورد نەکرا.

بەپێچەوانەی بانگاشەی سۆڤیەت خۆیەوە، کە گوایە پشتگیریکەری گەلانی ژێردەستە و زۆرلێکراوە، ڕوسیا ڕێککەوتننامە لەگەلّ هەردوو دەولّەتی ئێران و تورکیادا مۆردەکات. لەو پەیماننامانەدا یەکپارچەیی خاکی ئەو وولاّتانەی چەندین نەتەوەی زۆرلێکراویان بە لوولەی تفەنگ تێیدا لەقالّبدراوە، پارێزراودەبن.

کۆمۆنیستە ڕەدووکەوتووەکانی سۆڤیەت، هەوڵیاندەدا ئەو هەڵوێستە ناماقوولانە، بەجوداوازیی لێکدابڕانی سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت و پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی و کۆمێنتێرن عەیبپۆش دەکەن."

هەڵتەقاندنی ئەم پینەیە پێویستی بە سەرنج و تێڕامانێکی چکۆلە هەیە:

جارێ ئائەم بانگاشەیە پێشئەوەی ڕاستکردنەوەی بارێکی لاربێت و کونبڕکردنی دەلاقەیەك، سووکایەتی پێکردنێکی گێلانەیە، لەبەرئەوەی لەیەکەم وولاتی چینی کرێکاردا، دەورو ڕۆڵی پارتی کرێکاران دەسڕێتەوە و جڵەوی ڕێبەرایەتی لێدەستێنێتەوە، کە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە سکرتێری گشتیی پارتەکە لەو وولاتەدا، سەروو گشت دەستەلاتێك دەکەوێتەوە. دیارە بەو پێیە پارتەکە نەخشەکێش و بڕیاردەری سەرجەم سیاسەتی نێوە و دەرەوەی وولاتەکەیە. یانی دەوڵەت ئامرازێکە بەدەست پارتە کۆمۆنیستەکەوە و لە برێك حاڵەتی بیرۆکراتییانەدا نەبێت، دەوڵەت و حیزب لێکهەڵنابوێردرێن.

دەربارەی کۆمێنتێرنیش، زۆریان هەوڵدەدا خەڵکیی تێبگەیەنن کە گوایە دەزگەیەکی سەربەخۆیە و لەژێر ڕکێف و دەستەلاتی دەوڵەتی شوورەوی و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتدا نییە و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیش تەنها هەر ئەندامێکە لەو دەزگەیەدا و هەمان ئەرك و مافی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، یا ئێران، یا تورکیا، یا هەریەکێکی دی هەیە.

زۆری ویست تا خەڵکیی تێگەیشتن کە کۆمێنتێرن قورەچەورەیەکی دەستی سۆڤیەتە و بەڕادەیەك وابەستەی ئەوە، کە ستالینێك لەسەرخواستی دەوڵەتە

ئیمپریالیستەکان، لەسەردەمی دووهەم جەنگی جیهانییدا، لە بەرامبەر کۆمەکیاندا بە شوورەویی، بەیەك چاوداگرتن هەڵیوەشاندەوە و دواتر دەزگەیەکی جاسووسیی لەجێگە دامەزراند بەنێوی کۆمینفۆرمەوە.

"تورکە کەمالییە ناسیۆنالیستەکان، دژی پلانی هێزە ئەوروپاییە سەرکەوتووەکان وەستانەوە، کە دەیانویست کەلاکی دەوڵەتی عوسمانیی لەنێوخۆیاندا بەشکەن. ئەو هەڵوێستە ڕێگەی پەیوەندیی و هاریکاریی نێوان تورکیا و ڕووسیای سۆڤیەتیی خۆشکرد. لەسەرەتای ١٩٢٠ دا، سۆڤیەت پێشنیازی دانپێدانانی بەرامبەر و پەیوەندیی دیپلۆماسییانەی پێشکەش ئەتاتورك کرد. ئەتاتورك ڕازیببوو. (سۆڤیەت پشتگیریی لە خەباتی ئازادیخوازانەی ناسیۆنالیستانی تورك دژی ئیمپریالیزم دەکرد).

هەتا بەچەك وتەقەمەنیش کۆمەکی پێکردن. ئەو هاوکارییە گەیشتە ئەو ڕادەیەی لە مارتی ١٩٢١ دا پەیمانێکی دۆستایەتی و ئالیکاریی لەنێوان تورکیا و سۆڤیەتدا مۆرکرێت.

هەرچەندە کورد و عارەب و ئەرمەن لەو کاتانەدا زیرە و داد و فریادی مافی چارەنووسیان لێهەڵستابوو، بەلاّم لەو پەیمانەدا هیچ باسێك لە مافی ئەو نەتەوانە نەکرا، بەڵکە ڕاشکاوانە گوترابوو: (سنوورەکانی تورکیا کە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیا، لە ٢٨ ی ژەنیوەری ١٩٢٠ دا دیاریکراوە، پارێزراو دەبێت).

بەو بڕیارە، کوردستان و ئەرمینیای شەتەکدراو بەدەوڵەتی عوسمانییەوە، بە تورکیای کەمالییەوە دەهێلێتەوە.

لەخاڵی هەشتەمدا دەڵێت: (هەردوك ووڵات، بانگاشەی هەر گروپێك بۆ دابڕینی بەشێك لە خاكی یەكێك لەو ووڵاتانە، دەدەنە دواوە).

ساڵی ١٩٢١ پەیمانێكی دۆستانە لەگەڵ ئێرانیشدا مۆركرا، كە خاڵی شەشەمی دەڵێت: (لە حاڵەتی هێرشی هێزێكی دەرەكیی دیكەدا بۆسەر ئێران ، گەر ئێران خۆی توانای بەدەرنانی ئەو هێزەی نەبوو، ئەوا ڕوسیا ناچارە، بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی، ئۆردوو بنێرێتە ئێرانەوە).

دیارە هەر بەپێی ئەم پەیمانە بوو، ڕوسیا لە ١٩٤١ دا لەشكری خۆی ناردە ئێرانەوە.

پەیمانی سیڤەری ١٩٢٠ لە خاڵەكانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ دا گفتی ئەوە بەكورد دەدات، كە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێكی پێبدرێت. ئەمەش ئاوات و خواستی كورد بوو، كە لە ڕێگەی وەفدی كوردەوە پێشكەش بەو كۆنگرەیە كرا. بەلاّم كە سیڤەر بە لۆزان گۆڕدرا، هەڵوێستی سۆڤیەت هەمان هەڵوێستی ڕوسیای تەزاریی بوو بەرامبەر بە مەسەلەی كورد. پاشانیش لە سێپتەمبەری ١٩٢٠ دا سۆڤیەت بیرخەرەوەیەك دەداتە بەریتانیا و تێیدا دەڵێت: (حوكومەتی شووروەوی، پشتگیریی خەباتی میللەتی تورك دەكات. پشتگیریی هەوڵ و تەقەلای توركیا دەكات بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر، كە سەربەخۆیی و سەروەریی و یەكێتی خاكەكەی دەخاتە بەر مەترسییەوە. توركیا لەو خەباتەیدا گشت میللەتانی ڕوسیای لەپشتە).

هەڵوێستی سۆڤیەت ئاشكراتر لەو بیرخەرەوەیەدا بەدەردەكەوێت كە وەفدی ڕوسی و ئۆكرانی و جۆرجی لە ٣٠ دێسەمبەری ١٩٢٢ دا پێشكەش كۆنگرەی

لۆزانی دەکەن. لەو بیرخەرەوەیەدا دەڵێن: (شەڕی تورکیا و ئەورووپاییەکان، بنەماکەی بۆ پەیمانی سیڤەر دەگەڕێتەوە، کە لەو پەیمانەدا هێزە ئەورووپاییەکان، خاکی تورکیایان تاراجەی یەك لەسەر پێنج قارسکردووە و بەو پێیە چاوی چلێسی خۆیان تێردەکەن و ڕۆژهەلاتی ئەنەدۆل لەنێو خۆیاندا بەشدەکەن).

سەرەڕای هەموو بانگاشەیەکی ڕوسیای پشت و پەنای گەلان، لەو کۆنگرەیەدا بەتاقە ووشەیەك بەرگرییان لەماف و چارەنووسی کورد نەکرد، بەپێچەوانەوە دژیشی دەوەستانەوە.

کاتێکیش ئەورووپاییەکان دیتیان تورکیا واخەریکە بەتەواوی دەچێتە ئامێزی ڕوسیاوە، ئەوجا سیاسەتی خۆیان باپێدایەوە و هێمنانەتر و فێڵبازانەتر ڕەفتاریان دەکرد، تا ناچاری بارێکی وای نەکەن. ئالەو حاڵ و بارەدا، نەسۆڤیەت و نەهێزە ڕۆژئاواییەکان، هیچیان ئامادە نەبوون، لەپێناوی میللەتێکی کورد دا، ئیحتیمالی پەیوەندییەکی چاك لەگەڵ تورکیا و ئێراندا بخەنە غەرغەرەوە.

کە کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٥ دا کوردستانی بەعێراقەوە جووتباقەکرد و مافی کورد و خواستی ئازادیخوازانەی میللەتەکەی ژێرپێ نا، ڕوسیای پارێزەری مافی گەلان، دژی ئەو ماف قووتدانەی نەتەوەیەك نەوەستایەوە، بەڵکە بەپێچەوانەوە، دژی ئەوە بەدەنگهات و جەرگی بۆ ئەوە ژانی دەکرد، کە گوایە غەدرلە تورکیا کراوە. (شێتشێرن) ی قۆمیسەری سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت لە ٢١ ی دێسەمبەری ١٩٢٥ دا ئاوها بەرامبەر ئەو بڕیارە دێتەگۆ:

(ویلایەتی موسڵ بایەخێکی ستراتیژیانەی گەورەی بۆ تورکیا هەیە، کە لەم بڕیارەی ئێستادا پشتگوێخراوە، ڕەنگە ئەو بڕیارە لەسەر ئاستێکی ئینتەرناسیۆلانە، بارێکی زۆر ئاڵۆز بخوڵقێنێت).

لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٤ دا، (شێتشێرن) پیرۆزبایی لە سیاسەتی مۆدێرنکردنی تورکیا و ئێرانی دۆستی دەکات. ئۆپۆزیسیۆن و نەیارە مەڵبەندییەکانیش بە کۆنەپەرست و دوژمن و بەربێگری پێشکەوتن نێودەبات.

لە گۆڤارەکەی کۆمێنتێرن دا، شۆڕشەکانی کوردی ساڵانی بیستیش، بە سەرەڕۆیی و سەرکەشی فیوٚدالانی یاخی و کۆنەپەرستان و دوژمنانی پێشکەوتن دادەنرێن. هەر ئەم هەڵسەنگاندنانە بوو دواتر بوونە بنەما و پاشخانی سیاسەتی چەوت و چەوێڵی کۆمۆنیستانی خۆرهەڵات و زیانێکی زۆری پێگەیاندن.

جگەلەوە، کۆمۆنیستانی ناوچەکە پشتیان بەو پێناسەیەی ستالین دەبەست، کە ئابوورییەکی هاوبەشی بە یەکێك لە مەرجەکانی بوونە نەتەوە دادەنا. دیارە ئابووری هاوبەشیش تەنها لە چوارچێوەی سنووری یەك دەوڵەتدا دێتەکایەوە. ئەمە یانی ئەوگەلەی بێدەوڵەتە، نەتەوە نییە.

ساڵی ١٩٢٩ کۆمێنتێرن ڕەخنەی ئەوە لە چوار نوێنەری کوردی پارلەمانی عێراق دەگرێت، کە داوای مافی ئۆتۆنۆمییان بۆ کوردستان کردووە. هەرچەندە ئەوکاتە کوردستان بە عێراقەوە جووتباقەکراوە و عێراقیش کۆلۆنیی ئینگلیز بووە. کۆمێنتێرن لەهەمان جێدا دەڵێت: (بەریتانیا گەرەکێتی کوردستانێکی دژ بە تورکیا و سۆڤیەت، لەویلایەتی موسڵدا دروست بکات)".

"بۆ زێتر ڕوونكردنەوەی ئەو ڕاستییە تاڵانە، دەبینین لە سییەكان بەدواوە، كاتێك ئەو دەوڵەتانە جێپێی خۆیان قایمكرد و بەرژەوەندییەكانیان چەسپی و پشتیان لە سۆڤیەت كرد و چەندین پەیمانی دژە سۆڤیەتیان لەگەڵ بەریتانیا و هێزە ئەوروپاییەكاندا مۆركرد، ئەوجا سۆڤیەت سیاسەتی خۆی باپێدا یەوە و ڕەحمی تلیسایەوە و بیریكەوتەوە كە میللەتێكی بێدەرەتانی زۆرلێكراوی كوردیش هەیە. بۆیە هێدی هێدی سیاسەتی خۆی بەرامبەر گۆڕی. دیارە ئەمجارەش بە مەبەستێكی دیكە و لەپێناوی هەمان بەرژەوەندیی خۆیدا. ئەمجارە بۆ گوشارخستنەسەرو هەڕەشە و چاوزیتكردنەوە لەو وولاتانە."

لە لاپەڕە ١٧٤ دا، نووسەرهەڵسەنگاندنێكی سەیر پێشچاو دەخات، دەڵێت:

" ڕەنگە وەبەرگرتنی ئەو هەڵوێستانەی پێشوو، كەمیی زانیارییان بوو بێت دەربارەی كوردناسی و مەسەلەی كورد. ڕەنگە هۆیەكی دیكەی ئەو بێمەیلی و ناتێگەیشتنەی سۆڤیەت، ئەوەبێت كە لە ١٩٣٤ دا پارتی كۆمۆنیستی عێراق دامەزراوە و پارتە كۆمۆنیستەكانی دیكەش هێندە بچووك و كەمهێز بوون، كە نەتوانن هیچ كایەیەك لەنەخشەكێشانی سیاسەتی سۆڤیەتدا بگێڕن. كاربەدەستانی كۆمینتێرن كە خەڵكی ئەو ناوچەیە نەبوون، ڕەنگە هێشتا متمانەیان بە مەسەلەی كورد لا دروستنەبووبێ و ئەوان تێڕوانین و سیاسەتی سۆڤیەتیان بەدبین كردبێت".

نەخێر، قەت هەڵسەنگاندنی ئاوها ناچێتە عەقڵەوە. ئەمە بادانەوەیە لەڕاكانی پێشوو. نووسەر خۆی لە زۆر شوێندا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاكێشاوە كە میراتییەكی هێجگار زۆر و زەوەندیان لە تەزارەكانەوە بۆ ماوەتەوە و بەشێكی

کارنامەکەی لەو بارەوە نووسیوە. ئەو ڕووداو و هەڵوێستانەی پێشان نووسەر شیکردوونەوە و پێشچاوی خستوون، هێندە زەق و ڕەقن کە بە سەد ڕەنگە و دەشێت، کاڵنەبنەوە و هەڵنەوەشێنەوە.

کۆمۆنیستی عێراق لە ١٩٣٤ دا دامەزراوە، خۆ کۆمۆنیستی دیکە لە ناوچەکەدا هەبوون. کۆمۆنیستی ئێران و تورکیا لە بیستەکاندا دامەزراون و پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان لەگەڵ شوورەوی و کۆمینتێرن دا هەبووە. کۆمۆنیستی سوریا لە ١٩٢٨ دا دامەزراوە و مامۆستای کوردی هەرە هەرە پێشکەوتنخواز، خالید بەگداش، یەکێك لەدامەزرێنەران و ڕێبەرانی بووە. خۆ ئەو مامۆستایە خەڵکی ناوچەکە بووە و بۆ بەدبەختی بە تەسکەرە کوردیشە. کەچی ئەو دەمە لە حەوتهەمین کۆنگرەی ئومەمی شیوعیدا وەکی نوێنەری (ئوممەی عارەبی) و سەرۆکی وەفدی وولاتانی عارەب بەشداریی ئەو کۆنگرەیە دەکات. لەسەر بلندگۆی کۆنگرەوە ئاوها دێتەگۆ و لەسەر گەلانی بەشخوراو دەکاتەوە:

"وولاتە عارەبەکان کە زێتر لە ٦٠ ملوێن عارەبیان لێدەژی، بەشێوەیەکی دەستکرد و ناڕەوایانە بەسەر زێتر لە ١٢ وولاتدا بەشکراون و هێزە ئیمپریالیستەکان دەستیان بەسەرداگرتوون. ئەو وولاتانەش عێراق و سوریا و فەلەستین و ئەردەن و میسر و لیبیا و تونس و مەراکیش و..... ن سەرەڕای باری ناهەمواری ئەولەت و کوتییە هێشتا پەیوەندییە نەتەوەییەکە و زۆر داب و نەریتی هاوبەش و یەك خاکی هاوبەش، ئەو وولاتانەی توند پێکەوە گرێداوە.(١٨)

لەتەك ئەو دڵگەرمییەیدا بۆ میللەتێکی بەشخوراوی وەکی عارەب، کە کارێکی بەجێ و پەسەندە گەر بە ڕاستیبا، چونکە ئێمە باوەڕناکەین، کەسێك دڵی بۆ میللەتی خۆی ژان نەکات و مووچڕکە بەویژدانی لارەوە بوویدا نەیەت، بتوانێت میللەتانی دی خۆشبوێت. نیوەی ئەو شین و گابۆڕەی بۆمیللەتە داماو و دیلکراو و بێچارەکەی خۆشی کردبا، ئەوجا هەرچی گوتبا قابیلی قەبوڵ بوو. بەلاّم دیارە هاوڕێیانیشی ئارەزووی بیستنی شتی بێتامی لەو بابەتەیان نەکردووە. جا ئەگەر (بیری زانستانە) ئا ئەوەبێت کەهەندێك تێیگەیون و مرۆ ئاوها نەزۆك بکات، ئێمە چمان لەدەست دێت لەوە زێتر کە لەگەڵ (بێکەس) ی هەرگیز زیندوودا بڵێینەوە: (مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت، مەرحەبا).

جگەلەوە کە نووسەر دەڵێت: (کاربەدەستانی کۆمینتێرن خەڵکی ئەو ناوچەیە نەبوون)، گەرتاڕادەیەکیش ڕاستبێت، کە زۆربەی هەرەزۆریان خۆرهەلاّتیی نەبوون، بەلاّم خۆ لەمەریخەوە نەهاتوون، بەشێکی چاکیان خەڵکی وولاّتێك بوون کە پارچەیەکی کوردستانی داوەتە دەم و دوولای سنووریشی بەدوو پارچەی کوردستانەوە بەستراوە. چۆن دەچێتە عەقڵەوە ئاگاداری هەمووسرتە و خورتەیەکی ئەمریکای خوارووو ئەفریقا و قوتبی باشووربن، کەچی گرمەی تۆپ و شریخەی گوللەی ژەندرمەی تورك نەبیستن و بێشەلاّنی گڕو دووکەڵی جەنگەڵەکانی کوردستانی خۆرهەلاّت نەبینن و زایەڵەی زەنگی هاوارو هانای شێخی مەزن لەپەردەی گوێیان نەدات؟؟؟؟

سەرەڕای ئەوەش، دەبێت کاربەدەستانی کۆمینتێرن کەسانی زۆر کارامە و شارەزا و ئاگاداری بارودۆخی نێودەوڵەتان بن، چجای دراوسێکانیان.

کەواتە نەخێر، مەسەلە شتێکی دییە، گشت هەڵوێست و پەیوەندیی و هەڵسوکەوتێك لەپێناوی تاقە ئامانجێکدا وەبەرگیراون، بەرژەوەندیی وولاّتێك کە نێوی سۆڤیەتە و لەسەر میراتی تەزارەکان کرکەوتووە، بە گشت کەوشەن و سنوورە کۆنەکانییەوە.

بادانەوەیەکی مەزنی سیاسەتی سۆڤیەت

بەرامبەر مەسەلەی کورد، کۆماری مەهاباد

"کۆتـایی دووهـەم جـەنگی جیهـانیی، گـۆڕانێکی دراماتیکانـە بـوولـەو سیاسـەتەی سـۆڤیەتدا بەرامبـەر بـەکورد، کـە کـەمێك پـاش جـەنگ لەدامەزراندنی کۆماری مەهاباد دا، بەکۆمەکی سوپای سوور خۆی نواند.

دەربارەی کۆماری کەمتەمەنی مەهاباد، کە بەکۆمەکی شوورەوی دامەزرا و بەکشانەوەی ڕووخا، گەلەك ڕاوبۆچوونی دژبەیەك هەن، کە زۆربەیان یەك لۆنە و تیشکخەرە سەر لایەنێکی مەسەلەکەن.

هێزە ڕۆژئاواییەکان وایلێکدەدەنەوە کە ئەو ڕووداوە، شەقاونانێکی سۆڤیەت بـوو بۆ خزانـە ئاسیاوە. ڕژێمی ئێـران و ناسیۆنالیستانی فـارس بـە شالاوێکی سـۆڤیەتی تێدەگـەن، کـە گوایـە ویـستوویە لەڕێگـەی بەکرێگیراوانییـەوە، پارچەیەك لەخاکی ئێران داپچڕێت.

ڕەخنەگرانی دژەستالین و کوردە هیوارماوەکـان، بەکلاوبازییەکی سۆڤیەتی تێدەگەن، کە پاشـان چارەنووسی کۆمارەکەی بە یەکدوو گالۆن نـەوت ئـاڵ و وێلکرد.

ئـەم هەڵـسەنگاندنانە یـەکلایی و سـەرپێیین و تـەنها لایـەنێکی ڕاسـتیی مەسـەلەکە یەکالادەکەنـەوە. بـۆ تێگەیـشتنی ڕاسـتەقینەی مەسـەلەکە، دەبێـت ئەو گۆڕانکارییانەی لـە ململانێی هێزە زەبەلاحەکاندا بەهۆی دووهەم جەنگەوە هاتنـەگۆڕێ، هـەروەها ئـەو هەراشـبوونەی بزووتنـەوەی نیـشتمانیی کـورد کـە هاوکاریی سۆڤیەتی ڕەخساند، تەواو شیکەینەوە.

لەپاڵ کۆمەکی ڕاستەوخۆ و تاڕادەیەك گردەبڕی سۆڤیەتدا، پێشهاتەکانی کۆماری مەهاباد زادەی گەشەکردنە ئاساییەکەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد بوو.

سۆڤیەت کە وەك زلهێزێکی پلەدوو بەشداریی جەنگی کرد، وەك زلهێزێکی پلەیەك لێیخەلەسی. ئەمە وایلێکرد بەشێوەیەکی بەرچاوتر مشەی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەندا بکات، وەك لەسەردەمی نێوان دوو جەنگەکەدا. لە کاتی جەنگدا، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد دا گرێدابوو. ئەمەش بۆ جێپێی قایمکردنی چارەنووسی نادیاری پاش جەنگ بوو.

هاریکاریی سۆڤیەت لەگەڵ کورد دا، ناتوانرێت لەگەڵ بوونی سۆڤیەت لە ئەورووپادا بەراورد کرێت. لە ئەورووپادا پارتە کۆمۆنیستەکان و بەرەی میللی هەبوون، کە هاریکاریی سۆڤیەتیان دەکرد، بەلاّم لە کوردستاندا نە پارتێکی کۆمۆنیست هەبوو، نەهێزێکی سەربە بیرو ئیدیۆلۆژیی سۆڤیەت، بەڵکە کۆمەڵێك سەرکردەی میللی، کە تاڕادەیەك سۆڤیەتیان بەتاقەهیوای کورد دەزانی. جگەلەوە سۆڤیەتیش هەڵوێستی خۆی گۆڕی بوو، ئالیکاریی پارتە ناکۆمۆنیستەکانیشی دەکرد.

عەودالّیی سۆڤیەت بەدووی هاوکارێك لەو ناوچەیەدا، تەنها ترس و دڵەڕاوکەی تین و تاوی نازیی نەبوو لە ئێران و تورکیا دا، وەکو بیانووی ڕەسمیی هێرشەکردنە ئێرانی ١٩٤١ یان ڕایدەگەیاند، بەڵکە ئەو ڕاستییە بوو، کە ئەو ڕژێمانە لە بیستەکاندا دۆستی سۆڤیەت، یاخود بەلای کەمەوە بێلایەن

بوون، بەلاّم لەسییەکاندا سەریەبەرەی ڕۆژئاوا بوون و لەپەیمانە دژە سۆڤیەتەکاندا بەشداربوون".

ئەوجا نووسەر گەشتێکی پێویست بەگشت ڕووداوەکاندا دەکات، چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك و پاشان پارتی دێموکرات و دەور و ڕۆڵی لە پێشخستنی مەسەلەکەدا و پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی شوورەویدا و هەوڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و کایەی پێشەوا لەو ڕووداوانەدا، شیدەکاتەوە. هەوڵدانی شوورەوی بۆ پێبەندکردنی کۆماری کوردستان بە کۆماری ئازربایجانەوە و پێشاندانی وەکو پاشکۆیەك و بەشێك لەو کێشەیە و هۆکانی دیارییدەکات.

ئێمە لێرەدا بە پێویستی نازانین ئەوانە هەمووی بۆ خوێنەر ڕاگوێزین، چونکە زۆریان لەبارەوە نوسراوە و گوتراوە، گرنگ بۆ ئێمە هەڵوێستی شوورەوییە بەرامبەر بەو ڕووداوانە، بۆ ئەو دوو کۆمارەی دامەزراند و بۆ پاشان دەستی لێبەرهەڵدا کردن؟ ئایا مەسەلە تەنها گوشار و زۆربۆهێنانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بوو وەکو هەندێك واینیشاندەدەن؟ یاخود مەسەلە تەنها دەستخستنی نەوت بوو وەك دژەکانی ڕای پێشوو بەدڵنیاییەوە دەیلێن؟ یاخود ئەوانە هەمووی و هەندەك هۆکاری دیکەش ڕێگەی ئەو نەهامەتییەی کورد و ئازەریان خۆشکرد و ئەو هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوەیان بەسۆڤیەت وەبەرگرت؟

ئێمە یەکەیەکە ئەو هۆکارانە شیدەکەینەوە و هەوڵدەدەین هۆکارێکی دیکەی گرنگیش پێشچاوخەین:

١-بە ئاگاهێنانەوەکەی ئەمریکا و گوشاری هێزە ڕۆژئاواییەکان:

کاك فازڵ لە لاپەڕە ٢٠٢ دا دەنووسێت: "کە سوپای سوور، ئۆردووی ئێرانی لەسەر ڕێگەی ئازربایجان ڕاگرت، ئەمریکا و ئینگلتەرە ناڕەزایی خۆیان دەربڕی. ئەمریکا ویستی لەڕێگەی دیپلۆماسییەوە سنوورێك بۆ دەستەلاتی سوپای سوور لە ئازربایجاندا دابنێت. بەلاَم ستالین ئامادە نەبوو گوێ بۆ داوای ئاوها شلکات و دەمەتەقێی لەسەربکات."

زۆر ڕاستە، ئەوکاتە سەرەتای سەرهەلّدانی مەسەلەکە بوو، شوورەوی تازە بازییەکەی دەستپێکردبوو، بۆیە هێرشی سوپای ئێرانی بۆسەر ئازربایجان، لە شەریف ئاباد ڕاگرت و ڕێگەی دەستدرێژیکردنە سەر کۆماری ئازربایجانی لێگرتن. چ باکێکی لەناڕەزایی ئەمریکا و ئینگلتەرەش نەبوو، هەتا ئامادەنەبوو گفتوگۆشی لەبارەوە بکات!

بەلاّم پاشان دەبینین زەندەقی لە بەئاگاهێنانەوەی ئەمریکا دەچێت و خێرا پشتی هەردوو کۆمارەکە بەرهەلّدا دەکات و سوپای خۆی دەکێشێتەوە!

باشە شوورەوی ئەمجارەیان چ ترسێکی لەو بەئاگاهێنانەوەیەی ئەمریکا هەبوو؟ دەقی بەئاگاهێنانەوەکە چ بوو؟ ئایا هەڕەشەی بەرپاکردنی جەنگبوو لە دژی شوورەوی؟ یا هەڕەشەی پساندنی پەیوەندیی دیپلۆماسییانە بوو؟ یا بە فیشالّی هەندەك کۆمۆنیست گوایە بە بۆمبای ئەتۆم لە شوورەوی دەدا؟

نەخێر! ئەوانە هیچیان نەبوو، بەلّکە ئەمریکا شوورەوی بە ئاگاهێنایەوە، گەروەکو هەرسێ وولاّت، ئێران و ئینگلتەرە و شوورەوی ڕێککەوتوون، شوورەوی هێزەکانی خۆی نەکێشێتەوە، ئەوا ئەمریکاش لەشکر دەنێرێتە باشووری ئێرانەوە. یانی بارێکی وەك سەردەمی جەنگ دەهاتە ئاراوە، بارێکی وا کە لە زۆر

وولاّتـانی دیکـەی ئەوسـەردەمەدا هـاتبووە گـۆڕێ، وەکـو ئاڵـەمانیا و نەمـسا. لـە ئاڵەمانیادا، ئەوبارە هەتا ئەورۆکەش بڕیکردووە و هەر بەردەوامە.

ئەوەتا جۆرج ئالنی باڵوێزی ئەو دەمەی ئەمریکا لـە تـاران، کە بەگوتەی شا خـۆی، یـەکێك بـووە لـە دۆسـتە ڕاسـتەقینەکانی ئێـران، پـشتیوانیی تـەواوی دەوڵـەتی ئـەمریکای بـۆ ئێـران دەربڕیـوە، بەلاّم ئاشکرا و ڕوون بە شـای گوتـووە: (ئێمە ئامادەنیین لەسەر ئێران، لەگەڵ شووروویدا بەشەڕبێین). (١٩)

ئیدی دەبێـت شوورەوی چ ترسێکی لـەوە هەبێـت کە خـۆی بەشێکی ژووروویی ئێرانی لەژێر دەستدا بێـت و بەشێکی خوارووشی لەژێردەستی ئینگلیزدا بێـت، ئەمەریکاش لەقۆڵی باشوورەوە خۆی تێترنجێنێـت؟ ئایا شوورەوی هێنده دڵـی بـە ئێران دەسووتا کە دەستبەرداری هەموو بەرژەوەندییەکانی بێـت، بەومەرجەی ئەمریکا میللەتی کلۆڵی ئێران ژێردەستە نەکات؟

لـە ڕاستیدا شـوورەوی بۆیـە ملیـدا و ترسـی لـەو هاتنـەی ئـەمریکا پەیداکرد، چونکە پێیوابوو، گشت بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریەکانی لەڕێگەی گوشاری حیزبی تـودە و هەڵوێستی تێگەیشتووانەی! قـەوام سـەڵتەنەوە بە هێمنانـە و بێ دەردیسەر دەچەسپێت و ئیـدی پێویـست ناکـات سـەرو کەللـەی ملـۆزمێکی بەدفەسـسالی وەکـی ئـەمریکا لەئێرانیـشدا لەبەردەمیـدا قووتبێتـەوە و ببێتـە شـەریکە بەش. ئەوکاتانە حیزبی تـودە تاکە پـارتی ڕکەبەری خـاوەن جەماوەر بـوو. بـەلاّم وەك کـاك فـازڵ بەهەڵـە لـە لاپـەڕە ١٨٩ دا نووسـیویە گوایـە لـە هەڵبژاردنـەکانی دەورەی چـوادەهەمی پارلەمانـدا یـەك لەسـەرپێنجـی دەنگـەکانی بەدەستهێناوە، وا نییـە. حیزبـی تـودە نـەنها هەشـت نوێنـەری لـە

پارلەماندا هەبوو. بۆنموونە لەشارێکی وەکی تاراندا، کە بنکەی ڕاستەقینەی دەستەڵاتی تودە بوو، لەو هەڵبژاردنەی پارلەماندا، سەرپاکی دەنگەکان ٤١٣٤٦ دەنگ بووە، دوکتۆر یەزدی کە لە گشت پاڵێوراوەکانی تودە، دەنگی زێتری پێدراوە، تێکڕا ٤٧١٩ دەنگی هەبووە ، کە دیارە ئەوە لە هەشت یەکیش کەمتر دەکات. (٢٠)

بەهەرحاڵ تودە هێزێکی حسێب بۆکراوی هەبوو، جگەلەوە شوورەوی لە هەڵوێستی ڕێوی بازانەی قەوام گەلەك گەشبین بوو، پێیوابوو مادام قەوام دژی سیاسەتی ئینگلیز دەوەستێتەوە، ئیدی دۆستی ئەوانە، یاخود خۆشی وا ینیشاندەدا و حیزبی تودە و شوورەویشی تەواو تەواو خۆشبین کردبوو. ئەوەتا دوکتۆر ئەنوەر خامەیی کە یەکێك بوو لە ڕێبەرانی بەرچاو و نووسەرێکی لێهاتووی ئەو دەمەی تودە، لە بیرەوەرییەکانیدا بۆماندەگێڕێتەوە: (قەوام بە زیرەکی و کارامەییەکی تەواوەوە هەوڵیدەدا پشتیوانیی ڕێبەرانی تودە بۆخۆی مسۆگەر بکات. سیاسەتی دژە ئینگلیزی قەوام، ڕێبەرانی حیزبی تەواو گەشبین کردبوو. خۆشی سەرکردەکانی تودەی وەکی ئەسکەندەریی، دوکتۆر یەزدی، ڕۆستا، دوکتۆر ڕادمەنش و تاڕادەیەك دوکتۆر کشاوەرزیشی فریو دابوو، گفتی ئەوەی پێدابوون کە حوکومەت تەسلیمی ئەوان دەکات. ئەو کۆمەکانەی لە هەڵبژاردنەکانی دەورەی چواردەهەمدا بەهەندەك لەوانەی کردبوو، دەیکردە بەڵگە و دڵنیای دەکردن کە لەدەورەی پازدەهەمدا زۆربەی مەجلیس مسۆگەرە، ئەوانیش بەردەوام کاربەدەستانی شوورەوییان لە قەوام خۆشبین دەکرد. ئەو گەشبینییەی ڕێبەران گەیشتە ڕادەیەك کە لەتەواوی حیزبدا ڕەنگبداتەوە و لای

خەڵکییش سەربکات. بۆیە خەڵکیی سەرکەوتنی قەوامیان بەسەرکەوتنێکی گەورەی سیاسەتی تودە و شوورەوی حسێب دەکرد. تا ئەو گەشبینییە بێبنچینەیە، گەورەترین ڕێگەخۆشکەری شکستی سیاسەتی شوورەوی و حیزبی تودە بوو). (٢١)

دەنا ڕەنگە ئەو بەئاگاهێنانەوەیەی ئەمریکا، لەسەردەمی دەستەلاتی حەکیمی، یا سەیید زییاء دابا، شوورەوی چ باکێکی نەبا و هیچ بایەخێکیشی پێنەدابا.

ئاشکرایە لەو دەمەدەمی بەرکولەی گفتوگۆی قەوام و سادتشیکۆفدا، ئەو بەئاگاهێنانەوەیە بێتین و تاو نەبوو، شوورەوی ناچارکرد پەلە و دەستوبرد لە مەسەلەکەدا بکات، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو تەڵەکەی پووچ بتەقێتەوە و گۆمی هێمنی بەرژەوەندییەکانی لێبشڵەقێنن.

تا ئەوەبوو ترسی ڕاستەقینەی شوورەوی، نەك وەك هەندێك ڕایدەگەیەنن، گوایە ترسی بەرپابوونی جەنگێکی جیهانیی دیکەی هەبووبێت.

٢-مەسەلەی ئیمتیازی نەوت، ئایا بەلای شوورەوییەوە مەسەلەیەکی گرنگو جەوهەری بوو؟

یەك پرسیاری زۆر سادە و ڕەوان، کە من تا ئێستا لەهیچ نووسینێکی بەر لەمەی خۆمدا نەمدیتووە، سەری گلۆڵەی مەسەلەکەمان لەوەرا مەکەیەوە دەکەوێتە چنگ. بەشیکردنەوەیەکی بارە سیاسییە مێژووییەکە، مەبەستی سەرەکیمان بۆ دەکاتە هێلکەی پاککراو و هیچ منگەمنگێك پێی لێفەپۆش ناکرێت.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا بۆچی شوورەوی لەو هەموو ساڵانەی جەنگدا ڕێگەی کورد یا ئازەریی نەدەدا بانگی ئۆتۆنۆمی ، یا سەربەخۆیی خۆیان هەڵدەن؟ سەرەڕای ئەو هەموو کۆششەیان، تایبەت کورد، لەهەموو بۆنە و پێککەیشتنێکدا لەگەڵ لێپرسراوانی شوورەوی ، ئەو داواکاریانەیان پێشچاودەخست. بەلاّم ئەوان هەردەیانگرتن بەدەمەوە و بە (جارێ کاتی نەهاتووە) ژیریاندەکردنەوە. کەچی لەپڕێکدا، ئا لەو دەمەدەمی کۆتایی جەنگەدا، ئەو هەڵوێستەیان وەبەرگرت؟

پێموایە پرسیارێکی بەجێیە و وەرامێکی بەجێشی گەرەکە. بۆیە هەوڵدەدەم بەکورتی بارەکە شیبکەمەوە و بۆ خوێنەری ڕوونبکەمەوە:

وەك ئاشکرایە سوپای شوورەوی لە ئۆگوستی ١٩٤١ دا هێرشی کرد و چووە ئێرانەوە. هەرلەسەرەتاوە هەوڵی ڕایەڵکردنی داوی پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ دانیشتوانی ئەوناوچانەدا دا. ئەو هێرشە بەپێی ڕێککەوتننامەیەك بوو لەگەڵ ئینگلیزدا. بەو بیانووو مەبەستەی بەربە شیمانەی شالاّوێکی ئالّەمانیا بگرن، گەربیەوێت لەقۆڵی باشوورەوە، شوورەوی گەمارۆبدات. هەردوو وولاّت لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون، کەدەست لەکاروباری نێوخۆی ئێران وەرنەدەن و یەکپارچەیی خاکەکەی بپارێزن و پاش جەنگیش هێزەکانیان بکێشنەوە.

کاریگەرێتی ئەوپەیمانە بە جۆرێك بووە ، کە دوکتۆر ئەنوەرخامەیی لە بیرەوەرییەکانیدا دەربارەی دامەزراندنی حیزبی تودە لە ١٩٤١ دا، ئاوهامان بۆدەگێڕێتەوە:

(ئەسکەندەری و نوشین پەیوەندیی بە باڵوێزخانەی شوورەوییەوە دەکەن، پێشینەی کۆمۆنیستانەی خۆیان ڕووندەکەنەوە، داوادەکەن ڕێگەیان بدەن حیزبێکی کۆمۆنیست دابمەزرێنن. بەلاّم بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی خۆیانەوە، داواکەیان دەدەنە دواوە و ڕێگەیان نادەن. ئەو دەمانە ڕەزا ڕۆستا لە دوورخراوەیی دەگەڕێتەوە، کەمەسەلەکە لە ئەسکەندەری دەبیستێت، دەڵێت من ودمی دامەزراندنی وەردەگرم. دەچێتە باڵوێزخانەی شوورەوی و ئەوانیش بەم مەرجانە ڕێگەیان دەدەن:

١-دەبێت پارتێکی ڕەسمیی و قانوونی بێت. یانی نەك تەنها بەگفتار، بەڵکە دەبێت بە کرداریش، ملکەچ و گوێڕایەڵی یاسا بنچییەکانی سەڵتەنەت و مەشروتییەت بێت.

٢-دەبێت بەهیچ شێوەیەك توخنی بیری مارکسیزم و کۆمۆنیزم نەکەوێت و هیچ ڕەفتارێکی وا نەنوێنێت کە دەریبخات سەر بەو ڕێبازە ئیدیۆلۆژییەیە.

٣-لەسەرئاستی سیاسەتی جیهانیی، پشتیوانیی هێزە هاوپەیمانەکان و دوژمنێکی سەرسەختی ئاڵەمانیا و ئیتالیا و ژاپۆن بێت. پارێزگاریی تەواو لە هەڵوێستی هاوپەیمانان، شوورەوی و ئینگلیز و ئەمریکا دەکات. دیارە دەبێت زێترپشتی شوورەوی بگرێت، بەلاّم بە هیچ جۆر ڕەخنە لە هاوپەیمانەکانی ناگرێت و هێرش ناکاتەسەریان.

٤-تا دەتوانرێت کەسانی نێودار و ناسراو و بەشۆرەت کۆکرێنەوە.

٥-نابێت جموجۆڵی حیزبەکە هیچ زیانێك بەبەرژەوەندییە ئابووریەکانی وولاّتانی هاوپەیمان بگەیەنێت، تایبەت لەوکارخانە و شیرکەتانەدا کە خزمەت

بـه هاوپـەیمانان دەکـەن، وەك کارگـەکانی چەکسازی و شیرکەتەکانی نـەوت. نابێت لـەو شـوێنانه سـەندیکای کرێکـاران دامـەزرێنن و داواکـاریی کارگـەران پێشچاوخەن، یاخود مانبگرن. (٢٢)

یـانی حیزبێکـی لیبرالانــه دابمــەزرێنن ولــه گــشت چــین و توێژاڵــەکانی تێبئاخنن.

دیـاره شـوورەوییەك ئـا بـەو ماتـه مـات و تـرس و لـەرزه و ئابـەوشێوه و شێوازه رێگەی دامەزراندنی پـارتێکی کۆمۆنیستی وابەستەبەخۆی بدات، ئەوا رێگەی سەرەڕۆیی و زێدەڕەوی بەهیچ هێزوگروپێکی ناوچەی دەستەلاتی خۆی نادات.

بۆ؟

ئەوکاتانه شوورەوی لەبەردەم هەڕەشەی شالاوی سوپای ئاڵەمانیای نازییدا بوو، لارەمل و چاولەدەستی کۆمەکی سـوپایی و ئـابووری ئـەمریکا و ئینگلیزبـوو، بۆیـه نەیـدەتوانی سەرپێـچی لـەوپەیماننامـه ڕەسمییـه مۆرکراوانـه بکـات. هـاو پـەیمانان کۆمـەکێکی بەرجەسـته وبەرچـاویان بەشـوورەوی دەکـرد. ڕۆژانــه لەبەندەر عەبباس ژمارەیەکی بێئەندازه پاپۆڕوگەمێی بارکێش دەوەستان، کە چەك وتەقەمەنیی وتۆپ و زرێپۆش وشـەمەندەفەروفارگۆن ولـۆری وفرۆکه و کۆمـەکی دیکـەی ئـەمریکی وئینگلیزییـان بـه شـەمەندەفەربـەرەوسـۆڤیەت دەگواستەوە. (٢٣)

جگەلـەوە، زۆربـەی کارخانـەکانی چەکسازیی ئێـران، بەرهـەمی خۆیـان بـۆ شـوورەوی بەڕێـدەکرد. بـەهۆی ئـەوبـاره ئابوورییـه خراپـەوه کـه جـەنگ لـەوێ

خولّقاندبووی، زۆربەی هەرەزۆری بەروبوومی کشتوکاڵیی باکووری ئێران بۆ ئەوێ دەنێردرا.

ئالەوحاڵوبارەدا، ستالین نەیدەتوانی لە گفت و بەلێنی خۆی پەژیوان بێتەوە و دەست بەخێری خۆیەوە بنێت. جگەلەوە، ئەوکاتە ستالین پێیوابوو لەرێی دلڕاگرتنی چینی دەستەلاتداری ئێرانەوە، دەتوانێت جێپێی خۆی لە ئێراندا بکاتەوە. (٢٤)

لە نۆڤەمبەری ١٩٤٣ دا، کاتێك کۆنفرانسی تاران گیرا، بە پێچەوانەی رۆزفلت و چەرچڵەوە کە شا دەچێتە سەردانیان، ستالین خۆی دەڕواتە خزمەتی شا. لەحاڵ و بارێکدا کە ئەوسێ کەڵەپیاوە، هێند ترسیان لە پیلانێکی ئاڵەمانیی دەبێت دەستبکێشێتە گیانیانەوە، لەنێوان باڵوێزخانەکان و شوێنی حەواندنەوە و کۆبوونەوەدا، تونێلی ژێرزەوییان لێدابوو بۆ هاتوچۆ.

ستالین بێ پاسەوان و یاساوڵ خۆ دەگەیەنێتە دەربارى شا، تەنها ماکسیمۆف و مۆلۆتۆفی وەزیری دەرەوە لەگەڵ خۆی دەبات. گەلەك بە تامەزرۆیی و دلگەرمییەوە دەستی شا دەگوشێت و توند توند لە ئامێزی دەگرێت. لەودانیشتنەدا گفتی ژمارەیەك زرێپۆشی ت٣٤ و چەند فرۆکەیەکی جەنگیی بە شا دەدات. (٢٥)

بۆیە هەر لەسەرەتاوە کاربەدەستانی شوورەوی، جەمسەری پەیوەندیی دۆستایەتییان لەگەڵ هێزە مەلبەندییەکاندا دەبەست، دلیانڕا دەگرتن و گدیگدی هەستی نەتەوایەتییان دەدان، تا لایەنگیرییان مسۆگەربکەن. چونکە چارەنووسی شەڕ هێشتا نادیاربوو. هەڵبەت لە حاڵەتی پێویستیی و خەتەردا،

لایەنگیریی و دۆستایەتییان، سوودی چاکی بەرهەم دەهێنا. دیارە ئەوکاتانە ڕێگەی ئەوەیان نەدەدان هیچ هەنگاوێك هەڵنێن کە هاوپەیمانان دردۆنگ بکەن. بەڵام کاتێك سەرئەنجامی شەڕ هێدی هێدی ڕوونبووەوە و شکاندنی هێزی چەپەڵی نازیی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان ئاشکرا بوو، ئیدی شوورەوی کەوتە بارودۆخێکی دیکەوە. ستالین وەك پاڵەوانێك و سەرکەوتوویەکی جەنگ هاتە مەیدانی تالانکارییەوە. شوورەوی ڕێی ئەوەی بۆخۆشبوو وەك دەوڵەتێکی زەبەلاح و خاوەن هێز بێتە سەرشانۆی سیاسەتی جیهان. بۆیە ستالین چیدی بەولارەملی و زەلیلی و چاولەدەستییەی جاران هەڵسوکەوتی لەگەڵ هێزی زەبەلاحی بەریتانیای مەزن و هێزی تازە پێداکەوتووی ئەمریکا نەدەکرد، بەڵکە ئیدی لەو مەنتیق و عەقڵییەتەوە ڕەفتاری دەکرد کە وولاتێکی سەرکەوتووە و بە زیان و قوربانییەکی زۆرەوە لە جەنگ خەلەسیوە و لووتی هێزی ڕووڕەشی نازیی لەبەرد داوە و پاداشتیشی گەرەکە.

لە ئەورویا لەشکری سوور، هەتا چ سنوورێك ئۆردووی نازیی هەڵبڕی، بەکەوشەن و سنووری دەستەڵاتی سۆڤیەت مایەوە. ئەونەخشەکێشانەی ئەو دەمەی ئەورویا، هەتا ئەوڕۆکەش بەوشێوەیە هەربەردەوامە. ئوتریشی لێدەرچێت کە لە ١٩٥٥ دا لەشکری سوور لەو بەشەی داگیری کردبوو کشایەوە و دەوڵەتێکی بێلایەنی لێدا مەزرێندرا، سەریاکی ئەوانی دی لەسایەی چەکمە و زرێپۆشی ئۆردووی سووردا، لەخەتەری ئیمپریالیزم قوتاربوون و حەساونەوە!

کۆتایی ١٩٤٣ شیرکەتە ئەمریکی و ئینگلیزییەکان داوای ئیمتیازی نەوتی خوارووی ئێران دەکەن، لە سێپتەمبەری ١٩٤٤ دا (کافتارادزە) ی جێگری

وەزیری دەرەوەی شوورەوی و وەفدێك دەچنە تاران، داخوازیی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران دەکەن. حوکومەتی ساعید وەرامیاندەداتەوە: (بەرلە رۆشنبوونەوەی باری ئابووری جیهان و هێوربوونەوەی بارە سیاسییەکە و کۆتاییهاتنی جەنگ، دەوڵەتی ئێران هیچ ئیمتیازێك بە هیچ دەوڵەتێك نادات).

ئەمە دەقی هەمان ئەو پێشنیازە بوو کە دوکتۆر رادمەنشی نوێنەری تودە لەپارلەماندا ، پێشئەوەی شوورەوی داوای ئیمتیازی نەوت بکات، لە وەرامی داواکارییەکەی ئینگلیز و ئەمریکادا پێشچاوی خستبوو.

چەند رۆژێك پاشتر، کافتارادزە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لەتاران، داواکارییەکەی شوورەوی دووبارە دەکاتەوە و بەدەنگێکی رەق و تووڕەوە کە بۆنی هەڕەشەی لێدێت، هێرش دەکاتە سەر حوکومەتی ساعد و بەتێکدەری پەیوەندییەکانی نێوان شوورەوی و ئێران تۆمەتباری دەکات.

سێ رۆژ پاشتر، حیزبی تودە بەچاودێریی و هاریکاریی سەربازانی لەشکری سوور، خۆپیشاندانێك لە تاراندا رێکدەخات، دروشمی خۆپیشاندەرەکان (رووخانی حوکومەتی ساعد) و (ئیمتیازدانی نەوت بە شوورەوی) دەبێت.

حوکومەتەکەی ساعد پاش مانگێك دەڕوخێت و سوهام سوڵتان بەیات دەبێتە سەرەکوەزیران. لەکۆبوونەوەیەکی پارلەماندا، دوکتۆر موصەدەق پێشنیازی ئەوە دەکات ، یاسایەکی وا دانرێت کە هیچ سەرەکوەزیرانێك مافی ئەوەی نەکەوێت بێڕازیبوونی پارلەمان، ئیمتیازی نەوتی ئێران بە هیچ وولاتێك بدات. ئەو پێشنیازە دەبێتە یاسا و ئاوێکی پاك بەدەستی کافتارادزە دا دەکات.

ئەوێك کە مانگو نیوێکە چاوەڕوانە حوکومەتەکەی ساعد بڕوخێت و یەکێکی

دی بێتەجێی و ئیمتیازی نەوتیان بداتێ، ئومێدبڕاو دەبێت و بەهەڕەشەوە و وەك نارەزایی دەربڕینێك دەستبەجێ تاران جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ مۆسكۆ. (٢٦)

مەسەلەی ئازربایجان و كوردستان، لەو كێشەیەوە سەریهەڵدا، ڕەنگە گەر كافتارادزە بەمەرامی خۆی گەیشتبا و بەهەرجۆرێك با ئیمتیازی نەوتی چنگكەوتبا، مەسەلەیەك بەنێوی كۆماری ئازربایجان و كوردستانەوە نەهاتبا گۆڕێ. چونكە تا ئەو كاتەش بەردەوام كوردیان خاوەكردەوە و ڕێگەی وەبەرگرتنی هەڵوێستی لەو چەشنەیان نەدەدان. بەلاّم كە دڵنیابوون لەوەی ئیدی دەوڵەتی ئێران ملنادات، ئەوجا ستالین ئامبازی ئامرازی هەڕەشە و زۆربۆهێنان و چاوزیتكردنەوە بوو. هەتا ئەو دەمكاتە، تاكە ئامرازی دەستی، ئۆردووی سوور و حیزبی تودە بوو. كە دڵنیا بوو لەوەی هەتاسەر ناتوانێت لە ئێراندا بمێنێتەوە و درەنگ یا زوو، دەبێت چۆڵیكات، تودەش بەتەنیا هیچی پێناكرێت، بۆیە ناچار بوو ئامرازی گوشاری توندتر و گرنگتر و زۆرتر بێنێتە گۆڕێ. ئەوجا سەرەتا فیرقەی دیمۆكراتی دامەزراند و كۆماری ئازربایجانی پێدروستكردن، پاشانیش ڕێگەی كوردی دا، ئاواتی چەندساڵەیان بهێننەدی و كۆمارۆچكەیەك دامەزرێنن. كۆمەكی زۆریشی بەهەردوولایان كرد.

هەتا ئێرە وەرامی نیوەی پرسیارە ساكارەكەی خۆمان چنگدەكەوێتەوە، ئەویش ئەوەیە كە ئەو هەموو ماوەیەی سالآنی جەنگ، ڕێگە بە كورد و ئازەریی نەدرا هەنگاوێكی لەو بابەتە هەڵنێن، بەلاّم كە بەرژەوەندییەكانی وایپێویستكرد وەك ئامرازێكی زۆربۆهێنەر و گوشارخەرەسەر ڕایانكێشێتە جەرگەی

ڕووداوەکانەوە و سەودا و مامەڵیان پێوەبکات، ئەوجا ڕێگەی پێدان و پشتگیریشی لێکردن. دیارە لە بازییەکی لەو بابەتەدا تا وەرەقەی زێتری بەدەستەوەبێت، جێپێی قایمتر دەبێت و دەتوانێت باشتر بیجەڕێنێت.

نیوەی دووهەمی وەرامی پرسیارەکەمان لە کایە و ڕۆڵ و پلان و نەخشە و فرۆفێڵ و دەهۆبازیی قەوام سەڵتەنە دا دەدۆزینەوە، کاتێك زۆر ئەهریمەنانە توانی فاقەکەی شوورەوی بە چیلکەیەك پووچ بتەقێنێتەوە.

قەوام سیاسەتبازێکی زۆرزان و بەتەجرەبە بوو، وەك لەهەندێك بەڵگەنامە و دوکۆمێنتی دەستکەوتوو دا دەرکەوتووە، گوایە بەردەوام باڵوێزخانەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرەی لە گشت هەنگاوێك ئاگادارکردووە و ڕاوێژی پێکردوون. دیارە ئەوانیش نەخشە و پلانی پێویستیان بۆکێشاوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاوێژکارییانەدا هەنگاوی هەڵناوە، بۆیە وا سەرکەوتووانە توانی سۆڤیەت بخاتە مەوقعێکەوە، کە بێ هیچ دەستکەوتێك و بێ زیانگەیاندنێکی ئەوتۆ، بەری بۆ بەرهەڵدابکات و بەناچاریی پاشەکشە بکات.

قەوام بازییەکەی خۆی سەرەتا بە پشتگیریکردن و کۆمەك بە تودە دەستپێکرد، بەوە پشتیوانیی فراکسیۆنی تودەی لە پارلەماندا مسۆگەرکرد، ئەوجا هەوڵی دا شوورەوی واتێبگەیەنێت کە دۆستێکیانە و هێندەی لە دەستی بێت هەوڵدەدات ئیمتیازی نەوت بۆ ئەوان مسۆگەربکات. وەك پێشان ڕوونمانکردەوە حیزبی تودە ئەو خۆشبینییەی لای شوورەویش دروستکرد.

قەوام نەهات لەگەڵ کورد و ئازەرییدا گفتوگۆ دەستپێبکات. هەرچەندە بەتاکە تاکە ڕوویەکی واپیێشاندەدان، تا لێکیان بکات و لاوازیانکات، بەڵام ئەو

چاك دەيزانى كردنەوەى گرێكە لەلايەكى ديكەيە، بۆيە يەكەوڕاست چووە كن ستالين و مۆلۆتۆف، لاى ڕوونبوو گەرشوورەوى پێڕازيكرێت دەستيان لێبەرهەڵداكات، ئيدى چ خەتەرێك لە ئارادا نامێنێت و خۆيان دەتليسێنەوە و بەلادا دێن.

ئەوەبوو پاش بوونە سەرەكوەزيران، دەمودەست بە فڕۆكەيەكى تايبەتى شوورەوى چووە مۆسكۆ. عەميدى نورى، كە يەكێك بوو لەئەندامانى وەفدەكەى قەوام ئاوها دەگێڕێتەوە: (لەيەكەم ديدارى وەفدەكە و مۆلۆتۆف دا، ئەم مەسەلانە هاتنەگۆڕێ:

١-مەسەلەى ئيمتيازى نەوت، كە مۆلۆتۆف پێيوابوو نيشانەى دۆستايەتى ڕاستەقينەى شوورەوى و ئێرانە.

٢-مەسەلەى ئازربايجان، كە پێيوابوو مەسەلەيەكى نێوخۆى ئێرانە و دەبێت ئازەرى و دەوڵەتى ئێران خۆيان لەسەرى پێكبێن.

٣-مەسەلەى كێشانەوەى سوپاى سوور، كە ئاڵۆزيى و نيگەرانيى بارى ئێران و نێودەوڵەتيى بە ڕێگرى دەزانى و بەڵێنى دا تا ٢ ى مارت بەشێك لە هێزەكانيان لە ئێران بكێشنەوە. (٢٧)

ڕوون و ئاشكرا ديارە كە مەسەلەى نەوت بەلاى سۆڤيەتەوە مەسەلە جەوهەرييەكەيە ئەوانى ديكە مەسەلەى لاوەكين و ئامرازى گوشار. ئەوەتا شتێك بە نێوى مەسەلەى كوردەوە هەر لەئارادا نييە.

قەوام پاش مناوەرە و ئەمسەر و ئەوسەرێكى زۆر و هاتن و چوونى چەند وەفد و نوێنەرێك، پاشئەوەى شوورەوى لە داخوازيى ئيمتيازى نەوت دێتەخوارەوە و

داوای دامەزراندنی شیرکەتێکی نەوتی هاوبەش پێشچاودەخات، کە ٥١٪ ی بۆ شووره‌وی بێت و ٤٩٪ ی بۆ ئێران. قەوام تێدەگات ئیدی ئەوه لایەنی کەمی داخوازیی شوورەوییە، بۆیە لەگەڵ سادتشیکۆفی باڵوێزی شوورەویدا ئەو پەیمانە مۆردەکات ولەسەرئەوە رێکدەکەون کە بۆبڕیاردان بیخاتە بەردەمی پارلەمان. بەلاّم وا دەورەی چواردەهەم بەسەردەچێت و دەبێت ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکانی دەورەی پازدەهەم بکرێت. ئەوەش بێ هەڵبژاردنێکی ئازادانە نایەتەدی. بۆیە پێویستە ئۆردووی سوورهێزەکانی بکێشێتەوە و رێگەی ئەو هەڵبژاردنە ئازادە فەراهەم بکات. شوورەوی تەنها بەوەوە نەوەستا هێزی خۆی بکێشێتەوە پشتی هەردوو کۆمارەکە بەرهەڵدا کات، بەڵکە لەوە دەترسا، بەرپەرچدانەوەیەکی دژە رژێمی ئێران نیشانبدەن و سەودا و مامەڵەکە لەو تێکدەن، بۆیە بەردەوام ئامۆژگاریی دەکردن کە نەکەن هیچ زەبروزەنگێك بەرامبەرحوکومەتی ئێران بنوێنن وئەوان لەگەڵ رژێمی ئێراندا ئەوەیان براندۆتەوە کە مەسەلەکە بە هێمنی و ئاشتییانە چارەسەربکەن. نەك هەرئەوە، بەڵکە هەموو ئەوچەك و تەقەمەنییانەی بەکۆماری ئازربایجانیشیان دابوو، لەکاتی پاشەکشەیاندا لێیانسەندنەوە. ئەوەتا تەفرەشیان لەو بارەوە دەگێرێتەوە و دەڵێت:

(رووسەکان ٥٦ تۆپی ٧٥ مللیمی دژە زرێپۆش و ١٢ تۆپی ١٠٥ مللیمیی و هەندەك گوللە تۆپ و رەشاشیان پێدابووین، کاتێك کشانەوە، گشت لەگشتی ئەوچەك وتفاقانەیان لێسەندینەوە ولەگەڵ خۆیان بردیاننەوە. تەنها ئەو چوار

تۆپه ٧٥ مللیمه‌یان بۆ جێهێشتین، که خۆمان کاتی خۆی له له‌شکری ئێرانمان گرتبوو). (٢٨)

ئابه‌و جۆره شووره‌وی هه‌ردوو کۆماره ده‌ستکرده‌که‌ی خۆی بێ پشت و په‌نا و به‌ده‌ستی به‌تاڵ به‌رهه‌ڵداکرد و چاره‌نووسیانی دایه‌وه ده‌ست ویژدانی ڕه‌گه‌زپه‌رستانی فارس. به‌داخه‌وه خۆشی دڵۆپێك له‌و نه‌وته‌ی پێنه‌بڕا، چونکه پارله‌مانی ئێران به په‌یماننامه‌که ڕازیی نه‌بوو.

ئائه‌مه هۆی ڕاسته‌قینه‌ی ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌یه که کاك فازڵ په‌نجه‌ی بۆ ڕاکێشاوه و ده‌نووسێت: "له لێکۆڵینه‌وه‌ی کوردەوانییدا له شووره‌وی، زۆر به‌ده‌گمه‌ن خۆله‌قه‌ره‌ی ڕووداوه‌کانی دامه‌زران و ڕووخانی کۆماری مه‌هاباد ده‌ده‌ن. گه‌ر ناچاریشبن ، ئه‌وا زۆر خێرا و کورت و سه‌رپێیی". هه‌قیانه ده‌لاقه‌ی وا گه‌وره به‌هیچ لێفه‌یه‌ك ناگیرێت.

بارزانی چه‌ند ڕاستگۆیانه له‌وباره‌وه له ١١ دێسه‌مبه‌ری ١٩٤٦ دا له بۆکان هاتبووه گۆ و گوتبووی: (ئه‌وه‌ی له‌به‌رده‌م ئۆردووی ئێراندا شکا، کورد نه‌بوو، به‌ڵکه شووره‌وی بوو له‌به‌رامبه‌ر ئه‌مریکا و ئینگلیزدا شکستیهێنا). (٢٩)

به‌داخه‌وه کاك فازڵ له‌م به‌نده‌دا که‌وتۆته چه‌ند هه‌ڵه‌یه‌که‌وه، که ڕاستکردنه‌وه‌یان به پێویست ده‌زانم. بۆیه وا له‌به‌ره‌وه یه‌که‌یه‌که ده‌ستنیشانیان ده‌که‌م:

له ل٨٥ دا ده‌نووسێت: "ڕژێمی ئێران پارتی کۆمۆنیستی یاساغکرد و له ژونی ١٩٣١ دا پاکسازیی کۆمۆنیستانی ده‌ستدایه. ئه‌مه کۆتایی چالاکی پارتی

کۆمۆنیست بوو. ئیدی ئەو کاتە پارتێکی نوێ دامەزرایەوە کە لەشکری سوور لە ١٩٤١ دا چووە ئێرانەوە".

ئەم زانیارییەی کاک فازڵ هەڵەیە. پارتی کۆمۆنیست لە ١٩٤١ دا دانەمەزرایەوە، بەڵکە لە ١٩٣٥ دا لەلایەن دوکتۆر (تەقی ئەرانی)یەوە دامەزرێندرایەوە. دوکتۆر ئەرانی لەو ساڵەدا بە بیانووی گەشتێکی ئینگلتەراوە، بە مۆسکۆدا تێدەپەڕێت و لەوێ پەیوەندیی بە برێك لەبەشدارانی حەوتهەمین کۆنگرەی ئومەمیی شیوعییەوە دەکات. پاشان کۆمینتێرن نەسروڵڵا کامران (ئەسلانی) بەدزییەوە دەنێرێتەوە ئێران، تا پەیوەندیی بە دوکتۆر ئەرانییەوە بکات و پارتی کۆمۆنیست دامەزرێننەوە. کامران بەدزییەوە دەچێتەوە تاران و پەیوەندیی بە ئەرانی و دۆستە دێرینەکانییەوە دەکات و پاش کۆشش و تەقەلایەکی زۆر، بڕیاردەدەن پارتی کۆمۆنیستی ئێران دابمەزرێننەوە. کۆمیتەیەکی کاتی سێقۆڵی پێکدەهێنن و تا کۆنگرەی سێهەم ئەرکی بەڕێوەبردنی حیزبەکە لەئەستۆ دەگرن. کۆمیتەکە بریتیی دەبێت لە:

١-دوکتۆر تەقی ئەرانی سکرتێری گشتیی

٢-عەبدولصەمەد کامبەخش بەرپرسی ڕێکخستن

٣-دوکتۆر محەمەد بەهرامی بەرپرسی دارایی

پاشان ئەو حیزبە ووردە ووردە تەشەنەدەکات و ژمارەیەکی زۆر خوێندکار و ڕۆشنبیر کۆدەکەنەوە. بەڵام لە ١٩٣٧ دا ئاشکرادەبن و پۆلیس ٥٣ نەفەریان دەگرێت. ئەو ڕووداوە لە مێژووی کۆمۆنیستانی ئێراندا بە (پەنجا و سێ نەفەر) ناسراوە. هەر پەنجا و سێ نەفەرەکە دەدرێنە دادگا و لە زیندانیان توندەکەن.

دوکتۆرئەرانی پاش چەند سالێك لە زینداندا کۆچی دوایی دەکات. ئەوانی دی پاش هەڵهاتنی ڕەزاخان، لەبەرەوە ئازاد دەکرێن. (٣٠)

لە لاپەڕە ١٨٧ دا دەنووسێت: "هەروەها لە عێراقیش، کە ناوچەیەکی قۆرخکراوی ژێر دەستەلاتی ئینگلیز بوو، مایسی ١٩٤١، ئەفسەرە عارەبە ناسیۆنالیستە سەربە ئاڵەمانەکان، کودەتایەکی دژە بەریتانیایان ڕێبەرایەتی کرد".

چاکتروابوو کاکە فازڵ هێمای بەوە کردبا، کە مەبەست لەوکودەتایە ڕاپەڕینەکەی ڕەشید عالی گەیلانییە، تا بۆ خوێنەری نەشارەزا بە ڕووداوەکان، تەواو ڕوون بێت مەبەست کامە کودەتایە. پێشتریش هەمان سەرنجم سەبارەت بە کودەتاکەی شەواف هەبوو.

نووسەرلەلاپەڕە ١٩٦ دا دەنووسێت : "لە مارتی ١٩٤٥ دا لە مەهاباد پێشهاتێکی کولتووریی زۆر گرنگ ڕوویدا، یەکەم ئۆپەرای کوردی بەنێوی (دایکی نیشتمان) ەوە پێشکەش کرا".

ڕاستە پێشهاتێکی کولتوریی زۆر گرنگ و پڕبایەخ بوو، بەڵام ئۆپەرا نەبوو، بەڵکە شانۆگەرییەکی سادە و ئاسایی بوو. جوداوازیی نێوان ئۆپەرا و شانۆگەری ئاشکرایە، لە ئۆپەرادا ڕووداوەکان بە ئاوازی گۆرانییەوە و بەدەنگێکی تایبەتەوە دەگێڕدرێنەوە و مۆسیقاش لەگەڵیدا هاوئاهەنگە. لە شانۆگەریدا ڕووداوەکان بە گوتەی ئاسایی دەگێڕدرێنەوە و گەر مۆسیقاشی لەگەڵدابێت هاوئاهەنگ نییە و تەنها مۆسیقای تەصویرییە.

لە لاپەڕە ٢٠١ دا دەنووسێت: "کۆمۆنیستەکانی ئازربایجان لە کۆماری گیلان دا چالاك بوون. یەکێك لە دامەزرێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئێران، جەعفەر پێشەوەری بوو، خەڵکی ئازربایجان و لەکۆماری گیلاندا وەزیری دەرەوە بوو. دوای ڕووخانی کۆماری گیلان، لەگەڵ هەزاران ئازربایجانییدا بۆ سۆڤیەت هەڵهات. پاش هاتنی سوپای سوور، پێشەوەری لەگەڵ پەنابەرێکی زۆردا بۆ ئێران گەڕایەوە ".

ئەم زانیارییەی کاك فازڵ ڕاست نییە. بەپێی بڕێك سەرچاوەی دژەکۆمۆنیستیی ئێران، گوایە پێشەوەری هەرئێرانییش نییە، بەڵکە خەڵکی ئازربایجانی سۆڤیەتە و لەسەردەمی کۆماری گیلان دا نێوی جەعفەرجەوادۆف بووە. پاش هەرەسی کۆماری گیلان، وەك کاك فازڵ نووسیویە، بۆ شوورەوی هەڵدێت، بەلاّم پاش ماوەیەك بەدزییەوە دەگەڕێتەوە ئێران و دەست بە جموجۆڵ و چالاکیی سیاسی دەکاتەوە. بەلاّم لە ١٩٢٥ دا لەگەڵ چەند کۆمۆنیستێکی دیکەدا دەگیرێت و لەزیندانی قەسر توند دەکرێت، تا هاتنی سوپای سوور و ڕاوەدوونانی ڕەزاخان، ئەو کاتە ئازاد دەکرێت. نەك گوایە پاش هاتنی ئۆردووی سوور گەڕابێتەوە بەدیوی ئێراندا، وەك کاك فازڵ بەهەڵە نووسیویە.

ئەوەتا دوکتۆر ئەنوەر خامەیی لە بیرەوەرییەکانی زیندانی قەسری دا ئاوها دەگێڕێتەوە: (کۆنەکان، بەو کۆمۆنیستانەمان دەگوت کە لەساڵی ١٣١٠ ەوە یاخود زووتر گیرابوون و لە زیندان دابوون. هەموویان ئەندامان و سەرکردەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون، کە ساڵانی ١٣٠٩ و ١٣١٠ هەڵوەشابووەوە.

گرنگترین و دیارترینیان پیشەوەری و ئەرداشس ئەوانسیان بوون. پێشەوەری زۆرتر تەنها و کەنارگیر بوو، چونکە چ لایەنگرانی یوسف وچ لایەنگرانی ئەرداشس، ئەویان بە ئۆپۆرتونیست و سازشکار تاوانبار دەکرد و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵیدا نەبوو وێلیان کردبوو). (٣١)

دوکتۆر خامەیی لەگەڵ لەك شوێنی بیرەوەرییەکانی زینداندا، دەربارەی پێشەوەری و بەسەرهات و رووداوەکان، یادەوەریی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

کاك فازڵ لە لاپەڕە ٢٠٩ دا دەنووسێت: "بە پێچەوانەی ئازربایجانەوە، لە کۆماری کوردستاندا هیچ باسێك دەربارەی سۆسیالیزم و چارەسەرسازیی زەوی و خۆماڵیکردن لەئارادا نەبوو. سەرجەم پڕوپاگەندە و سیاسەتی کۆمارەکە ناسیۆنالیستانە بوو".

لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند خاڵێك ڕوونکەمەوە:

١-دەبێت باری دواکەوتوویی کوردستان لەو ڕووەوە تێبخوێنینەوە. وەك نووسەرخۆی لە شوێنێکی دیدا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە، کوردستانی ئێران دواکەوتووترین پارچەی کوردستان و یەکێك لە پاشکەوتووترین ناوچەکانی ئێران بوو، ئەویش بەهۆی ئەو پشتگوێخستن و فەرامۆشییە ئەنقەستەی ڕژێمەوە. بۆیە ئەو پارچەیەی کوردستان، تا ئەودەمە وەکو کۆمەڵایەتییەکی فیۆدالیزمی دوور لە پیشەسازیی و پێشکەوتن، مابووەوە. دیارە لە حاڵوبارێکی ئاوهادا، مەسەلەی سۆسیالیزم و چارەسەرسازیی زەوی، مەسەلەیەکی خەیاڵی دەبێت. تایبەت کە زۆربەی هەرە زۆری دەرەبەگ و ئاغاکان، هەر لەسەرەتاوە پشتگیریی کۆمارەکەیان کرد و گەلەکیان ڕێشمەی سەرکردایەتی بزووتنەوەکەشیان کەوتە

دەست. جگەلەوە ماوەی یازدە مانگتەمەن، بۆ حوکومەتێکی تازەدامەزراو، هێند کورت و کەمە کە فریاری شەقاونانی وا گەورە نەکەوێت.

٢-ڕاستە لە ئازربایجان بەهۆی بوونی پارتێکی کۆمۆنیستی وابەستە بە شوورەوییەوە، زۆر دەم لەمەسەلەی سۆسیالیزم و چارەسەرسازیی زەوی و خۆماڵیکردنی سینعەتەکان دەژەنرا، بەلاّم هیچ هەنگاوێکی عەمەلی بۆ هەڵنەنرا. دیارە لەوێش وەکو کوردستان، ماوەی دەستەلاّداریّتی فیرقە کەم بوو. تەنها کارێك و چارەسەرسازییەك کە کرابێت، دابەشکردنی زەوی و موڵکی ئەو فیۆدالانە بوو، کە ئازربایجانیان جێهێشت و بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران هەڵهاتن و لەمپەڕی دوژمنایەتییان لە کۆمارەکە گرت، کە پێموایە ڕووداوی لەو بابەتە لەکوردستان یا نەبووە یاخود زۆرکەم بووە. لە ئازربایجانیش زەوی و موڵك و بەرژەوەندیی هیچ یەکێك لەو دەرەبەگ و سەرمایەدارانەی کەپشتگیریی کۆمارەکەیان دەکرد، نەکەوتە خەتەرەوە. هەتا زۆر لەو بۆرژوا و سەرمایەدارانەی خەریکی ئاڵوێڵ بوون و پەیوەندییەکی چاکیان لەگەڵ شوورەویدا سازدا و ئاڵوگۆڕی بازرگانییان دەکرد، حاڵ و داهاتیان، لەسەردەمی پێش کۆمارەکەش چاکتر بوو. (٣٢)

٣-وەنەبێت بیری ناسیۆنالیزم لە ئازربایجان ووزەی لێبڕابێت و خەفە بووبێت، بەپێچەوانەوە، ئەوانەی حاڵوبارەکەی ئەوێیان دیتووە و بیرەوەرییەکانیان بۆ تۆمارکردووین، دەگێڕنەوە کە بیری ناسیۆنالیزم لە ئازربایجان لەوپەڕی توندی و دەمارگیرییدا بووە. تایبەت لەکن ئەو هەڵهاتووانەی کە ماوەیەکی زۆر پەنایان بۆ شوورەوی بردبوو و لەسەروەختی

جەنگدا بۆ ئێران گەڕابوونەوە و بووبوونە کاریەدەستی ڕاستەقینەی فیرقە، خەونی هەمیشەییان داپچڕان بوو لە ئێران و پەیوەستیی بوو بە ئازربایجانی شوورەوییەوە، تا ئازربایجانێکی یەکگرتوو بێتە ئاراوە. ئەم بیرە لەلایەن گەلەك لەکاریەدەستانی سوپای سووری هاوڕەگەزیانەوە دنەدەدرا و پشتگیریی لێدەکرا. هەتا باقرۆف خۆی گوتبووی: (ئیدی سنووری نێوان هەردوو ئازربایجان لەڕووی کولتوری و ڕەسمییەوە لە نێواندا نەما و ڕۆژێك دێت کە تەنها یەك ئازربایجانی یەکگرتوو دەبێت). (٣٣)

٤-مادامێکی بەراورد هاتەپێش، بریا و خۆزیا کاکە فازڵ پەنجەی بۆ مەسەلەیەکی گرنگ و پڕبایەخیش ڕاکێشابا، ئەویش حاڵوباری خەڵکەکەیە لەژێر سایەی ئەو دوو ڕژێمەدا.

ئەوانەی هەردوو کۆمارەکەیان دیتووە، یاخود یەکێکیانیان دیتووە، گەواهی ئەوە دەدەن کە لە کۆماری کوردستاندا، ڕژێمێکی میللی تەواو دێمۆکراسییانە حوکمفەرما بووە. ئازادییەکی تەواوی ڕادەربڕین و هاتوچۆ و سەربەستییەکی بێوێنە بەرقەراربووە. نە پۆلیسی نهێنی و نەهیچ دەزگەیەکی چاوزیتکردنەوە و سەرکوتکەرانە لە ئارادا نەبووە. لەماوەی ئەو یازدە مانگەدا تەنها نەفەرێك لە کۆماری کوردستاندا کوژراوە، ئەویش لەسەر خوێن و دوژمنایەتی کۆن. (٣٤) بەپێچەوانەی کۆماری ئازربایجانەوە کە بە سەدان کەس ئیعدام کراون و گەلەك لە کاریەدەستانی فیرقە بوونەتە ئامرازێکی داپڵۆسێن و خەڵك تۆقێن. با سەرێك بە بیرەوەرییەکانی ئەو کۆمۆنیستانەدا شۆڕکەینەوە کە بەسەرهاتەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، وەکو (خلیل ملکی: خاصیراتی سیاسی)، (تفرشیان: قیام افسران

خوراسان)، (انورخامەای: فرصتی بزرگ از دست رفتە)، ئەوجا دەزانین چ تاوانێك لە ئازربایجان کراوە. لێرەدا تەنها دوو نموونە پێشچاو دەخەم:

خامەیی لە زمانی دوکتۆر عینایەتوڵلاّ ڕەزاوە، کە یەکێك بووە لە ئەفسەرە دانا وکارامەکانی فیرقە، دەگێڕێتەوە: (ڕۆژێك بە یەکێك لە گۆڕەپانەکانی تەورێزدا تێدەپەڕیم، دیتم سێدارەیەك چەقێنراوە وخەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە. چوومە پێشەوە تا بزانم چ ڕوویداوە، دیتم ژەنەراڵ عەلی کاویانی وەزیری جەنگ زۆر تووڕە و ئالۆز لەبەردەم سێدارەکەدا وەستاوە. لەپڕ فیدائییەك هات و دڕی بەخەڵکەکەدا وخۆی گەیاندە کن ژەنەراڵ. ژەنەراڵ خێرا پرسی: ها چبوو؟ فیدائی گوتی: قوربان دەڵێن هێشتا داوەریکردنی تەواو نەبووە! ژەنەراڵ زۆر بە تووڕەییەوە گوتی: دەوید باب، داوەریی چی؟ نابینی خەڵکیی چاوەڕێی مەراسیمی ئیعدامین، ڕاکە ڕایکێشە بیهێنە).

تەفرەشیان خۆی یەکێك بووە لە ئەفسەرە توودەییەکان، دەگێڕێتەوە:

(لە یادمە جارێك پێشەوەری هاتە سەردانی سەربازگەکەمان. لەکاتی هاتنیدا، ئەفسەری ئێشکچی لە چێشتخانە سەرپەرشتیی دابەشکردنی ژەمە خواردنی سەربازەکانی دەکرد. پێشەوەری لێیپرسی: بۆچ ژووری خۆتت جێهێشتووە؟ ئەفسەری ئێشکچی وەرا میداوە: قوربان خۆ نابێت من هەمیشە لەپشتی مێزەکەمەوە دانیشم، ئەرکی ڕاستەقینەی من ئەوەیە سەرپەرشتی هەموو کارێك بکەم، هەتا دابەشکردنی خواردنیش. پێشەوەری لەوەرامەکەی زۆر تووڕە بوو، فەرمانی بە سەربازەکان دا، لەئەفسەرەکەیان هەڵدەن. سەربازەکان

ئامـــادە نـــەبوون كـــاری وا بكـــەن. ئـــەوجا پێـــشەوەری فـــەرمانی بـــە یـــاوەرو یاساوڵەكانی خۆی دا، لە ئەفسەرەكەبدەن، ئەوانیش چاك چاك كوتایان.

ئەفسەرانی سـەربازگەكە، وەك نـاڕەزاییـەك لـەو ڕەفتـارەی پێـشەوەری، چـەند ساتێك مـانیانگرت، بەڵام دواترلـەترسدا پەشیمـان بوونەوە). (٣٥)

لـەو بیرەوەرییانـەدا ڕووداوو بەسـەرهاتی گەلـەك لەوانـە سـەیرترو دڵتـەزێنتر دەخوێنییەوە، كە لە كۆماری كوردستاندا ڕوونەداوو نەدیتراو و نەناسراون.

كـاك فـازڵ لـە ل١٩٨ دا دەنووسێـت: "پێـشنیـازێكی دیكـەی شـوورەوی ئـەوەبوو كە نێوی ڕێكخراوەكەیان لە كۆمەڵەی ژیاندنەوەی كوردەوە بۆ پارتی دێموكراتی كـــورد بگـــۆڕن، چـــونكە حیزبـــی تـــودە ڕێكخـــراوی ئازربایجـــانی خـــۆی هەڵوەشاندبووەوە و لەبریتی وی پارتی دێموكراتی ئازربایجانی دروستكردبوو".

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دوو خاڵ ڕوونبكەمەوە:

١-هەرچەندە فیرقـەی دێموكرات لـەسەر داروپەردووی تودە دامەزرا وخۆی ڕێكخست، بـەلام هـەربە فیرقـەی دێموكرات نـاسراوە، نـەك حیزبی دێموكراتی ئازربایجان، وەك كاك فازڵ لە زۆر شوێندا بەهەڵە نووسیویە.

٢-ئـەو بانگاشـەیەی لـە هەنـدەك ئـەدەبیاتی تـودە دا دەیخوێنینـەوە، كە گوایـە خۆیـان لقـی ئازربایجانیـان هەڵوەشـاندۆتەوەو فیرقـەی دێموكراتیـان لـە جێگـە دامەزراندووە، زۆر لە ڕاستییەوە دوورە. تا باشتر ئەوكودەتایە ڕوونبێتـەوە كە لـە تودە كرا، با بڕوانینە بیرەوەرییەكانی یەكێك لە تودەییە ئاگادارەكانی ئەو دەمە:

"هێشتـا ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خۆراسان بەتەواوی خامۆش نەكرابوو، لـە ڕۆژی ١٢ ی شەهریوەردا، فیرقەی دێموكراتی ئازەربایجـان، بـانگی دامەزرانـدنی خۆی

هەڵدا. نەخشەی دامەزراندنی ئەوفیرقەیە، زۆرزووترلەلایەن کاربەدەستانی شوورەوییەوە کێشرابوو. چاکترین کەسانێك کە بۆ ئەرکە پەیدایان کردن، پێشەوەری و میرزا عەلی شەبوستەری و سەلامولّلاّ جاوید بوون. پێشەوەری لە نیوەی یەکەمی مانگی مورداد دا، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی (ئاژیر) ی بە دۆستانی وەکو کەریم کشاوەرزو فەرەیدون ئیبراهیمی سپارد و خۆی بۆ دامەزراندنی فیرقە چووە تەورێز. ئەو کاتە بەرپرسی لقی حیزب لە تەورێز، عەلی ئەمیرخیزی بوو، ئارداشس ئاوانسیانیش لەلایەن کۆمیتەی نێوەندییەوە بۆ سەرپەرشتیی لقەکە دانرابوو. بەهۆی ئەو گیرو گرفتە زۆرانەی لەولقەدا هەبوو و بە پلەی یەکەم پەنابەرانی گەڕاوەی شوورەوی لێیبەرپرس بوون، چونکە بایەخییان بە حیزب نەدەدا و یەکە وڕاست بە دەزگەکانی سوپای سوورەوە پەیوەست بوون. لەکۆتایی ۱۳۲۳ دا کۆمیتەی نێوەندیی ، خەلیل مەلەکی بەدەستەلاّتی تەواوەوە نارده تەورێز، تا باری لاری حیزب ڕاستکاتەوە. مەلەکی دەچێتە ئەوێ و دەست بە پاکسازیی حیزب دەکات. پەنابەرانی ئازربایجان و دژەکانی، لای دەستەلاّتدارانی شوورەوی بۆیتێدەچێنن. ئەوانیش دەستبەجێ لەڕێی باقرۆفەوە باڵوێزخانەی خۆیان ئاگاداردەکەنەوە و مەلەکی لە ئازربایجان دووردەخەنەوە.

ماکسیمۆفی باڵوێزی شوورەوی، بۆیەکەمینجارلەگەڵ گشت ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندیی کۆبووەوە، فەرمانی دوورخستنەوەی مەلەکی پێدان. پێشەوەری، ئارداشس وعەلی ئەمیرخیزییش دووردەخاتەوە وصادق پادگان کە لە دۆستە نێزیکەکانی خۆی بوو، دەکاتە بەرپرسی لق. نەخشەی دامەزراندنی

فیرقـەی دێمـۆکرات ، لەلایـەن باقرۆفـەوە کێـشرابوو. ئـەوقلیـۆفی کونـسوڵی شوورەوی لە تەورێز ئاگادار دەکات و بۆ جێبەجێکردنی ئەوکارە، ئاتاکیشیۆفی یاریـدەدەری خـۆی دەنێرێتـە تـەورێز. هەڵبـژاردنی پێـشەوەری بـۆ ئـەوکـارە، بـە ڕاوێژکاریی ئەوسێیە و ڕەزامەندیی باڵوێزخانەی شوورەوی بوولەتاران.

بـەلاّم پێـشەوەری و هاوکـارانی، ئـەو مەسـەلەیەیان لەسـەرکردەکانی حیـزب دەشاردەوە. لەڕاستییدا ئەوە پیلانێك بوولە حیزبی تودە کرا. لەوەش دەردناکتر ئەوەیـە کـە ئـەو پیلانـە بەدەسـتی کاربەدەسـتانی شـوورەوی نەخشەکێـشکرا، کاربەدەستانێك ، کەخۆیان حیزبی تودەیان دامەزراند.

ئەوەبوو صـادق پادگـان لـە ١٢ ی شەهریوەر دا، خەنجـەری لـە پـشتی حیزبـی تـودە دا و دەزگـەی حیزبـی تەسلیم بە پێشەوەری کـرد، هـەتا هیـچ پرسـێکی بـە کۆمیتـەی نێوەنـدییش نـەکرد. ڕێبـەرانی حیـزب بەڕادەیـەك لـەو ڕەفتـارە تـوورە و نــاڕازیبوون، کــە دەســتبەجێ پلێنــومێکی کۆمیتــەی نێوەنــدی و کۆمیــسیۆنی تـەفتیش سـازکرا و بـەتێکڕای دەنـگ نـاڕەزایی بەرامبـەربەو هەڵوێـستەی لقـی ئازربایجـان دەربـڕرا. بەیاننامەیـەك لـەوبـارەوە نوسـرا، بـەلاّم چـونکە ئـەو دەمە ڕۆژنامـەکانی حیـزب داخرابـوون و یاسـاغ بـوون، بۆیـە بـۆ چـاپخانە نێـردرا، تـا چاپ و بلاّوکرێتەوە.

کامبەخش، بە تەجرەبە دەیزانی کە صادق پادگان خۆبەخۆ ئەوکارە ناکات و دیــارە بــە فــەرمانی دەســتەلاّتدارانی شــوورەوی بــووە، بۆیــە بــێ ئاگــاداریی کۆمیتـەی نێوەنـدیی دەچێتە چـاپخانە و داوایـان لێـدەکات کـە جـارێ چـاپی ڕاگـرن. ئەوسـا دەچـێتە باڵوێزخانـەی شـوورەوی و هـەموو مەسـەلەکەیان بـۆ

دەگێڕێتەوە. ئەوانیش بە پەیوەندیکاری حیزب ڕادەگەیەنن کە ئەو بەیاننامەیە هەڵەیە و نەکەن شتی وا بلاوکەنەوە. بۆیە کۆمیتەی نێوەندیی لە ئاستی ئەو ڕووداوە دا بێدەنگ و بێهەڵوێست مایەوە."

جا پاشان حیزبی تودە ناچارە بلێت کە خۆیان بەو کارە هەڵستاون. دەنا دەبێت دان بەوەدا بنێن کە بالۆیزخانەی شوورەوی لە سەروو حیزبەوە بووە و هەرچی خواستبێت یا ڕاستەوخۆ بە حیزبیان کردووە، یا بێپرس و ئاگاداریی ئەوان کردوویانە.

بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لە عێراق و سۆڤیەت [٣٦]

"سەرەڕای ئەوەی زنجیرەیەك ڕاپەڕین و شۆڕشی نیشتمانیی لەم پارچەیەدا هەمیشە لەکڵپە و بڵێسەدا بووە و کورد لێرە دژی هێزی چاوچنۆکی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و عێراقی وابەستەی جەنگاوە، کەچی لەنێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا، سۆڤیەت هیچ ڕوویەکی پێشانی مەسەلەی کورد لەم پارچەیەدا نەداوە. بەلاّم لەپاش دووهەم جەنگەوە سۆڤیەت خەریکی ڕایەڵکردنی داوی پەیوەندیی بووە لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لە عێراقدا. پەیوەندیی سۆڤیەت لەگەڵ تاکە تاکەی ئەو بزووتنەوەیەدا و لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکەدا، چاکترین داردەست بوو بۆ گوشارخستنە سەر ئەو ڕژێمانە. سۆڤیەت هیچکات پشتگیریی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی عێراقی بۆ جوودابوونەوە لە عێراق نەکردووە، بەڵکە تەنها بۆ بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی لە چێوەی عێراقدا. ئا ئەو جۆرە پەیوەندییە بە چاکترین شێوە خزمەتی پلانە ستراتیژییەکانی سۆڤیەتی کردووە.

لە پاش دووهەم جەنگی جیهانییەوە، بار و دۆخی سیاسەتی جیهانیی هەلودەرفەتێکی دیکەی وەك بازییەکەی مەهابادی بۆ سۆڤیەت نە ڕەخساندەوە. بۆیە بەردەوام هەوڵیداوە جێپێیەك لای حوکومەتە نێوەندییەکان بۆخۆی بکاتەوە. لە عێراق دەرفەتی ئەو جۆرە پەیوەندییە، یانی نارەسمیی و نیوە ڕەسمییە لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکاندا ڕەخسا، کە پاشان ڕێگەی ئەوەیان بۆ سۆڤیەت خۆشکرد دەستی بە حوکومەتی نێوەندییدا بگات. سالاّنی نێوان ١٩٥٨-١٩٧٥ باشترین هەل و دەرفەت بوو بۆ بەگەڕخستنی ئەو پلانە ستراتیژییانە. لەو سەردەمانەدا، زۆربەی کات، شوورەوی داوی پەیوەندییەکی

چاکی لەگەڵ ڕژێمە یەك لەدووی یەکەکانی عێراقدا گرێداوە. بەڵام بەهۆی ئەو کودەتا و هێزگۆڕکێ بەردەوامانەوە، ئەوپەیوەندییانە گەڵەکجار، کزی و کەنەفتی و نا دڵنیاییان بەخۆوە دیتووە. بۆیە شوورەوی بەردەوام پەیوەندیی نیوەڕەسمیی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دا هەبووە، تا بەپێی هەڵوێستی ڕژێمەکە، وەك هێزێکی پشتگیرییکەر، یاخود وەك هێزێکی زۆربۆهێنەر، بەرامبەر ڕژێمەکە هەڵیانسووڕێنێت.

بەو شێوەیە شوورەوی ڕۆڵێکی گرنگی لە بوژاندنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقدا بەسەرکردایەتی بارزانی، دیتووە. لە پەنجاکاندا، بەو هۆیانەوە کە ڕژێمی عێراق هەڵوێستێکی دژە شوورەوی و سەربەڕۆژئاوای وەبەرگرتبوو، لە پەیمانی بەغدای ئەنتی سۆڤیەتدا بەشداربوو، بارزانی لەشوورەوی پەنابەربوو، سۆڤیەت ڕوویەکی چاکی پێشانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دەدا. هەرچەندە زانیاریی دەربارەی چۆنیەتی ئەو پەیوەندییانە، شاردراوە و کەمزانراون.

لەپاش ١٩٥٨ ، کاتێك عێراق پەیوەندیی دیپلۆماسییانەی لەگەڵ سۆڤیەتدا بەستەوە و بارزانی و هاوەڵەکانی گەڕانەوە، ئەو پەیوەندییە نیوەڕەسمییەی نێوان سۆڤیەت و پارتی دێموکرات هەربەردەوام بوو. جارجارە وەفدی کورد داوەتی سۆڤیەت دەکران، زەماڵە و کورسی بەخوێندکارانی کورد دەدرا.

پاش ١٩٦٣، شوورەوی پشتگیریی تەواوی لە شۆڕشی کورد دەکرد، لانی کەم دووجارانیش کەوتە نێوان شۆڕشی کورد و ڕژێمی عێراقەوە".

پاشان نووسەر بەشێوازێکی پوخت و پاراو باسی دامەزراندنی پارتی دێموکرات، هەر لە حیزبی هیوا و ڕزگاریی و کۆمەڵەی ژێکافەوە، تا شۆڕشی بارزانی ١٩٤٣ دەکات. ئەوجا باسی تەنینەوەی ئەو بیر و بۆچوونانەی سەردەمی جەنگ دەکات، کە زۆر کورد پێیانوابوو تەنها بە کۆمەکی سۆڤیەت ئازادیی بەدەست دەهێندرێت. وەك بەڵگە پەنجە بۆ ئەو نامەیە ڕادەکێشێت کە کۆمەڵەی ژ.ك، لە ١٩٤٥ دا بۆ بارزانییان نووسیوە.

لە پەراوێزی ژمارە ٧ ی لاپەڕە ٢٣٧ دا، کە لە لاپەڕە ٢٦٦ دا، ئەو پەراوێزە ڕوونکراوەتەوە، دەنووسێت: "دەقی ئەم نامایە، بۆ یەکەمینجار لەم کارنامەیەدا بلاّودەکرێتەوە". پاشانیش لە ل ٢٨٢ دا دەقی نامەکە وەك پاشکۆیەك بلاّودەکاتەوە.

بەداخەوە دەبێت بلّێم ئەو بانگاشەیەی کاك فازڵ ڕاست نییە، چونکە شەش مانگ بەر لە تەواوبوونی کارنامەکەی ئەو، لەلایەن خوشکە نەرمین ئەبوبەکرەوە بلاّوکراوەتەوە. (٣٧) مەگەر مەبەستی کاك فازڵ ئەوەبێت کە بۆ یەکەمجارە بە ئاڵەمانی بلاّودەکرێتەوە، هەرچەندە هیچ هێمایەکی لەو بابەتەی تێدا نییە. ئەز پێموانییە کاك فازڵ لە بلاّوبوونەوەی ئەو نامەیە بێئاگابێت. ئەگەر ئەو پێش خوشکە نەرمین ئەو نامەیەی گیرکەوتبێت، ئەوا دەیتوانی پێشئەوەی چاپی کارنامەکەی تەواو بێت، ئەو دێڕە "بۆ یەکەمینجارە لەم کارنامەیەدا بلاّودەکرێتەوە" لابەرێت و بیسڕێتەوە. چونکە چیدی یەکەمجار نەما و بەر لە کارنامەکەی ئەو بلاّوکراوەتەوە.

لەو گەشتە مێژووییەی کاك فازڵ بەڕووداوەکانی سەردەمی پارتی دێموکراتدا کردوویە، دەتوانین ئەم خاڵانە پوختەکەین:

١-بەهۆی بارودۆخی دووهەم جەنگی جیهانییەوە و بوونی سۆڤیەت لەبەشێکی کوردستانی خۆرهەڵاتدا، دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لەسەر داوای کاربەدەستانی سۆڤیەت بووە و بەڕاوێژکاریی ئەوان کراوە. هەتا برێك لەسەرکردەکانیشی ئەوان بەسەر حیزبەکەیاندا سەپاندوون، وەك شێخ لەتیفی حەفید و کاکە زیادی کۆیە. سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کەسێکی وەك هەمزە عەبدوڵلا لەڕیزی پێشی پێشەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دا، لەسەر داخوازی پارتی کۆمۆنیستی سوریا و خالید بەگداش بووە.

٢-بەوهۆیەوە پرۆگرامی پارت لەسەرەتاوە تەواو چەپیی بووە و بەلای بەرەی ڕۆژهەڵاتدا دایشکاندووە. هەتا لە سێهەم کۆنگرەیدا کە ساڵی ١٩٥٣ سازکرا، خۆی بە پارتێکی مارکسیی لێنینی لە قەڵەم داوە.

٣-داخوازیی و ئامانجی پارتەکە لەسەر داوا و ڕاوێژی شوورەوی لە داوای ئۆتۆنۆمی تێنەپەڕاندووە.

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیی نێوان پارتی دێموکرات و پارتی کۆمۆنیست، بێ تێکگیربوون و دژایەتی نەبووە. هەرایان لەسەر ئەم خاڵانە بووە:

١-ئایا کورد نەتەوەیە یان نا؟ کۆمۆنیست کوردی بەنەتەوە نەزانیوە، چونکە بەپێی بۆچوون و تێزەکانی ستالین لەبارەی نەتەوەوە، لەبەر ئەوەی کورد

ئابوورییەکی هاوبەشی نییە، یانی یەکێك لەمەرجەکانی نەتەوەی تێدا نییە، کەواتە کەمەنەتەوەیە.

٢-کام لا مافی پیشڕەوایەتی جەماوەری لە کوردستاندا هەیە؟

٣-چارەسەری کێشەی کورد چییە ؟

لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا، دوو ڕووداوی ناوچەیی گرنگ، بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیان زێتر بەرەو نێزیکبوونەوە لە شوورەوی بەکێشکرد:

١-بەستنی پەیمانی بەغدای ١٩٥٥ ی نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و پاکستان، کە لەلایەکەوە بۆ دژایەتی شوورەوی و لە لایەکی دییەوە دژی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد تەون کرابوو.

٢-لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ناوچەیە پاوانی هێزە ڕۆژئاواییەکان بوو، شوورەوی توانی جێپێیەکی کەم لەهەندەك لەو وولاتانەدا بۆخۆی بکاتەوە. ناردنی چەك بۆ میسر و سوریا و پشتگیریکردنی میسر لە جەنگی سوێسی ١٩٥٦ دا، یەکەم شەقاوی ئەو جێپێی خۆکردنەوەیە بوو".

لەتەك ئەو دوو هۆیەدا کە کاك فازڵ دەستنیشانی کردوون، کە دەتوانین بەهۆ دەرەکییەکانی ئەو نێزیکبوونەوەیەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و سۆڤیەت نێویان بەرین، چەند هۆیەکی گرنگی نێوخۆییش هەبوون ، کە دەکرێت لەم خالانەدا کۆیانکەینەوە:

١-ئەو دەمە پارتی دێموکراتی کوردستان حیزبی تاقانەی کورد بوو. سەرۆکەکەی کە نێوێکی گەلەك درەوشاوەی هەبوو، وەك پاڵەوان و سەرکردەیەکی میللی ناسرابوو، لە سۆڤیەت پەنا درابوو. ئەمە خۆی لەخۆیدا،

هۆیەکی گرنگ بوو بۆ بەرزبوونەوەی پایەی خۆشەویستی و ڕێزی سۆڤیەت لەدڵی ئەندامانی حیزبەکە و جەماوەرێکی زۆری میللەتەکە دا.

٢-سەرکردایەتی ڕاستەقینەی حیزبەکە، تایبەت باڵی هەمزە عەبدوڵڵا، لایەنگرو دۆستێکی بێ چەند و چوونی شوورەوی بوون. هەڵوێست و هەڵسەنگاندنەکانی سەرکردایەتییەکە، لەکن جەماوەری حیزبەکەش ڕەنگیدەدایەوە. نووسەر خۆی لە ل ٢٤١ دا پەنجەی بۆئەوە ڕاکێشاوە، کە هەمزە عەبدوڵڵا داکراوی دەستی خالید بەگداش و پارتی کۆمۆنیستی سوریا بووە.

٣-کۆمۆنیستەکان و سەرکردە مارکسیستە سەر بە سۆڤیەتەکانی پارتی، بەردەوام مەسەلەی دامەزراندنی کۆماری مەهابادیان وەبیر میللەتەکە دەهێنایەوە، کە چۆن بە کۆمەکی سۆڤیەت دامەزرا. چەندە قەوارەی ئەو کۆمەك و ڕۆڵەی سۆڤیەتیان قەبەدەکرد، هێندە لە ئاستی خۆدزینەوە و خۆکێشانەوە و هۆی ڕاستەقینەی ڕووخانی کۆمارەکەدا خۆیان گێل دەکرد و دەوری سۆڤیەتیان کەم و بێبایەخ پێشان دەدا و تاوانەکەیان تەنها و تەنها بەسەری هێزە ئیمپریالیستەکاندا دەسوو.

پاشان نووسەر دێتەسەر باسی هەڵهاتنی بارزانی بۆ شوورەوی. پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێت، کە سەرەتا حاڵی بارزانییە پەنابەرەکان لەسۆڤیەت خراپ بووە. دوو هۆ بۆ ئەو حاڵوبارە دەستنیشاندەکات:

١-هەڵوێستی شۆڤێنیستانەی جەعفەر باقرۆف بەرامبەر مەسەلەی کورد.

٢-بێنەخشەیی و خۆ نەگرتوویی سیاسەتی ستالین ئالەو سەردەمی پاش هەرەسەی کۆماری مەهاباد دا بەرامبەر مەسەلەی کورد. هەرچەندە ئەو هەڵوێستە بەهاتنی خرۆشۆف گۆڕدرا و کالآیەکی دیکەی پۆشی.

ئەوجا باسی حاڵی لەوپاشی بارزانییان دەکات. ڕێگەی پەیوەندییان بە کوردەکانی سۆڤیەتەوە بەری پێگیراوە. هەتا ڕێگەی ئەوەشیان نەدراوە ژن لە کوردەکانی سۆڤیەت بخوازن، بەلاّم هانی ئەوەیان داون ژن لەمیللەتانی دیکەی سۆڤیەت بهێنن.

پاشان دێتەسەر باسی سەردەمی کودەتای تەموزی ١٩٥٨ و پەیوەندیی سۆڤیەت لەگەڵ ڕژێمی نوێی عێراق و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دا و گەڕانەوەی بارزانییان بۆ عێراق.

عێراق دەستبەجێ پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ شوورەوی و وولاّتانی دیکەی بەرەی ڕۆژهەلاّتدا (جگەلە ئالّەمانیای خۆرهەلاّت) دەبەستێتەوە. چەندین پەیمانی ئابووری لەگەڵ سۆڤیەتدا مۆردەکات. کارناسانی ئابووری و سوپایی سۆڤیەت ڕوو لە عێراق دەکەن. گەلەك خوێندکاری عێراقی بۆ خوێندن دەچنە شوورەوی و وولاّتانی سۆسیالیست. لە هەمووی گرنگتر کۆمەکی سوپایی بوو بە عێراق، کە سیستێمی چەکداریی عێراقی لە ئینگلیزییەوە گۆڕی بۆ ڕووسی. لەتەك ئەو پەیوەندییانەی سۆڤیەت و ڕژێمی عێراقدا، پەیوەندیی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دا بەتینتر کرا.

پارتی کۆمۆنیستی عێراق بووە یەکە هێزی سیاسی. لەنێو ڕیزەکانی سوپا و دەزگە حوکومییەکاندا هێز و گوڕی پەیدا کرد. نێوبراو بە (مقاوەمەی شەعبیی)

دامەزراند. هەرچەندە پەیوەندیی پارتی دیموکرات و پارتی کۆمۆنیست چاك بوو، بەلاّم ململانێی نێوانیان هەرنەبڕایەوە. هەردووکلا پشتگیریی تەواویان لەڕژێم دەکرد، لە خامۆشکردنی کودەتاکەی شەواف و کارەساتەکەی کەرکوك دا، ڕاستەوخۆ بەجووتە شدار بوون و پشتی ڕژێمیان گرت.

شوورەوی لە بواری پڕوپاگەندە و لەبلاّوکراوەکانیدا پشتگیریی تەواوی لە مەسەلەی کورد دەکرد، بەلاّم تا ڕادەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا. بارزانی و سەرانی پارت ، بەردەوام داوەتی بالّوێزخانەی شوورەوی دەکران و هامشۆ و سەردانی زۆریان دەکرد. پارتی دیموکرات لەڕووی مادديشەوە باربووی زۆری پێدەکرا و بلاّوکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات بەوکۆمەکەی شوورەوی هەلّدەسووڕێندرا. کاتێك هەندە هۆزە کوردێکی دوژمنی بارزانی پەلاماری هۆزی بارزانیان دا، ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت بەتوندی هێرشیان کردنە سەر و بە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم نێویان دەبردن.

سەرەڕای ئەوپەیوەندییە چاکەش، ١٩٥٩ پێشهاتێکی ناگەهان پێوەندی نێوان پارتی کۆمۆنیست و پارتی دێموکراتی شلۆق کرد. ئەوەبوو بارزانی هەمزە عەبدوللاّ و هەڤالّەکانی، کە بە بالّی چەپی نێو پارت ناسرابوون، لەڕیزی حیزبەکەی تووڕدانەدەرەوە، بەو بیانووەی ئەوانە زێتر لە هەلّپەی مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی پارتی کۆمۆنیست دان، نەك کورد. سەرباری ئەوەش پەیوەندیی نێوان بارزانی و پارتەکەی لەگەلّ شوورەویدا هربەچاکی مایەوە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم چۆنیەتی ئەو ڕووداوە و هۆی بەردەوامیی ئەو پەیوەندییە چاکەی بارزانی و پارتەکەی لەگەلّ سۆڤیەتدا پاش ئەوپێشهاتەش،

لە نووسینێکەوە بۆ خوێنەران ڕاگوێزم، کە بەداخەوە هیچ نێوێکی لەسەر نییە. نووسەرەکەی لەژێر سەردێڕی (دەربارەی ڕابەریی پارتی دێموکراتی کوردستان بەر لە ١٩٦٣) دا دەڵێت:

"....... بەڵام بارزانیی لە برایم ئەحمەد هەردردۆنگ بوو، پشتی هەمزە عەبدوڵلای دەگرت، هەتا ئەو ڕۆژەی هەمزە عەبدوڵلا هەڵەی کوشندەی عومری کرد وویستی ڕێکخراوەکانی پارتی لە ڕێکخراوە شیوعییە عێراقییەکاندا حەل بکا و پارتی بکا بە تابعی حیزبی شیوعی عێراقی. دەستەی برایم ئەحمەد دژی ئەوە بوون و ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵلا ئیسحاقی) یەوە هەوڵیاندەدا بارزانی دەست لە دەستەی هەمزە عەبدوڵلا بەربدا و ئەوان تەبەنی بکا. ئەم هەلەیان بەدەرفەت زانی بۆ پتر نێزیکبوونەوە لە هەستی کوردایەتی بارزانی. بارزانی لێیداواکردن کە گۆنگرەیەك بگرن و مەسەلەکە ببڕیننەوە. بەڵام برایم و هەڤاڵەکانی زۆر بەڕوونی تێیانگەیاند کە کۆنگرە بەزیانیان دەبێت، چونکە زۆربەی حیزب لەگەڵ هەمزەدایە و هەرچۆنێك بێ دەبێ بارزانی نفوزی خۆی بەکار بێنێ. بارزانی لە شەوی ٣٠ حوزەیرانی ١٩٥٩ دا، وێڕای چەند چەکدارێك، چووە بارەگای حیزب لە شەقامی موتەنەبی- بەغدا و بە کۆمەڵێك جوێن و هەڕەشەوە دەستەی هەمزە عەبدوڵلای دەرکرد و کلیلەکانی بارەگای هێنا و دایەدەست هەڤاڵانی برایم ئەحمەد و ووتی بڕۆن بەیانیان لەسەر دەرکەن!

بەوجۆرە هەمزە عەبدوڵلا کە نفوزی عەشیرەتی بارزان دەوری بۆ دیتبوو کە ببێت بە یەکەم سکرتێری حیزب، هەر بەو نفوزەش دەرکرا و هەر بەو نفوزەش

دەستەی برایم ئەحمەد دەستیان بەسەرپارت دا گرت وحیزبیان لە خەتی هەمزە عەبدوڵلاّ پاککردەوە. مەکتەبی سیاسی کەوتە ئەویەڕی پرۆپاگەندە بۆ بارزانی و بەناو و ناوبانگی ئەووەوە کۆمەلاّنی خەڵکی کوردەوارییان لەحیزب نزیك کردەوە. بەمە ژمارەی ئەندامان لە ژمارەیەکی کەمەوە بە ژمارەیەکی زۆر گەیشت.

بەرپرسیارانی یەکێتی سۆڤیەت بەم گۆڕانە زۆر ناڕەحەت بوون، لەجیاتی ئەوەی هەمزە عەبدوڵلاّ بەشێوەیەکی تر ئاڕاستە بکەن و نەهێڵن وا بەسووك و هاسانی خۆی لە مەیدانی خەباتی کورد وەدەرخات و ڕێگە بۆ برایم ئەحمەد و هەڤالانی خۆشکات، دوکتۆر موراد ڕەزمئاوەریان (٣٨) لە مۆسکۆوە ناردە لای بارزانی کە پێیبلێت سۆڤیەت ئەوگۆڕانە لە پارتیدا بە پیلانێکی ئینگلیز تێدەگات و دەبێ پێشی پێبگیرێ. بارزانی بە دوکتۆر موڕادی ووت کە ئەو، یانی بارزانی، ناتوانێت ڕێگە بدا حیزبەکەی بکرێ بە لقێکی حیزبی شیوعی عێراق و تاقە بەدیلێك بە دەستەوەیەتی دەستەی برایم ئەحمەدە. بارزانی دوکتۆر موڕادیشی دڵنیاکردەوە کە هەمووشتێك هەربەدەستی خۆی دەبێ. بۆ سەلماندنی ئەوقسانەی، دوکتۆر موڕادی لەگەڵ خۆی بردە کۆنگرەی داهاتوو(١٩٦٠/٥/٨) کە هەمزە عەبدوڵلاّ و دەستەکەی بەڕەسمیی لە حیزب دەرکران و لەکۆنگرەدا بارزانی کۆمەڵێك جوێنی بەهەموو پارتییەکە دا تا هەموولایەك باش تێبگەن کەهەرخۆی شتە وکەس لە حیزبدا هیچ نییە.

تەنانەت دوکتۆر موڕادیشی کرد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی حیزب. هەرچەندە ڕووسەکان هەمیشە هەر سووربوون لەسەرئەوەی

کە برایم ئەحمەد و کەسانێکی تری نزیکی ئەو پیاوی بەریتانیا بوون، بەلاّم بەهەرحاڵ دوکتۆر موراد لە توانا و دەستەلاّتی بارزانی دڵنیابوو و بەڕاپۆرتی شادەوە گەڕایەوە مۆسکۆ".

"ئامانجی سیاسەتی سۆڤیەت لەو سەروەختەدا، بوونی پارتێکی بەهێز و توانای کوردبوو. تەنها بۆ ئەوە نەبوو کە لەو ڕێگەیەوە جێپێیەکی سیاسی لە عێراقدا بۆ خۆ بکەنەوە، بەڵکە بەو هیوایەش بوو کە ڕێڕەوی پەیوەندییەك لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا بنیاتنێن.

لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٠ دا بارزانی بۆ ٢١ هەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت داوەتکرا. ئەو سەردەمە تازە ئاڵۆزیی و گرژی پەیوەندییەکانی کورد و ڕژێم لەلایەك و کۆمۆنیست و ڕژێم لەلایەکی دییەوە، سەریانهەڵدابوو. قاسم پشتی لەچەپ دەکرد و بەنیازی چەسپاندنی ملهوڕی و دیکتاتۆرێتی بوو. ئێدی کاتی ئەوە هاتبوو کە سۆڤیەت زۆری بۆ بهێنێت.

بارزانی لە مۆسکۆ بەگەرمی پێشوازی لێکرا و ڕێزی زۆری لێگیرا. لەگەڵ سۆسلۆف و هەندەك لە سیاسەتمەدارانی دیکەی نێوداری سۆڤیەتدا چەند جارێك کۆبووەوە. بارزانی ڕاسپێردرا زۆر بۆ قاسم بهێنێت، ئەگەر پێویستیکرد تاڕادەیەك پەنا بۆ هێزیش بەرێت. ئامۆژگارییش کرا کە بەغدا جێبهێڵێت و بچێتەوە کوردستان. پارەیەکی زۆریشی بەنێوی خەرامانی ئەو چەکانەوە کەکاتی هەڵهاتنیان بۆ سۆڤیەتیان بردبوو، هەروەها بەنێوی مووچەی خانەنشینیی ئەو پەنابەرانەوە کە ئەو دوازدە ساڵە لە شوورەوی کاریان کردبوو، پێدرا. گفتی کۆمەکی دیکەشیان دایە.

پاش گەڕانەوەی، لە مارتی ١٩٦١ دا ڕۆژنامەی خەبات داخرا و لە ئاوریلیشدا گشت بارەگاکانی پارت لە بەغدا و شارەکانی کوردستاندا مۆرکران".

بە پێویستی دەزانم لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ چەند خاڵێکی گرنگ ڕابکێشم :

نووسەر لە سەرەتاوە نووسیبووی گوایە پارتی کۆمۆنیستی عێراق، هەر لەکاتی دامەزراندنییەوە پشتگیریی مافی چارەنووسی گەلی کوردی کردووە، بەلاّم لە ل ٢٤٥ دا دەنووسێت :"پارتی کۆمۆنیستی عێراق، بەپێی شیکردنەوەکانی ستالین، کوردی بە کەمەنەتەوەیەك دادەنا، نەك نەتەوە".

لە لاپەرە ٢٤٦ دا دەنووسێت : "پارتی کۆمۆنیستی عێراق، لەگەڵ مافی ئۆتۆنۆمی کورد دا بوو لە چوارچێوەی عێراقدا، چونکە هەوڵی جودابوونەوە توانای خەباتی گەلانی عێراق لاوازدەکات".

لێرەدا چەند پرسیارێك خۆ دەسەپێنن:

١-داخۆ مافی چارەنووسی کەمەنەتەوەیەك و نەتەوەیەکی لەتلەتکراو وەك یەکن؟

٢-ئایا ئەوە هەڵسەنگاندن و تێڕوانینێکی زانستانەی ڕاست بووە لەمەسەلەکە؟

٣-داخۆ پارتی کۆمۆنیستی عێراق، لەهەموو سەردەمێکی گۆڕانە سیاسییەکانی عێراقدا، هەربۆئەو هەڵسەنگاندنە سەقەت و نیوە و ناچلاّنەی خۆی بەئەمەك ماوەتەوە؟

٤-ئایا پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ئێستا، پاش نیو سەدە لە دامەزراندنی و پاش دەیان شۆڕش و ڕاپەڕینی کورد، پاش ملوێنەها قوربانیی و دنیایەك ماڵوێرانی و دەریایەك خوێن و ئەسرین، ئەو مافی چارەنووسە بەکورد ڕەوا دەبینێت و بڕیار دەداتە دەست کورد خۆی؟

ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن و دەیان پرسیاری دیکەیان لێدەبێتەوە و خوێنەر دەتوانێت لەخۆیی بکات و وەرامی هەندێکیشیان زۆر ئاسان بداتەوە.

بەپێچەوانەی بۆچوونی کاك فازڵەوە، پارتی کۆمۆنیستی عێراق هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە دانی بە مافی چارەنووسی کورد دا نەناوە، بەڵکە لەسەرەتاوە داوای مافێکی هاوسانیان بۆ کورد کردووە. لەخاڵی دەهەمی میساقی نیشتمانییدا، کە پاشان یەکەم کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیست لە ١٩٤٥ دا بڕیاری لەسەردا، دەڵێت: (لەپێناوی بەدیهێنانی مافی چوونیەکییەکی ڕاستەقینەی کەمەنەتەوەیی کورددا خەبات دەکەین. لەگەڵ بەرچاوگرتنی مافی کەمەنەتەوەیی و ئاینییە گچکەکانی وەکو تورکمان و ئەرمەنی و یەزیدییەکاندا). (٣٩)

١٩٥٢، کاتێك بەهادین نوری دەبێتە سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ئەو پرۆگرامە دەگۆڕێت و پرۆگرامێکی نوێ بۆ حیزبەکە دادەڕێژێت. لەو پرۆگرامە نوێیەدا، ڕەخنە لە پرۆگرامەکەی فەهد دەگرێت کە لە هیچ پەرەگرافێکیدا دان بە مافی چارەنووسی کورد دا نانێت و بەهەڵە یەزیدییەکانیش کە بەشێکن لە کورد، بە کەمەنەتەوەیی حسێبیاندەکات. (٤٠)

جا كەوشەن و سنووری فراوانی نێوان مافی كەمەنەتەوەییەك و نەتەوەیەك ئاشكرایە. ئەو تێڕوانینەی پارتی كۆمۆنیست لە مەسەلەی كورد، هیچكات ناتوانرێت بە تێڕوانینێكی زانستانەی ماركسی لێنینیستانە دابنرێت وەك خۆیان گەلەكجار خۆی پێهەڵدەدەنەوە.

لە بەندێكی دیكەی كارنامەكەدا كاك فازڵ گەشتێكی چڕوپڕ بە هەڵوێست و ڕەفتاری پارتی كۆمۆنیستی عێراقدا دەكات ، كە پاشان بۆ خوێنەری ڕادەگوێزین و وەرامێكی گونجاو و لەباری ئەو پرسیارانەمان دەداتەوە كەپێشان هوروژاندمانن. بۆیە لێرەدا مەودا و بواری ئەوەمان نییە زێتر لەسەر ئەم باسە بڕۆین.

كاك فازڵ لە ل٢٤٩ دا دەنووسێت: "لەزەمانی خرۆشۆف دا، باقرۆف و پیاوەكانی لەكارخران".

تەنها لەكارنەخران، بەڵكە لەگەڵ سەرۆكی دەزگەی جاسووسیی سۆڤیەتدا، بەتاوانی خیانەت و سیخوڕی لەداریشدران. (٤١)

لە ل٢٥٤ دا، باسی پیلانەكەی شەواف و سەركوتكردنی دەكات، بێئەوەی نێوی شەواف و كاتی پیلانەكە و شوێنی پیلانەكە بهێنێت، كە بۆ خوێنەرێكی ئاڵەمانی زمان و كەسانی نەشارەزا بەمەسەلەكە، سەرگێژكەر و ئاڵۆزە. بۆیە دەبا نووسیبای "پیلانی شەوافی ١٩٥٩ لە موسڵ".

لەل ٢٦٠ دا دەنووسێت: "یەكێك لە نێودارترین كوردۆلۆژەكانی شوورەوی دەنووسێت: (دیمۆكراتخوازەكانی میللەتی كورد، چاك دەزانن كە تاكە ڕێگەی چارەسەری كێشەی كورد، بەیەكخستنی خەبات لەگەڵ هێزە

پێشکەوتنخوازەکانی ئێران و تورکیا و عێراقدا دەکرێت، بەوەی بەرەیەکی هاوبەش لەپێناوی ئاشتی و دیموکراتیتیدا بهێننەکایەوە)".

بریا نووسیبای ئەوکوردۆلۆژە نێودارە کێیە.

هەڵوێستی سۆڤیەت

بەرامبەر شۆڕشی کوردی

١٩٦١-١٩٧٥

"شۆڕشی ١٩٦١-١٩٧٥ ی کورد، درێژخایانترین شۆڕشی مێژووی نوێی کورد بووە. لەوخەباتەدا کە بە شەڕ‌ا گرتن و گفتوگۆی چەندین جارە لەگەڵ ڕژێمدا و هەتا بەشدارێتیش لە حوکمدا، بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، بووە یەکێك لە هێزە سەرەکییەکانی عێراق.

هەرلەوسەردەمەدا چەندین بزووتنەوەی دیکە لە ناوچەکەدا سەریانهەڵدا، وەك بزووتنەوەی ئێریتیریا وفەلەستین وعومان. ئەمانەش بوونە هێزێکی نوێ لە ناوچەکەدا و هێدی هێدی لەسەر ئاستی پەیوەندییە جیهانییەکان، تایبەت لەململانێی دووزلهێزەکەدا، بوونە هۆو ئامرازێکی حسێب بۆکراو.

شوورەوی توانی لەڕێگەی ئەم هێزە تازە سەرهەڵداوانەوە، گوشاربخاتەسەر تاکەتاکەی ڕژێمەکان. بەتایبەت لەسەروەختی حوکمڕانیی برێژنێڤدا، سۆڤیەت ستراتیژییەکی درێژخایانتری پێشچاوگرت، وەك لەسەردەمی حوکمڕانانی بەرلەخۆیدا.

بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، لەوخەباتە درێژخایانەیدا، نەك تەنها بووبووە هێزێکی بەرچاووحسێب بۆکراو، بەڵکە بووە هێزێك کەماوەیەکی دوورودرێژ فەرمانداری ڕاستەقینەی مەڵبەندە کوردییەکانی عێراق بوو، تا ئەو ئەندازەیەی بووبووە دەوڵەتێك لە دەوڵەتێکدا. بزووتنەوەکە لەتەك ئامانجە نەتەوەییەکانیدا، هەوڵی هەڵتەکاندن وگۆڕاندنی باری سیاسی عێراقی دەدا وتین وتاوێکی هێجگارزۆری لەسەرهەڵوێست وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی عێراق هەبوو.

بەشێوەیەك کە لە شێستەکاندا، شۆڕشی کورد، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان وڕێخۆشکەرێکی ئەو هەمووکودەتا وئاڵوگۆڕانە بوو کە

لەعێراقـدا ڕوویانـدا وووڵاتەکـەیان لـەبارێکی ئـاڵۆزدا گێـژدەدا. هەرچـەندە بزووتنـەوەی کـورد بـەهۆکاری ئێتنـی و بەرهەڵـستی جوگرافیـایی، نـەیتوانی دەستەڵاتی عێراق بگرێتە دەست، بەڵام تـوانی ڕژێمەکە چەندینجار بخاتە بەر بوومەلەرزەی سیاسییەوە و تین وتاو و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەبێت. لـەو ڕێگەیەوە گەلـەك هێـزی نـاوچـەیی و جیهـانیی نـاچاری پەیوەنـدیی بەستن بـوون لەگـەڵ بزووتنـەوەی نیـشتمانیی کـورددا، سـۆڤیەت و ئـەمریکا لـەو بـوارەدا گرنگترین و گەورەترین ئەو هێزانە بوون.

جگەلەوە شۆڕشی کورد کوانووی ئـازادیخوازانی نـاوچەکە بـوو، سایە و پـەنای گشت ڕەدوونراوێك و هەڵهاتوو و لێقەوماوێك بوو، بەتـایبەت و پلەی یەکەم پـەنا و پـایەی چـەندینجارەی کۆمۆنیستە عێراقییە ڕەدوونراوەکـان بـوو، کە زۆرجـاران پێستی خۆیان لە دەباخانەی ڕژێمەکانی عێراق قوتارکرد و گەیشتنە کوردستـان و پـارێزران، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا، یەکێك لـە هۆکارەکـانی کۆمـەك و پشتگیریی شوورەوی بوو لە شۆڕشەکە.

پەیوەندییـەکانی کـورد و سـۆڤیەت لـەو سەردەمەدا، دووچـاری گەلـەك کـزی و لاوازی و هەڵبـەز و دابـەز بـوون. تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە بزووتنـەوەی کوردایـەتی ناچـاری ئەوەبێت کە پەیوەنـدیی لەگەڵ ئەمریکا و وولاتـانی سەر بە ئەمریکای وەك ئێران و ئیسرائیلدا گرێ بدات. بەڵام ئەو پەیوەندییانەی نێـوان سـۆڤیەت و کـورد کـە لـە ١٩٦٣ وە تـا ١٩٧٤ بڕیـانکرد، قـەت و قـەت قرتانـدنی تـەواو و لەبارچـوونیان بەخۆوە نەدیت و هەمیشە لەویەڕی ئاڵۆزیشدا، تاڵە باریکەیەك لەنێواندا هەرهەبوو".

پاشـان نووسـەرلـەژێرسـەردێڕی (هەڵوێـستی دووفاقانـەی سـۆڤیەت) دا، گەشتێکی مێژوویی بە ڕووداوەکاندا دەکات. بەپێویستی دەزانم پوختەیەکی بۆ خوێنەران ڕاگوێزم:

"ئەوکاتەی کڵپەی بڵێسەی شۆڕشی کورد دژی قاسم هەڵایسا، پەیوەندیی نێوان قاسم و پـارتی کۆمۆنیستیش تاڕادەیەك شـێوابوو. قاسـم لەترسـی خەتەری کۆمۆنیست، ڕووی پیشانی ڕۆژئاوا دەدا. هیچکات سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەرقاسم دوژمنانە نەبوو و بەردەوام هەوڵدەدرا لەگەڵ کورد و کۆمۆنیستدا نێوانیـان خۆشـکرێتەوە، تـا ڕژێمەکـە لـە ڕاسـتڕەوی بپارێزرێـت و لـەڕوخان قوتارکرێت. چونکە ئاشکرابوو، قاسم بەدژایەتی کـورد و کۆمۆنیست جێپێی خۆی بنکەل دەکرد. لەوکاتەدا بۆشوورەوی بەدیلێکی چاکترلەقاسم، لەئارادا نەبوو.

لە کۆتـایی ١٩٦١ دا، بەهۆی گەلەك کێشەوە، قاسم لەسەرئاستی ناوچەکە دابڕاو و کەنارکەوتوو بوو. جگەلە کێشە ناوچەییەکان، گرنگترین ئەو کێشانە کێشەی شیرکەتەکانی نەوتی ئینگلیز و کێشەی کوێت بوو، کەقاسم بەبەشێك لە پارێزگەی بەسرەی دادەنا و داوای خستنەوەسەرعێراقی دەکرد.

هەڵوێست بەرامبەرقاسم، یەکە کێشەی نێوان پارتی کۆمۆنیست و پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو. کۆمۆنیست، هەرچەندە ڕەخنەشیان لە ڕژێمی قاسم هـەبوو، بـەڵام پێیـانوابوو، مـادام ڕژێمێکـی دژبـە ئیمپریالیزمـە، ئیـدی نابێـت بەبـەرەکانی و دژایـەتی بکرێـت. بۆیـە بـەردەوام سـەرانی پارتیـان بـە کـورتبین و ناسیۆنالیست، تاوانبار دەکرد.

کۆتایی ١٩٦٢ لە ئاکامی بەتینبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان شوورەوی و ڕژێمی قاسمدا، شوورەوی ڕاسپێرێکیان بۆلای بارزانی نارد، داوایانلێکرد ئەو توانا شۆڕشگێڕانەیەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دژی ڕژێمانی تورکیا و ئێرانی سەربە خۆرئاوا بەگەڕخات، چێترە لەوەی دژی ڕژێمی دژ بەئیمپریالیزمی قاسم هەڵیسووڕێنێت.

فێبریوەری ١٩٦٣، لەسەرئەنجامی کودەتا خوێناوییەکەی بەعس و ناصرییەکاندا، ڕژێمی قاسم سەرنگوم کرا. لەسایەی ڕژێمی نوێدا، هەزاران کۆمۆنیست قڕکران. ڕژێم تاکتیکی گفتوگۆی لەگەڵ شۆڕشی کورددا هەڵبژارد، تا بەدەمیانەوە بگرێت و جێپێی خۆی پتەوکات. سەدان کۆمۆنیست ناچارانە بۆ کوردستان هەڵهاتن. بارزانیی داڵدەی دان. بەلاّم هەندەك لە باڵەکانی دیکەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، دژی ئەو پەنادانەیان بوون.

پەیوەندیی کورد و شوورەوی کە لە دوامانگەکانی حوکمی قاسمدا پسابوو، سەرلەنوێ گرێدرایەوە. سۆڤیەت مەبەستی ئەوەبوو جێپێیەك بۆ پارتی کۆمۆنیست لە شۆڕشەکەدا بکاتەوە، تا پێکڕا دژی ڕژێمی نوێ بەگەڕیانخات، چونکە ڕژێمی نوێ گەورەترین زەبری لە بەرژەوەندییەکانی شوورەوی وەشاند، بەهێزترین پارتی کۆمۆنیستی ناوچەکەی داپڵۆسی و زۆری ئەندامانی کوشت، نێزیکترین هاوکاری لە ناوچەکەدا سەرنگوم کرد. بۆیە شوورەوی لەو دەمەدا چاکترین ڕووی پێشانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دەدا و لە بلاّوکراوەکانیدا پشتیوانیی خۆی بۆ بزووتنەوەکە دەردەبڕی.

سەرەتای ژونی ١٩٦٣ ، جەنگی نێوان کورد و ڕژێمی عێراق دەستیپێکردەوە، سۆڤیەت لە پڕوپاگەندە و دەزگەکانی ڕاگەیاندنیدا پشتگیری تەواوی لە میللەتی کورد دەکرد و دژی لەنێوبردنی کورد لەلایەن ڕژێمی فاشیستیی عێراقەوە وەستایەوە. ڕژێمی عێراقی بەوە تاوانبار دەکرد، کە بە کۆمەك و چەکی نوێی ئینگلیز، جەنگێکی دڕندانە دژی کورد بەرپادەکات.

سۆڤیەت کۆمەکی ماددی و مرۆڤانەی زۆری بۆ کورد بەڕێکرد. هەروەها خاچی سووری هەنگاریا و ئاڵەمانیای دێمۆکرات و چیکۆسلۆڤاکیا، کەوتنەخۆ و دەست و دڵیان والا بوو.

گرنگترین ڕووداوی ئەو سەردەمە، ئەو هەنگاوە بوو کە شوورەوی لەسەر ئاستی دیپلۆماسێتیی جیهان هەڵینا. ئەوەبوو لە ژولی ١٩٦٣ دا مەنگۆلیای ڕاسپارد کە داد و هاواری کورد بگەیەنێتە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان. ڕژێمی عێراق خەریکی تەونکردنی پیلانی هاریکاریی سوپایی بوو لەگەڵ ڕژێمانی ئێران و تورکیا و سوریادا. بۆیە گرۆمیکۆ ئەو وولاتانەی لەوەبەرگرتنی هەنگاوێکی لەو بابەتە بەهۆشهێنایەوە.

کۆتایی سێپتەمبەر، برایم ئەحمەد سەردانێکی مۆسکۆی کرد. بەگەرمی پێشوازیی لێکرا. لەپاڵ کۆمەکێکی ماددی زۆردا، وێزگەیەکی ڕادوێی پێدرا و گفتی گەلەك یارمەتیی دیکەشیان دایە.

ئەو کۆمەك و پشتگیرییە پڕوپاگەندەییەی سۆڤیەت و وولاتانی سۆسیالیست بە کوردیانکرد، مەسەلەی کوردی زێتر بە جیهان ناساند.

لـــه نۆڤەمبـــەری ١٩٦٣ دا، ڕژێمـــی بـــەعس لەلایـــەن عـــارفی ناصـــرییەوە هەڵگێڕدرایەوە. سۆڤیەت هیوای لەسەر ڕژێمی نوێ هەڵچنی. هەرچەندە ڕژێمی عـارف هـیچ ڕوویـەکی دۆسـتانەی ئـەوتۆی پیـشانی سـۆڤیەت نـەدا، سەرەڕای ئـەوەش پەیوەنـدیی ئـابووری نێـوان هـەردوو وولاّت خۆشـکرایەوە و قۆرخانـەی چەکی سۆڤیەتی بۆ عێراق ئاواڵە کرایەوە.

ڕژێمـی نـوێ ئـارەزووی دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی کێـشەکەی نیشان دا. ناصر لەپشت ئەو هەڵوێستەی ڕژێمەوە بوو. شوورەوی ئافەرینی لـەو هـەنگاوەی ناصـر کـرد. پـارتی کۆمۆنیـستی عێـراق ناچـارکرا بـە ئـەرێتی لـەو گۆڕانکارییانـەی ڕژێـم بڕوانێـت، چـونکە ئاشـتبوونەوەی کـورد و ڕژێـم، ڕەنگـە جێپێیەك بۆ سۆڤیەت بکاتەوە.

سـەرەتای ١٩٦٤ ، سـۆڤیەت نێوبـژێوانی نێـوان کـورد و ڕژێـم بـوو، کـە لـە فێبریوەری هەمانساڵدا بەشەڕ ڕاگرتن کۆتایی پێهات . هەرچـەندە ئەو مافانەی ڕژێم دانیپێدانابوو، لەوانە کەمتربوون کە ڕژێمی پێشین پێشچاوی خستبوون، بەلاّم سۆڤیەت پشتگیریی لەو ڕێککەوتنە کرد و بارزانی ناچارکرا پێیڕازیی بێت.

باڵی برایم ئەحمەد و زۆربەی کۆمیتـەی نێوەندیی پارت، بەو ڕێکەوتنە ڕازیی نەبوون. ئەمە بـووە هـۆی دووبـەرەکی ڕیزەکـانی بزووتنـەوەی نیشتمانیی کـورد. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە پرۆگرامـی بـرایم – جـەلال زێتر بـەلای چەپدا دایدەشکاند، کەچی سۆڤیەت پشتی باڵەکەی بارزانی دەگرت".

لێرەدا ناچارم قەتماغەی برینێك هەڵدەمەوە و ئەم چوار پێنج دێرەی كاك فازڵ ویستوویە هەروا سووك و ئاسان بەسەر خوێنەریدا تێپەڕێنێت، دەیخەمە بەرتاوی باس و لێكۆڵینەوە و شیكردنەوەوە.

لەكارێكی زانستانەی ئاوهادا، هەقە ڕاستیی ڕووداوەكان چۆنن، وەها پێشچاوخرێن، دوورلەتین و تاوی سۆن بێ ڕتووش و دەستكاری، چونكە لە ڕووداوێكی ئاوها گرنگدا كە مێژوویەكی هێند دووری نییە تا وەچەی ئێمە لەیادی كردبێت، ناتوانرێت هەروا بەخشەی قەڵەمێك زۆر ڕاستیی قڵپكرێنەوە. خوێنەری كەمەك ئاگاداری ڕووداوەكان ، لەقۆرتی ئاوها هەڵدەنووتێت. بۆیە من بەئەركی خۆمی دەزانم لەنگیی ئەم پەرەگرافە ڕاستبكەمەوە كە بەچەند دێڕێك مێژووی سەردەمێكی میللەتەكەمان و ڕەوڕەوەی وەرچەخێنراوی پاشەڕۆژیشی لنگەوقووچ كردۆتەوە. كاك فازڵ كەسێك نییە نەشارەزا و لاتەریكی ئەو سەردەم و واقیعە بێت. بۆیە نالێم گومان دەكەم ، بەڵكە بەتەواوی دڵنیاییەوە دەڵێم كە بە ئارەزوو دەستی ئەنقەست و بەتین و تاوی سۆزێكی پەتیی ئەوناڕەواییە دەكات.

ئێمە ناچارین ئەم پرسیارانە بەرەوڕووی كاك فازڵ بكەینەوە:

١-داخۆ هۆی ڕاستەقینەی دووبەرەكیی نێو بزووتنەوەی كوردایەتی و ڕیزەكانی پارت، ڕێكەوتنەكەی شەست و چواری "موشیر- بارزانی" بوو؟

٢-ئایا بەڕاستی ئەو باڵە سەرەڕۆیە بەڕێكەوتن ڕازیی نەبوون؟ یاخود ئەو كاسەیە بێكاسە نەبوو؟

٣-ئایا بەڕاستی ئەو باڵە چەپیی بوون؟ یاخود بانگاشەی پەتیی بوو بۆ لاوازكردنی باڵی بارزانیی و پتەوكردنی جێپێی خۆ؟

هێندەی مەودای باسەکە بیگرێتەخۆ و سەرچاوە تۆمارکراوەکان و بیرەوەریی گەواهە بەچاودیتووەکان دەستگیرۆییمان بکەن، هەوڵدەدەین بەکورتی وەرامی یەکەیەکەی ئەو پرسیارانە بدەینەوە:

١-هۆی ڕاستەقینەی دووبەرەکیی ڕیزەکانی پارت ئەو ڕێکەوتنە نەبوو کە (بارزانی کوردی بە مۆزو پرتەقاڵ فرۆشت)، کاتەکەشی ڕەگ و ڕیشەی زۆر لەوە قووڵتر بوو، بەڵام تەقینەوەکەی لەو کاتەدا تەوقیت کرابوو.

چۆن؟

مامۆستا هەژاری موکریانی لە پاشکۆی شەرەفنامەدا دەنووسێت:

"برایم کە بەنیازبوو بارزانی لەسەر ڕێ لابدات، نەدەوێراش ئاواتەکەی ئاشکراکات، لەبنەوە بەدزی و فزییەوە دژی بارزانی دەیورتاند و دەیەویست بەدناوی کات.

دوای کودەتای ٨ ی فێبریوەری ١٩٦٣ کە بەعس هاتە سەرحوکم و شەڕ وێستابوو، من لەبەغدا جەلالم دیت کە بۆ ووتووێژ هاتبوو، گوتی حیزب دەڵێت هەژار بابێتەوە کوردستان، بەڵکو نێوانی بارزانی و ئێمەی حیزب خۆشکاتەوە. کاتێ هاتمەوە کوردستان و چاوم بە بارزانی کەوت و حیزبایەتییەکەی جەلال و برایم دیت، تێگەیشتم خوار و خێچی و ڕێوی بازیی لەژێرسەری سکرتێردایە.

مانگی مارتی ١٩٦٣ ، کۆبوونەوەی پیاوماقووڵان و سەرانی شۆڕشی کورد لە شاری کۆیسنجەق پێکهات، کە داوایان لە دەوڵەتی بەعس چبێت؟ لەو کۆڕەدا هەر دڵسۆزێك هەستی دەکرد کە برایم و هاواڵەکانی تەنیا مەبەستیان ئەوەیە لە

شـۆڕش و بـارزانی دوورکەونـەوە و پلـە و پایەیـەك لەدەوڵـەت وەربگـرن و دەستهەڵبگرن.

لەهەڕەمەی کۆنگرەدا دەیانەویست لایەنگرانی بارزانی بە پووڵ بکڕن و دەگژ سـەرۆکیان ڕابکـەن. پووڵیـان لـە کوێـوە هێنـا بـوو؟ دەرکـەوت هـەر لەمێـژە بەدزییەوە دەگەڵ دەزگای شای ئێراندا کەین و بەینێکیان کردووە. چەك و پـووڵی لێـوەردەگرن و دژی مستەفا بـارزانی کـە دوازدە ساڵ لـە نـاو عروسـایەتی ژیـاوە و کۆمۆنیستێکی خەتەرە، خەبات بکەن.

لـە هـاوینی ١٩٦٣ دا،کەهـەموو گرانـایی شـەڕ لەسـەر مەڵبەنـدی بـارزان بـوو، برایم نەیهێشت پێشمەرگەی بـەرفـەرمانی لەکەرکوك و سلێمانی و هـەولێرەوە بـچنە شـەڕی حوکومـەت و بارێـك لەسـەر بـارزان سـووککەن. لـەوەرامی پێشمەرگەی دڵسۆزدا دەیگوت : بـا بـارزانی لـەنێو بچێ، ئەوسـا سـەرکردایەتی شۆڕش دەبێتە یەك، وێنەی بارزانی شەهیدیش بەپووڵێکی زۆر دەفرۆشین". (٤٢)

کەواتـە وەك گێڕانـەوەی ئـەم بیرەوەریانـە دەریدەخـەن و هـەموو شـارەزایەکی حاڵوبارەکـەش دەزانێـت، مێـژووی دووبەرەکیی پـارت بنـاوان و ڕەگ و ڕیـشەی لـە ڕێککەوتنەکەی ٦٤ ی موشیر- بارزانی قووڵترە و ماکی دیکەی هەیە.

ئـەوان لـەو کـاتـەدا بەگـشتی و خەسـت و خـۆڵی، دوو خـاڵی زەقیـان دایـە ژێـر زەڕەبین:

١-بـارزانی حیزبایـەتی و ڕێکخـستن و دیـسپلین نازانێـت و بـاوەڕی پێـی نییـە و پـەیڕەویی نـاکـات، کـە تـاڕادەیـەك ڕاسـت بـوو. ئـەو سـەرکردەیەکی تەقلیـدیی و پاڵـەوانێکی میللـی بـوو، کەلـە شۆڕشـی چـەکدارانەی میللەتەکەماندا، ڕۆڵێکی

درەوشاوەی گەشی دیتبوو. باڵی برایم و دارو دەستەکەی هەر لە سەرەتاوە سوودیان لە نێوبانگو شۆڕەتی ئەو وەرگرتوو لە پاڵیدا ڕەگی خۆیان داکوتا. پاشان کە خۆیانگرت و دیتیان جەماوەرێکی زۆر لەدەوری پارتە و بارزانییش زۆر گوێ بە فەرمایشتی ئەوان نادات، ویستیان هەڵیدێرن و خۆیان جێیبگرنەوە. بۆیە هەوڵیاندەدا خۆڵ لەچاوی جەماوەرەکە بکەن، دەنا وەکی پێشان ڕوونمانکردەوە، هەر ئەو مامۆستایانە خۆیان، بۆ دیسپلین ژێرپێخستنی بارزانی لە چەپلەیاندا، کاتێك هەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری حیزب و ملۆزمی ئەوانی لە ڕیزی پارتی بەدەرنا و ئەوانی لە جێگە داکرد.

٢-ئەوان بەرێککەوتنی ١٩٦٤ ی بارزانی ڕازیی نەبوون، (پاشان دێمە سەر هۆی ڕازیی نەبوونیان)، ئەوەبوو لەنێو خەڵکدا بەگاڵتەجاڕییەوە کردیانە قاو، کە گوایە بارزانی کوردی بەمۆز و پرتەقاڵ فرۆشتووە. نامیلکەیەکیشیان لەسەر نووسی بەنێوی (اتفاقیە المشیر- بارزانی، اصلح ام استسلام)ەوە.

لە کۆنفرانسەکەی ماوەت دا، کە لەنیسانی ١٩٦٤ دا سازکرا، برایم ئەحمەد دەیگوت من مەلا مستەفام بە بەیانێك کردۆتە مەلا مستەفا، بە بەیانێکیش دەیکەمەوە بەهیچ. نابێت ئەوەش لەیادبکەین کە ئەو باڵە، خۆیان لە هەموولایەك زێتر هەڵپەی گفتوگۆ و ڕێکەوتنیان بوو، بەو هیوا و ئاواتەی کەلەسایەی ڕێکەوتندا پلە و پایەیەکی بەرچاویان لە حوکمدا چنگکەوێت.

تاڵەبانی ئەو کاتانە کۆتری ئاشتیی شۆڕش بوو، بەردەوام فڕکەی دەهات، کاتێك ئەو لە پایتەختی وولاتانی عارەبدا خۆی دەخلافاند و بەدیار لامەرکەزییەکی کەڕاوییەوە هەڵدەتووتا. منداڵانی سلێمانی ڕێگەیان

نیشاندەدا و شیعریان پێداهەڵدەگوت: (مامجەلال قاچت تەزی، نامانەوێ لامەرکەزی)، بەلاَم ئەوێك کە قاچی گفتوگۆ و وتووێژی، قەت و قەت سڕبوون و گۆتبوون و تەزین نازانێت، دەهاتەوە بەزمانی پارێزەران دەدوا و دەیگوت: (لامەرکەزی نێوەرۆکەکەی حوکمی زاتییە).

هۆی چبووا ئەوانی کوشتەی گفتوگۆ و ڕێکەوتن، لەپڕ بەو ڕێکەوتنەی بارزانی رازیی نەبوون؟

ئەو دەمە ناصر وەکو ڕێبەرێکی پان عارەبیزم، سەرسەختترین دوژمنی پان ئێرانیزم بوو. عارف لە عێراقدا شێلگیرترین نوێنەری ئەو ڕێبازە بوو، داوای سەندنەوەی خوزستان و ئەسکەندەروونەی دەکرد. بەڕێکەوتنی کورد لەگەڵ ڕژێمەکەیدا، ئارامی و ئاسایش لە وولاَتەکەدا دەسازا و مەترسی بۆسەر ئێران زیادی دەکرد. جگەلەوە، ئەو کاتانە پەیوەندیی نێوان شۆڕش و شوورەوی لەویەڕی چاکی و پتەویدا بوو. بارزانی داڵدەی کۆمۆنیستانی دابوو. سۆڤیەت و ناصریش پشتگیریی ئەو ڕێکەوتنەیان دەکرد. ئەوانە هەمووی زەنگی خەتەربوون بۆ ئێران.

هەژاری موکریانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (لەبەهاری ١٩٦٢ دا، لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی لە بەغدا چاوم بە سەفیری میسر کەوت. پەیامی بارزانیم دایە، بەو مەرجەی عەبدولناصر کارێك بکا عێراق لەشەڕ دەستهەڵگرێ، میسریش کەمێك چەکی دژەفڕۆکە و تانکمان بداتێ، شۆڕش دەبەینە ناو ئێران کە هاوپەیمانی سەنتۆیە و ناصر گەرەکییە لاوازبێت. ناصر نەیکرد).

بۆیە ئێران بەهەموو توانای هەوڵیدەدا، بەربەو ڕێکەوتنە بگرێت و بارزانی لەسەر ڕێگە لابدات. ئەو دەمە سەرهەنگ عیسا پەژمان، کە ئەفسەرێکی ساواکی بوو، بەخۆی و بێسیم و نەفەرێکەوە کەلای پێشمەرگە بە عەباس بێتەل ناسرابوو، بارگە و بنەی لە ماوەت لەخزمەت مەکتەبی سیاسیدا خستبوو. عیسا پەژمان لەو ماوەیەدا زۆر بەگەرمی دەربارەی پێویستیی سەرکەوتنی حیزب (باڵی برایم - جەلال)، بەسەر عەشرەتی بارزان و شیوعییەکاندا دەدوا. بەگوتەی نوری ئەحمەدی تەها، پەژمان ١٠٠ تفەنگی بۆ مەکتەبی سیاسی گەیاندە ماوەت و بەڵێنی دێرینەی دووپاتکردەوە کە حوکومەتی ئێران لە گشت شەڕێکی دژە بارزانییدا پشتیاندەگرێت. مەکتەبی سیاسی بەو گفت و بەڵێنانە، زۆر لە خۆبایی بوون).

ئەوەبوو مەکتەبی سیاسی لە نیسانی ١٩٦٤ دا کۆنفرانسێکی لە ماوەت گرت، کە عیسا پەژمانیش تێدا بەشداربوو. لەو کۆنفرانسەدا بڕیاری بەدەرنانی بارزانی لەڕیزی حیزبدا، درا.

بارزانی لە هاوینی ١٩٦٤ دا لێیانڕاپەڕی و کردنی بەدیوی ئێراندا. سەرەتا، ساواك لە سەربازخانەکانی کوردستانی ئێراندا ڕایگرتن، دووجاریش هێرشی پێکردنەسەر بنکەکانی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٧٩، کەسێکی ئاگاداری وەزعەکە، کە ئەوکاتە خۆی لەگەڵ بارزانیدا بوو، ئەو ڕووداوانەی بەمجۆرە بۆ گێڕامەوە: (چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی هێرشیان بۆسەر بنکەکانی پێشمەرگە دەهێنا و یەکەم خشتی بناغەی شەڕی براکوژییان بە پیلانی ساواك داچنی. بارزانیی گەشتێکی بەناوچەکانی

کۆنی ژێردەستەلاتی مەکتەبی سیاسیدا کرد. چووینە گوندی بناوەسووتەی پێنجوین. لەماڵی مامۆستا قانیعی شاعیر داوەتبووین. بارزانی ناردی بەدووی موختاری گوندی باداوەی ئەوبەری سنووردا، داوایلێکرد بەلێپرساوانی ئێران ڕابگەیەنێت، گەرجارێکی دی چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی، یەك فیشەك بەمدیودا بتەقێنن، هێزەکانی خۆی ڕادەسپێرێت، گەرپێویستی کرد تا تاران هەڵیانبڕن).

پاش ماوەیەك ئێران، چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی کێشایەوە، سەرکردەکانی بردنە تاران و ئەوانی دیکەش لە بەنگەڵەکانی کارخانەی شقارتەی هەمەدان داکران.

سەیر ئەوەیە، ئەو تاقمە پاش گەڕانەوەی عێراق و دانەپاڵ حوکومەتیان، مەسەلەی پەیوەندیی شۆڕش لەگەڵ ئێرانیاندا کردە گەورەترین بەڵگە و بیانووی دابڕینیان لەسەرکردایەتی بارزانی، وەکو ئەوان خۆشیان ئەو یەکەم هەنگاوەیان نەنابێت. ئەوەتا دانا ئادەم شمید لە کتێبی (گەشتێك بە وولاتی ئازایاندا) دەڵێت: "برایم ئەحمەد چەند مانگی کۆتایی ١٩٦٣ و سەرەتای ١٩٦٤ ی لە ئەورویا بردەسەر و توانی وەك جەلال تاڵەبانی، ڕێگەی چوونەدەرەوەی وولات بەرێگە و شێوەیەك پەیداکات کە دەبێت بەنهێنی بمێنێتەوە". ئاشکرایە ئەو ڕێگە نهێنییە کوێ بووە.

لەوەش سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە، پاش چوونە بەغدایان، سەرهەنگ عیسا پەژمانیش کرایە ئاتاشێی سوپایی باڵوێزخانەی ئێران لەبەغدا. ئەو دەمە زێتر ئەوڕەحمانی زەبیحی پەیوەندیی پێوە دەکرد. جگەلەوە بەردەوام کاربەدەستانی

ساواکیی وەك دوکتۆر هاشمی شیرازی و کەسانی دیکە بەنێوی نهێنی دوکتۆر جەلال و کیٚ و کێوە دەهاتنە بەکرەجۆ و لای خەڵکی بە فیدائی ئێرانی پەیڕەوانی بیری ماوی دەناسرێنران، کە گوایە خەباتگێڕانی دژەڕژێمی شان. گوایە دوکتۆر جەلال، پزیشکیی سروشتیی لە چین خوێندووە و لە ڕووەکە سروشتییەکان داوو دەرمان دەگرێتەوە و چارەی لادێییە هەژارەکانی پێدەکات.

کەواتە وەك کاك فازڵ نووسیویە، شوورەوی پشتی بارزانی دەگرت، هەرچەندە پرۆگرامەکەی برایم – جەلال بەلای چەپدا دایدەشکاند. ڕاستە بەلاّم چەپێتی تەنها ووشەی بێگیانی سەرکاغەز نییە، بەڵکە کارە، کردەوەیە، هەستە، بیرە، مامەڵەیە.

پەیوەندیی ئەو تاقمە بەئێرانەوە و هەڵوێستیان بەرامبەر پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە کوردستاندا، ئەو هەڵوێستەی بە شوورەوی وەبەرگرتبوو.

گۆڤاری الکاتب ی میسریی لەژمارە ٥٠ ی، ساڵی چوارهەم، ئایاری ١٩٦٥ دا، گفتوگۆی مانگێك بەرلەوسای سیٚ وەفدی عارەبی بلاّوکردەوە، کە لە قاهیرە دوو زنجیرە کۆبوونەوەیان کردبوو، کێشەی کورد یەکێك بوو لە باسەکانیان. لەیەکەم کۆبوونەوەدا ئەدیب ئەلجادر، یەکێك لە ئەندامانی وەفدی عێراق دەڵێت: " لەدوا کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتدا، باسی وەزع و هەڕەشەی ئیمپریالیزم و بەتایبەت ئێرانمان لەگەڵ هێنانەپێش، کە چۆن ئیستیعمار هەوڵی هاندانی کورد دەدات، تا عێراق بخاتە بەر مەترسییەوە. پێمانگوتن کە ئێمە بەڵگەمان دەربارەی پەیوەندیی کورد و هێزە

ئیمپریالیستەکان بەدەستەوەیە. گوتیان ئەوانیش لایانوایە کە ئەو پەیوەندییانە هەن، بەلاّم لەگەلّ مەلامستەفای بارزانیدا نا.

هەژاری موکریانیدەنووسێت: "کۆمۆنیستی عارەب و کورد، ئەوانەی لەقەتل و عامی بەعسییەکان رزگاربووبوون و شۆڕشی کورد پەنای دابوون، ئامادەبوون بەچەك و ئازووقەی خۆیان، بۆ پارێزگاریی لە گیانیان، هاوسەنگەری پێشمەرگەبن. برایم لەچەکی کردن. بارزانی چەند نامەی بۆنارد چەکەکانیان بداتەوە، (هەشت نامەیان بەمن نوسرا)، چەکەکان هەرنەدرانەوە".

وەك نووسەرخۆشی لە ل٢٨٥ دا نووسیویە، برایم ئەحمەد لەسەردانەکەی ١٩٦٣ ی مۆسکۆیدا، بەو هەمووتکا و ڕجایەی خانەخوێکانیشی، ئامادە نەبوو لەگەلّ کۆمۆنیستی عێراقدا پێکبێتەوە.

لە حالّوبارێکی ئاوهادا، وولاّتێکی وەك سۆڤیەت کە ئەم ڕاستییانە چاکترو قووڵتریش دەزانێت، جگەلەوە هەلّوێستی بارزانی زێترلەبەرژەوەندیی ئەوان بوو، سەرکەوتنی ئەوو دۆڕاندنی بالّەکەی دیکەشیان لا ڕوون بوو، دیارە هەرپشتی بارزانی دەگرن.

نووسەرخۆشی پەنجەی بۆئەوە ڕاکێشاوە و دواتر دەنووسێت: "چەند ڕۆژێك پێش ڕێکەوتنەکە، پراڤدا دەنووسێت کە هەندێ داروەدەستەی ئیمپریالیزم دەیانەوێت ڕێ بەو ڕێکەوتنە بگرن و بەردەوام ئاگری شەڕ خۆشدەکەن، تا عێراق بەو کێشەیەوە هەر بنالّێنێت. مەبەستی پراڤدا، ئێران بوو".

با بگەڕێینەوە سەرباسەکەی خۆمان:

ئاژانسی دەنگوباسی تاس، پشتگیریی لەو ڕێکەوتنە کرد و خرۆشۆف بروسکەی پیرۆزبایی بۆ بارزانی و عارف نارد. پارتی کۆمۆنیستی عێراق، سەرەتا هەڵوێستێکی ڕەخنەئامێزیان هەبوو، پاشان لەژێر تین و تاوی ڕای سۆڤیەتدا، بایانداوە.

ساڵی ١٩٦٥ شەڕ هەڵگیرسایەوە، شوورەوی پشتی کوردی بەرنەدا، هەمانکات پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمیشدا هەر بەردەوام بوو. سۆڤیەت زۆر بە وورپایی و ئاگادارییەوە لەڕووداوەکانی ١٩٦٦-١٩٦٨ ی عێراقی دەڕوانی. بەرازو تاراددەیەك میراتگرەکانیشی مەیل و ئارەزوویان بەلای ڕۆژئاوادا نیشاندا.

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەم سەروەختەدا داوی پەیوەندیی لەگەڵ چەند هێزێکی دەرەکییدا ڕایەڵکرد، تایبەت لەگەڵ ئێران و ئیسرائیلدا.

سەرەڕای ئەوەش شوورەوی هەر پشتگیریی لە بزووتنەوەکە دەکرد. هەتا لەپاڵ کۆمەکی ماددی ڕۆژئاوادا، ئەوانیش کۆمەکی ماددیان پێدەدا.

لێرەدا دەمەوێت دەمەتەقێیەك لەسەر ئەو پرسیارە بکەم کەگەلەکجار دەبیستین: ئایا چۆن شۆڕشی ئەیلول لەیەك کاتدا پەیوەندیی لەگەڵ شوورەوی و وولاتانی سۆسیالیستدا هەبوو و کۆمەکی لێوەردەگرتن، هەمانکات پەیوەندیی لەگەڵ هەندە وولاتێکی داردەستی ڕۆژئاواشدا هەبوو؟ داخۆ شوورەوی بەو پەیوەندیانەی دەزانی؟ ئەدی چۆن لەئاستیدا بێدەنگبوو؟ چۆن بەوە ڕازیبوو؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەی لەو بابەتە بەرۆك بە مرۆ دەگرن و چاوەڕێی وەرامن. بۆیە من هەوڵدەدەم وەرامێکی کورتیان بدەمەوە:

دەبێت ئەو ڕاستییە دووبارەکەینەوە، کە میللەتێکی زۆرلێکراو نییە، هێندەی کورد گەمارۆدراوو هەڕەشەلێکراو بێت. هەڵکەوتی جوگرافیایی خاکەکەی، چەندە بۆ خۆپارێزی لەبارە و ڕێگەی ئەوە نادات کە دوژمنان بەهاسانی دەستیان پێیاندا ڕابگات، هێندەش داخراوو ئابلوقەدراوو بێدەروازە و ڕێگەیەکی ئەوتۆیە کە بتوانرێت کۆمەکی خێرخوازانی پێدا بەڕێبکرێت. بەتایبەت کوردستانی خواروو لەهەرچوار کەنارەوە خڕبەداگیرکەران ئەڵقاوئەڵق دراوە. خۆ کۆمەك لەئاسمانەوە دانابارێت، دەبێت ڕێگەیەك پەیداکرێت. تەنها ڕێگەش ئەوەیە کە ناکۆکی و ئاڵۆزیی نێو ئەو دوژمنانە بقۆزرێتەوە و سوودیان لێوەرگیرێت. چۆنیەتی و توانای ژیرانە سوود لێوەرگرتنی ئەو بارە، دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە. لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ئەو بارە ڕەخسابوو، ئەویش بەهۆی دوژمنایەتی و دژایەتی هەردوو بیری ڕەگەزپەرستی پان عارەبیزم و پان ئێرانیزمەوە و ململانێیان لەسەر خوزستان و کەنداو، داخۆ عارەبییە یاخود فارسی.

کورد ئەو کاتە لەکوردستانی خوارووداً، دژی پان عارەبیزم دەجەنگا، ئەمە خۆی لە خۆیدا بە سوود و قازانجی پان ئێرانیزم بوو، چونکە مێملەکەی بۆ لاواز دەکرد. بۆیە لەو بارە ناهەموارەی کورددا، ڕووی دۆستایەتییەکی ساختە پیشانی کورد درا. کوردیش ئەو هەلەی قۆستەوە و لە کاتێکدا ئەو دەرووەی لێکرایەوە، کە گەمارۆی ئابووری هەناسەی ئەو بەشەی خوارووی کوردستانی سوارکردبوو. دیارە شوورەوییش ئەو بارو دۆخە تێدەگەیشت و دەیزانی چارەی دی لەبەردەستدا نییە. بۆیە پێیڕازی بوو، بەڵام مەرجی ئەوەبوو کە بڕیار

بەدەست سەرکردایەتی شۆڕشەکەوە بمێنێتەوە بەتەواوی تەسلیم نەبن. سا لەو ڕێگەیەوە سەرپاکی کۆمەکی خێرخوازان و شەڕخوازان، بە کوردستاندا دەکرا. ڕێگەی پەیوەندیی و هامشۆی کادێران و بەرپرسانی شۆڕشەکە بوو بە بەرەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە. گشت لەگشتی کۆمەکی سۆڤیەت و وولاتانی سۆسیالیستییش، لەوکونەوە دەگەیشتە شۆڕش. هەتا سالی ١٩٧٠ ، سەرچاوەی ڕزق و ڕۆزیی پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش بوو. چاکیش پێیڕازیبوون و بەو ئازووقەیە دەژیان کە لەوکونەوە دەهات. کاتێك هاوڕێ کەریم ئەحمەد لە هەشتەمین کۆنگرەی پارت لە ١٩٧٠ دا، سەرسۆیلەی سەکۆی کۆنگرەی لە حیزبی بەعس گرت و بوغزاوی قینی بەسەردا ڕشتن، گیرفانێکی زڕەی تمەن و گیرفانەکەی دی خڕەی ئاجیلی لێدەهات. بەلام کە چەرخ و فەلەکی سیاسی سووڕێکی دی خوارد، هەربەوپەتکە ملی کوردیان جەڕاند.

بەبۆچوونی من، ئەوکاتە شوورەوی لەبەرئەم هۆیانە بەو بارە ڕازیی بوو:

١-شوورەوی لەوکاتەدا دەیزانی هیچ چارە و ڕێگەیەکی دی لەبەردەستدا نییە، دەبێت دەروازە و درزێك پەیدا کرێت، تا کۆمەکی دەرەکی بە شۆڕشەکە بگات.

٢-بۆگوشاری زێتر خستنە سەرعێراق. بۆبەهۆشدا هێنانەوە و تێگەیاندنی کە هێزە ئیمپریالیستەکان و دارو دەستەکانیان دوژمنی سەرەکیی عێراقن و دەیانەوێت عێراق بەچۆکدا بهێنن. تا عێراق ناچاری ئەوە کرێت کە سەنگەری بەرامبەر هەلبژێرێت و پەنا و هانا بۆ بەرەی ڕۆژهەلات بەرێت.

٣-بارێکی وا بێتەگۆڕێ، هەرکات بەرژەوەندیی سۆڤیەت خواستی، بێئەوەی هیچی لەسەربکەوێت، خۆی لەسەنگەری دۆستایەتی کورد بکێشێتەوە و هەتا هەقیشی بدرێتێ، ئەویش بەتاوانبارکردنی شۆڕشەکە بە کۆنەپەرست و داردەستی ئیمپریالیزم. ئەمە هەمانکات دەرفەت دەخولقێنێت کە هەرکات لەپاشەڕۆژدا بەرژەوەندییەکانی شووروەوی خواستی، سەرلەنوێ ڕووی دۆستایەتی پیشانی کورد بداتەوە و کوردیش قەرزاربارکاتەوە و هەڵوێستی بەرژەوەندپەرستانەی خۆی بەهەڵوێستی چەوت و خراپی شۆڕشەکە عەیب پۆشکات.

٤-لەحاڵەتێکی ئاوهادا، دۆستایەتییەکە لەسەرسۆڤیەت زۆر ناکەوێت، لەڕووی ماددیشەوە هەرزان بۆیدەچێتەسەر، چونکە بزووتنەوەکە تەنها چاولەدەستی سۆڤیەت نابێت و سەرچاوەی کۆمەکی دیکەشی بۆ پەیدا دەبێت، هەرهەمان دەوری زۆربۆهێنەرو گوشارخەرەسەریش بۆ شوورەوی دەبینێت، بەلاّم بەکۆمەك و تەکلیفی لایەنانی دیکە. باری سەرنجی وولاّتانی عارەبیش بەرامبەرشوورەوی و وولاّتانی سۆسیالیست تەڵخ و بەدبین ناکات.

کەواتە کاکە فازڵ چاکی بۆچووە کەنووسیویە: "پەیمانی هاوکاریی و دۆستایەتی ١٩٧٢ ی نێوان سۆڤیەت و ڕژێمی عێراق و جێپێ بوونەوەی سۆڤیەت لە عێراقدا، بەرهەم و سەرئەنجامی ئەو بارودۆخە بوو کە شۆڕشی کورد هێنایە گۆڕێ".

"ڕژێمی بەعسی وەکو هەموو ڕژێمێکی دیکەی بەرلەخۆی، لە یەکەمین بەیاننامەی پاش کودەتاکەیدا ڕایگەیاند، کە بەنیازە کێشەی کورد بەشێوازێکی

ئاشتییانە چارەسەر بکات. بەهۆی تەجرەبەی تاڵی ١٩٦٣ یانەوە، تاڕادەیەك لە ناوچەکەدا وەتاق کەوتوو و پەڕکراو بوون. بۆیە خۆنێزیکخستنەوە لەسۆڤیەت و هاریکاریی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و ڕێکەوتن لەگەڵ کورددا، یەکەم ئامانجی تاکتیکییان بوو. هەر یەکەوڕاست پاش کودەتاکە، گوتوبێژیان لەگەڵ کۆمۆنیستاندا دستپێکرد. پارتی کۆمۆنیست دەیزانی بەعس وەتاق کەوتووە، بۆیە دەیەویست زۆری بۆ بهێنێت، تا لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا کۆرسی خۆی بگۆڕێت. لە سێپتەمبەری ١٩٦٨ دا، پارتی کۆمۆنیست بەرنامەیەکی پێشنیازکراوی خستەبەردەستی بەعس و حیزبەکانی دی، تا لەبەر ڕۆشناییدا بەرەیەکی نیشتمانیی پێکبهێنرێت، لەخاڵی پێنجەمدا دەڵێت:"دونیا دەکرێتە دوو بەرەوە ، بەرەی شۆڕشگێڕان، کە لە وولاتانی سۆسیالیست و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهان و بزووتنەوەی کرێکاران پێکدێت. بەرەی ئیمپریالیزم، بەسەرکردایەتی ئەمریکا و بەریتانیا و ئاڵەمانیای ڕۆژئاوا. ئەوبەرە نیشتمانییە دەبێت بداتەپاڵ بەرەی شۆڕشگێڕان و دژبە ئیمپریالیزم بێت.دەبێت ببێتە دۆست و هاوکاری سۆڤیەت و وولاتانی سۆسیالیست".

بەعس لە فیکەی خۆی تێگەیی، بەرەو ئەو ئاقارە هەنگاوی نا. کە کۆنگرەی بەعس لە نۆڤەمبەری ١٩٦٨ دا گیرا، گەورەترین وەرچەرخانی سیاسی لەمێژووی خۆیدا تۆمارکرد: "کۆنگرە بڕیاردەدات کە سیاسەتی دژبەئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم وەبەربگرێت و دۆستایەتی خۆی لەگەڵ وولاتانی سۆسیالیستدا بەتین بکات".

هەرئەوساڵە ئەو بڕیارە خرایەگەڕ. پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ شوورەوی و وولاتانی سۆسیالیستدا پەرەی پێدرا. سیاسەتی دەرەوە لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و وولاتانی عارەب، لەگەڵ ستراتێژێتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، هاوتەریب کرا.

ئیدی هەلی زێڕین بۆ سۆڤیەت هاتەپێش، تا جێپێی لەدەستچووی عێراقیان گیرکەوێتەوە. وا پێویستی دەکرد کەپارتی کۆمۆنیست لە حوکمدا بەشداریی بکات و بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیش لەگەڵ ڕژێمدا ڕێککەوێت و پەیمانی ئاشتی ببەستێت. بۆیە سۆڤیەت کەوتە بەینەوە.

بەعس بەو تێکەوتنەی سۆڤیەت ڕازیی بوو. هەتا لە کۆتایی ١٩٦٩ دا، لە ڕاپۆرتی سیاسی بەعسدا، دان بەمافی چارەنووسی کورد، تاڕادەی یەککگرتنەوەی نەتەوایەتیشدا، نرا. بەلاّم سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەر لە بەعس بەدگومان بوو. ئاخرێکەی بە تین و تاوی دۆستایەتی سۆڤیەت، بەڕێکەوتن ڕازیی بوو. لەگەڵ ڕژێمدا ڕێککەوت و هیچ گوێیەکی بە گوشار و دادی ئێران و هێزە ڕۆژئاواییەکان نەدا و پشتی تێکردن و ڕووی لە سۆڤیەت کرد.

هەرپاش مانگێك لە ڕێکەوتنەکە، کێشە لەنێوان شۆڕش و ڕژێمدا سەریهەڵدا. ئەوەبوو دەزگەی جاسووسیی عێراق، هەوڵێکی سەرنەکەوتووی بۆ کوشتنی بارزانی دا. مەسەلەی سنوورەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، یەکێك لەکێشەسەرەکییەکان بوو. ڕژێم بۆ ئەو مەبەستە سیاسەتی ڕاگوێزان و بەعارەبکردنی وەبەرگرت.

شۆڕشی کورد یەکە کۆسپی سەر ڕێگەی دەستەلاتی بەعس بوو، بۆیە هەوڵیدا بەهەر نرخێك بێت ئەو کۆسپە هەڵکەنێت، ئەویش بەدەستبەرهەڵدا کردنی سۆڤیەت و پارتی کۆمۆنیست لە شۆڕشەکە و وەتاق خستنی. یەکسەر پاش ڕێکەوتنەکەی ئازار، پەیوەندیی عێراق و شوورەوی لەهەموو ڕوویەکەوە بەتینتر کرا. کۆمەڵێك پەیمان و ڕێکەوتننامەی ئابووری و سوپایی و بازرگانی لەگەڵ شوورەوی و وولاتانی سۆسیالیست مۆرکران. گرینگترینی ئەو پەیمانانە، پەیمانی ئالیکاری و دۆستایەتی هەردوو وولات بوو، کە لە ئاوریلی ١٩٧٢ دا مۆرکرا. ئەمە پاش لەدەستدانی میسر، دەستکەوتێکی مەزن بوو بۆ سۆڤیەت.

بە تێکەوتنی سۆڤیەت ، هەوڵی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی لەنێوان بەعس و کۆمۆنیست و پارت دا درا، تا پێکرا لە حوکمدا هاوبەشیی بکەن. بۆ پارت دەستی نەدا، بەلاّم کۆمۆنیست لەگەڵ بەعسدا ڕێککەوت.

ڕێککەوتننامەکەی ئاوریلی ١٩٧٢ ی عێراق – سۆڤیەت، نیشانەیەکی گرنگی گۆڕانی کۆرسی سیاسەتی سۆڤیەت بوو بەرامبەر ڕژێمی عێراق. چونکە تائەو کاتە هەوڵیدەدا، هاوسەنگیی لە نێوان هەردوولا (کورد و ڕژێم) دا ڕاگرێت، بەلاّم ئێستا ئاشکرابوو کە بۆ سۆڤیەت پەیوەندیی بەستن لەگەڵ عێراقدا لەگشت مەسەلەیەك گرنگترە و واتا و هێمایەکی زۆری هەیە".

لە پێشەکییدا گوتمان، هەندەك لەو کەسانەی نووسەر چاوی پێیانکەوتووە و ڕای وەرگرتوون و زۆرجار نایانەوێت نێویانبهێنرێت ، جێگەی باوەڕنین، چونکە تینی کزبووی سیاسەتبازیی هەندێکیان، تەواو سکوتی نەکردووە. ئەوەتا نووسەر لێرەدا دەنووسێت: "لە سەرکردایەتی کورد دا، ساڵی ١٩٧٤ دووڕا و دوو

هەڵوێستی جوداواز هاتنەکایەوە، یەکێکیان کەسانی وەك سامی ئەوڕەحمان و دارا تۆفیق بوون، کە پێیانوابوو بەتێکەوتنی سۆڤیەت ڕەنگ هەیە بتوانرێت خۆ لەبەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە ببوێردرێت. ئەوی دیکەیان کەسانی وەکو دوکتۆر مەحمود عوسمان و حەبیب محەمەد کەریم بوون، کە پێیانوابوو تەنها بە خۆبەستنەوە بە ئەمریکا و دۆستانییەوە لەناوچەکەدا (ئێران – ئیسرائیل)، دەتوانرێت جەنگی بەرەنگارکاری لەگەڵ بەغدادا ببرێتەوە".

ژمارەی پەراوێزی ئەم پەرەگرافە (١٢٣)یە کەلە ل٣١٥ دا دەنووسێت: "لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە کە لە فێبریوەری ١٩٨٤ دا چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازدراوە".

هەمان لاپەڕە، یانی ل٣١٥، لەپاڵ پەراوێزێکی دیکەدا کە ١١٦ یە، دەنووسێت: "چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان (سامی) دا، لەندەن، فێبریوەری ١٩٨٤".

گەر سەیری پەراوێزەکانی دیکە بکەین، دەبینین نووسەر لە فێبریوەری ١٩٨٤ دا، لە لەندەن چاوی بەدووکەس کەوتووە. یەکێکیان کاك سامییە لە ٨ ی فێبریوەردا. ئەوی دی کاك برایم ئەحمەدە، لە ١٠ ی فێبریوەری هەمان ساڵدا. بڕوانە پەراوێزەکانی ژمارە ٧٣ و ٧٦ ی ل ٢٧٠.

گەر بزانین کاك برایم ئەحمەد بەهۆی ئەوەوە ئەودەمە لە جیهانی سیاسیدا نابووت و کەنارکەوتە بووبوو و یاخود بەڕەسمیی سیاسەتی نەدەکرد و هیچ کایەیەکی سیاسی نەدەگێڕا، لە ناویردان نیمچە دەستبەسەربوو، ئەوا ئەوکاتە هەر دەمێنێتەوە کاك سامی کە خاوەنی ئەو بانگاشەیە بێت. چونکە هەم ئەو

کاتــە لەســەرکردایەتی بزووتنەوەکــەدا بــوو و لەنێزیکــەوە ئاگــاداری بــار و دۆخەکــەبوو، هــەم ڕۆڵــی سیاســییانەی ئەمڕۆشــی پێویــستی بــە بۆیــاخێکی پێشکەوتنخوازانەی تۆخی لەو بابەتەیە.

جارێ بــا وادابنێین کــە سەد دەرسەد ڕاسـت دەکـات و ئەوخـاوەنی ئەو ڕایە بــووە و بەتوندیی دژی خۆبەستنەوە بە ئـەمریکا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی وەکو ئیسرائیل و ئێرانەوە بووە. با واشدابنێین کە قەت و قەت نەچۆتە ئیسرائیل و لـە ئۆرشــەلیمەوە کــارتی بــۆ هــەڤالانی ئــەورووپای نــەناردووە. بــا واشــدانێین کــە هیــچکات خواجــە (ئەشــەربــن ناتــان) ی نــەدیتووە و نایناســێت. بــا لــەو پرسیارەش گەڕێین گەرڕاستدەکات، بۆچ لەم ڕوونکردنەوەیەیاندا نەیویستووە نێوی بهێنن و ئاشکرایکەن؟ یاخود بۆئەوەبووە کە کەس نەزانێت وا هەمدیسان ئــەوە، دەســتی چــەوری خــۆی بەســەری بــەلارەوەگرتووی کۆنــە هەڤاڵــەکانی دەسڕێت. با لەوانە گشتیان گەڕێین و هەرلەبەرڕۆشنایی ڕاکانی خۆیدا، بزانین وەکــو سیاســەتبازێك چــەندە لــەو ڕایانەیــدا ڕاســتیی پێکــاوە و ســەرکەوتووو ڕاستگۆبووە و چەندە لەبەرژەوەندیی کورد بوون؟

لە ل ٢١١ دا دەنووسێت: "لەمارتی ١٩٧١ دا، سامی ئەوڕەحمان و دارا تۆفیق چوونە مۆسکۆ و لەگەڵ لێپرسراوانی سۆڤیەتدا کێشە و گرفتەکانی نێوان پارتی دیمـوکرات و ڕژێمـی عێراقیــان پێشچاوخست. لـەو گفتوگۆیانـەدا و لەهەنـدێ بواری دیکەدا، سۆڤیەت هەوڵیدەدا گوشار بخاتە سەر کورد، کە هەمیشە گلەیی و گازندەیان لە پاشگەزبوونەوەی ڕژێمی بەغدا هەبوو، کەنابێت بەهیچ جۆرێك لەڕێکەوتنەکەیان لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا پەشیمان ببنەوە".

(پەراوێزی ژمارە ١١٧، چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ کاك سامی ئەورەحماندا).

پاشان نووسەر لەسەری دەڕوات و دەڵێت: "کاتێك کۆسیجین هاتە بەغدا، گوتوبێژی لەگەڵ وەفدێکی پارتی دیموکراتدا کرد، کە سامی ئەورەحمان سەرۆکایەتی دەکرد. باس وخواسی سەرەکیی ئەم گفتوگۆیە کە هیچ کات ئاشکرا نەکرا، هەمدیسان گلەیی و گازندەی کورد بوو لە ڕژێم و دڵەڕاوکە و ترسیان لەوەی کە ڕێکەوتنی سۆڤیەت – بەغدا لەسەر حسێبی مەسەلەکەی ئەوان تەواوبێت.

سامی ئەورەحمان، کۆمەڵێك بەڵگە و نیشانەی پەنجەژمێرکرد، کە پاشگەزبوونەوەی ڕژێمیان بەدەردەخست لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠، لەوانە دەستکێشانە گیانی بارزانی.

کۆسیجین هەوڵیدا بایەخ و گرنگیی پەیوەندیی عێراق – سۆڤیەت، بۆ خودی سۆڤیەت و بۆ خەباتی گشت گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نێزیك لەدژی ئیمپریالیزم، ڕوونکاتەوە. کوردی بەهۆشهێنایەوە کە نەکەن شەڕ دەستپێبکەنەوە، سۆڤیەت هەوڵدەدات ئەو کۆسپانە لەسەرەڕێی کورد و ڕژێمدا هەڵتەکێنێت. بەڵام دژی ئەو لایەنەش دەوەستێتەوە، کە شەڕ هەڵگیرسێنێتەوە".

(چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ سامی ئەورەحماندا)

نووسەر لەسەری دەڕوات و دەڵێت: "پاش ئیمزاکردنی پەیمانی هاریکاریی سۆڤیەت و عێراق، ڕژێمی عێراق هەڵوێستێکی هێجگار ڕەقی بەرامبەر کورد وەبەرگرت و شووڵی لێهەڵکێشا و بارەکەی تەواو شێواند".

پاشان دەنووسێت:

"کە بۆریس پۆنۆماریڤی سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت هاتە بەغدا، تا بکەوێتە نێوان کورد و ڕژێمەوە، ویستی سەردانی بارزانی بکات، بەڵام ڕژێم ڕێگەی نەدا. لەبەغدا چاوی بە سامی ئەوڕەحمان و دارا تۆفیق کەوت. لەو گفتوگۆیانەدا دانی بەوەدا نا، کە ئەو مافی ئۆتۆنۆمییەی ڕژێم بلاویکردۆتەوە، لەداواکانی کورد زۆرکەمترە. بەڵام بارودۆخی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست هێندەی بەبەرەوەنییە کە شوورەوی بتوانێت چاو لە دۆستایەتی عێراق بپۆشێت و زۆری لێبکات هەلوێستی خۆی ڕاستکاتەوە".

(چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ کاك سامی ئەوڕەحمان)

(دیارە ئەمە لە کاتی گیانەڵڵای مۆڵەتە چوارساڵانەکە بووە، یانی ساڵی ١٩٧٤. هەرچەندە نووسەر ئەوەی نەنووسیوە).

کەواتە گەر بە گوتەکانی کاك سامی خۆی باوەڕ بکەین دەبینین ڕەنگ هەیە هیچی لێشین نەبوو. ئەوەتا خۆی دەگێڕێتەوە کە بەشداریی سەرجەم ئەو هەوڵ و کۆششانەی کردووە، کەلەگەڵ ڕژێم و سۆڤیەتدا دراوە و کراوە، بۆ بەرگرتن بەهەلگیرساندنەوەی شەڕ.

وەك یادم بێت، پەیوەندیی و گفتوگۆ تا ناوەڕاستی مارتی ١٩٧٤ لەگەڵ ڕژێمدا نەپسا و هەربەردەوام بوو، ئیدریس بارزانی ووەفدێك تا ئەو ڕۆژانە هەر لەبەغدا خەریکی گفتوگۆبوون. بەڵام هەمووی بێسەمەربوو. ڕژێم دەیەویست ئەوەی لە ١٩٧٥ دا بۆی لوا و دەستیدایە هەر لە ١٩٧٤ ەوە دەستیپێبکات.

گەرەکی بوو بزووتنەوەکە بێ پەڕو باڵکات و بەدەردێکی بەرێت، ئەوەی پاشان بەسەر کۆمۆنیستی هێنا، لە چاویدا حەڵوا بێت.

ئەوجا با بە تەرازووی سیاسەت، ئەو ڕووداوانەی کاك سامی خۆی دەیانگێڕێتەوە هەڵیانسەنگێنین و پاشان هەرخۆشی بکەینە دادوەر، تا بزانین داخۆ ئەو هەڵوێستەی کە گوایە ئەو هەیبووە، ڕاست بووە و پڕاوپڕ لە بەرژەوەندیی کورد بووە؟ یاخود بۆ فرۆختنی ڕۆژی ئەمڕۆیە و گەربوویێتیش لە هەڵوێستی دووهەم چێتر نەبووە؟

بەرلە هەرشت دەبێت ئەوە بڵێین کە هەڵوێستی یەکەم پێش دووهەم بەلاداهات و گیانی سپارد. چونکە ئەوەتا وەك بۆماندەگێڕێتەوە گفتوگۆ بە تێکەوتنی سۆڤیەت تا دواپلە نەپسا و هەوڵی بۆدرا. مەگەر کاك سامی بیەوێت بڵێت دەبا بزووتنەوەکەش وەك پارتی کۆمۆنیست تەسلیم با و چارەنووسی خۆی دابا دەست ویژدانی بەعس.

ئەو کاتە موعادەلەکان بەمجۆرە بوون:

١-سۆڤیەت لەبەردەم دووڕیانێکدا بوو، کە جەمسەرێکی بەبەرژەوەندییە ستراتیژییەکانییەوە بەسترابوو، بنکە و پێگەیەکی لەناوچەکەدا بۆ ڕەخسابوو، کە لە پاش سەرنگومبوونی قاسمەوە چیدی هەلی وای بۆ هەڵنەکەوتبوو. ئەو بەرژەوەندییانەی کە ساڵەهای ساڵ بوولەپێناویدا بە داشەهارەی کورد و کۆمۆنیست کش مەلیکی لەڕژێمە یەك لە دووی یەکەکانی عێراق پێدەکرد. ئێستاکە تۆ بڵێیت لەم دەمەدەمی بەرگرتن و تەرزفڕێدانەدا، بۆچۆلەکەی سەر داری کورد لەدەستی بدات و حەمامۆکەی خۆی بە پێلەقەیك تێکبداتەوە؟

دیاره مەگەر سیاسەتبازی وەك ئەو بلیمەتانەی كورد چاوەڕێی منداڵبازاڕی ئاوها لە دەوڵەتێكی كیسەڵڕەوی وەك سۆڤیەت بكەن.

٢-كورد لەبەردەم دووڕیانێكدا بوو، كە یا دەبا چۆكی بۆ بەعس دادا با و ڕێگەی دابا هەر ئەوكاتە كوردستان بەئارەزووی گلاوی خۆیان بكەنە عارەبستان و میللەتەكەش تووبڕكەن. ئەوەش تەنها لەبەرخاتری دۆستێك كە ئاشكرا كەری بەرژەوەندییەكانی خۆی بەستۆتەوە و بەنیازە كوردیش سندم كات. یاخود وەك نیمچە خنكاوی بەرشەپۆلی ڕووبارێك، دەست بۆ تووتڕك و چڵەپووشی كەنار بكێشێت، بەهیوای ئەوەی نوقم نەبێت ولەو گێژاوە بخەلەسێت.

لەگەڵ ئەوەدا كە ئێمە هەر لە بنەڕەتەوە دژی خۆبەستنەوە بە هێزە گەورەكانەوەین، بەتایبەت وەكو ئەوكاتەی شۆڕشی كورد بگاتە ئەو مەودایەی كە كەوشەن و سنووری ئەو پەیوەندییانە بەو شێوەیە بپسێت و سەركردایەتییەكەی وەك فاڵچی ڕمڵ لێبدەن و بە (ڕەنگ هەیە) بیانەوێت لەبەرچوونی خوێن و ئەسرینی چواردەساڵەی ئەو میللەتە زەلیلە بێدەرەتانە ڕاگرن. بەلام هێشتا پێمانوایە هەڵدێران لە خۆبەدەستەوەدان شەرەفمەندانەترە.

بەردەوامیی لەسەر هەڵوێستی یەكەم، خۆبەدەستەوەدان و خۆتواندنەوەیە لەبەرژەوەندیی دۆستێكی یەكەدۆستی بەرژەوەندییەكانی خۆیدا. هەڵوێستی دووهەم، بواری مناوەرە و سەوداو مامەڵەیەك دەهێڵێتەوە. ئەمە نێزیكەی هەمان دووڕیانی دژواری دەمەدەمی كۆتایی كۆماری مەهاباد بوو. بارزانی

ئەمجارەش هەڵوێستی پێچەوانەی پێشەوای شەهیدی وەبەرگرت. خۆزیا و سەد بریا ساڵێك دواتریش ئەو ئازایەتییەی مابا.

کەواتە گەر بە شێروخەتەکەش بێت کە کاك سامی کردوویە، پێمانوایە بێدەنگیی و ڕازیبوونەکەی ڕاستربوو لەو بوختانەی بەخۆی دەکات.

کاك سامی ئەوڕۆکە بەچەند مەبەستێك ئەو بانگاشەیە دەکات:

١-وەك گوتمان ڕۆڵی سیاسەتبازیی ئەوڕۆی پێویستی بە بۆیاخێکی خەستی پێشکەوتنخوازانەی لەو بابەتەیە.

٢-هەڵوێستی دووهەم لە سەداسەد دۆڕاوە و هەرەس پەردەی ڕەشی بەسەردا داداوەتەوە. دەیەوێت بیسەلمێنێت ئەوساش هەرخاوەن هەڵوێست و دووربین بووە و وێراوێتی لەبەردەم بارزانیدا نقەبکات.

هەڵوێستی یەکەم کە گوایە خۆی خاوەنی بووە، تاسەر تاقیینەکراوەتەوە، ئەوەتا ئێستا دەتوانێت بڵێت (ڕەنگ هەیە) سەرکەوتبایە.

٣-پاش هەرەس و نائومێدی لە ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران، بیری مارکسیزمی سەربەسۆڤیەت، بازاڕی گەرمە. ئەمە دانڕۆکردنە و تەپکەنانەوە بۆ گەلەك هەرزەکاری سیاسی.

٤-تاوانی هەرەس و چارەنووسی تاڵی پاش هەرەسی ئەو میللەتە لەگەردنی ملۆزمە سیاسییەکانی دوێنێ وئەوڕۆی بئاڵێنێت و ناب‌ووت و ڕیسوایانکات، خۆشی نەك هەربێ ئارەق دەرچێت، بەڵکە وەك خاوەن هەڵوێستێکی ڕاست و ئازایانەش حسێبی بۆبکرێت.

بابگەڕێینەوە سەرەوکاری نووسینەکەی کاك فازڵ، کە لە ل٣٠٣ دا دەنووسێت:"لەوجەنگە خوێناوییەی نێوان مارتی ١٩٧٤ و مارتی ١٩٧٥ دا، کە نێزیکەی شێست هەزار قوربانیی خواست، کۆمەکی سوپایی سۆڤیەت بەعێراق ، کایەیەکی زۆری لەدەستنیشانکردنی چارەنووسیدا دیت. بە ئامۆژگاریی سۆڤیەت، ئۆردووی عێراق مەڵبەندە ستراتیژییە زۆرگرنگەکانی لە کورد گرت. بەپێی گوتەی کورد و هەندەك سەرچاوەی ڕۆژئاوایی، فڕۆکەوانە سۆڤیەتییەکان، فڕۆکەنوێکانی (تۆپۆلیف ٢٢) یان دەئاژووو کوردستانیان بۆردومان دەکرد.

بۆ پشتگیریی ئەم ڕوونکردنەوانەی کاك فازڵ، بەپێویستی دەزانم هەندەك زانیاریی دیکەیان بخەمەسەر:

فڕۆکەوانی عێراقی (صفاء شلال)، کە فڕۆکە مێکە ١٩ کەی لە ٣ ی ئۆگوستی ١٩٧٤ دا لە دۆڵی باڵەك خرایە خوارەوە و خۆی دەستگیرکرا، دانی بەوەدا نابوو کە فڕۆکەوانە سۆڤیەتییەکان فڕۆکە تۆپۆلیفەکان دەئاژوون، چونکە ئەوفڕۆکانە ئەوکاتە نوێبوون و هیچ فڕۆکەوانێکی عێراقی مەشقیان لەسەریان تەواو نەکردبوو. هەروها ئەوەشی ئاشکرا کردبوو کە نێزیکەی ٣٠٠٠ ڕاوێژکاری سوپایی سۆڤیەت لە عێراقدان. (٤٤)

کاك فازڵ خۆشی لە جێگەیەکی دیدا، لە ل٩١ دا نووسیویە کە تا ١٩٧٨ نێزیکەی شازدە هەزار سەربازی سۆڤیەتی لەعێراقدا بوون.

دیارە ئەمانە بۆ ئەوە دانەبەستراون مێش بقەپێنن، دەبێت بایی ئەو دۆلارە زۆرەی وەریانگرتووە، خزمەتی بەعسیان کردبێت!

لەهێرشەکەی ئۆردووی عێراقدا، کە لە قۆڵی کۆرەك و بێخاڵەوە هێرشیان بۆ ڕەواندز کرد، سەرهەنگ (ئەلێکساندەر ڤازیلیف) سەرپەرشتیی ئەو هێرشەی دەکرد. (٤٥)

ساڵی ١٩٧٦ ، کاتێك هێشتا لەووڵات بووم، گۆڤارێکی نهێنی هێزی زرێپۆشی عێراق کە ناوی (مجله الدروع) بوو، کەوتە دەست ڕێکخراوێکی سیاسی، منیش بەخت یاریبوو ئەو گۆڤارەم خوێندەوە، بەداخەوە ئێستا ژمارەکەییم لەیاد نەماوە. بەهەرحاڵ گوتارێکی تێدابوو کەیەکێك لە ئەفسەرە بەشدارەکانی هێرشەکەی ڕەواندزلەژێر سەردێڕی (دبابات البعث تتحطم اسطورة كورك)دا نووسیبووی. زۆر بەووردی باسی هێرشەکەی تۆمار کردبوو. ئەوەی لەیادم ماوە ئابەمجۆرە بوو: "پاشئەوەی هێزەکانمان لە گەلی عەلی بەگ دا لەلایەن هێزەکانی (جيب العميل) ەوە ئابلوقە درابوون و پەیوەندییمان لەگەڵیاندا پسابوو، ناچاربووین بەدوای چارەسەرێکی خێرادا بگەڕێین. ڕاوێژمان بە ووڵاتێکی دۆست کرد. ئەوان بە مانگی دەستکرد، وێنەی ناوچەکەیان بۆگرتین و نەخشەیان بۆ کێشاین. ڕێگەیان بۆ دانایین چۆن چۆنی بێئەوەی پێویستمان بە گەلی هەبێت، بگەینە حەوزی ڕەواندز. نەخشەکە لە بێخاڵەوە دەستیپێدەکرد. بەلاّم هیچ ڕێگەیەك نییە لەو کێوانەوە بگاتە ئەوێ. ناچار گوێزانی بلدۆزەرمان لە زرێپۆشەکانمان بەست و بەدەم تەقە و شەڕەوە ملمان نا. ڕۆژی واهەبوو لە چەند مەترێك زێتر بڕمان نەدەکرد. چونکە یاخیبووە تاوانکارەکان ، کەوکوژی بە قەناصەکانیان تێماندەکەوتن. هیچ سەربازێك نەیدەتوانی بۆ چرکەیەك

سەردەربهێنێت...". بەهەرحاڵ بەشێوازێکی زۆر بەتام و چێژ و سەرنجڕاکێش، باسی چۆنیەتی گیشتنە ڕەواندزیانی تۆمار کردبوو.

ئاشکرایە ئەو وولاّتە دۆستەی بەمانگی دەستکرد وێنەی ناوچەکەی بۆ گرتوون و نەخشەی بۆ کێشاون، (سۆڤیەت) ی قەلاّی قایمی گەلان و پشت و پەنای میللەتانی چەوساوە و زۆرلێکراوی جیهان بووە!

ئەمە یاداشتی ئەو هەڵوێستە دۆستانەیەی کورد بوو کە بارزانی پاش سەردانەکەی ڕۆژهەلاّتناسی سۆڤیەتی (پیرماکۆف)، بە باوەڕپێکراوانی خۆی ڕاگەیاند: "گەر دۆستایەتی و بەرژەوەندیی هاوبەشی سۆڤیەت و کورد نەبا، هیچکات ئامادەنەبوو لەگەڵ بەعسدا گفتوگۆ بکات".

پیرماکۆف لەو سەردانەیدا کە دووبەدوو لەگەڵ بارزانیدا بە ڕووسی دەدوان، بارزانی ڕازیکرد کە گفتوگۆ لەگەڵ بەعسدا بکات وسەرئەنجامەکەی ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ بوو. بەلاّم کە بەرژەوەندییە تاکلایەنەکانی سۆڤیەت چەسپا، دۆستایەتی و بەرژەوەندیی هاوبەشیان ژێرپێ نا.

بە پێویستی دەزانم دوو هەڵەی چکۆلەش ڕاستکەمەوە کەبەسەر کاك فازڵ دا تێپەڕبوون:

لەلاپەڕە ٢٨٣ دا دەنووسێت: "تاڵەبانی لە ١٩٦٣ دا، پێش گەڕانەوەی لە ئەورویاوە بۆ کوردستان، بەدزییەوە سەردانێکی مۆسکۆی کرد. لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتدا، باسی کۆمەك و پشتگیریی کورد کرا لەپاشەڕۆژدا".

پەراوێزی ژمارە ٤٤ کە لە ل ٣١٢ دا ڕوونیدەکاتەوە، دەنووسێت: "ڕادوێی مۆسکۆ لە ٢٨ ی ژوونی ١٩٦٣ دا، دەقی گفتوگۆ و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ

تاڵەبانیدا پەخشکرد). لێرەدا خوێنەر بۆی هەیە بپرسێت: ئیدی ئەوە چۆن نهێنییەك بووە، کە ڕادوێی مۆسکۆ ئاشکرای کردبێت؟

لەهەمان لاپەڕەی ٢٨٣ دا، دەنووسێت: "لەو سەردانەی تاڵەبانیدا، سۆڤیەت پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە پێویستە برایم ئەحمەدی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان، سەردانێکی سۆڤیەت بکات".

دەبا نووسیبای "یەکێك لەسەرکردەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان"، یاخود "سکرتێری گشتیی پارتی دێموکراتی کوردستان"، چونکە برایم ئەحمەد سەرۆك نەبووە.

هەندێك هۆكاری دیكە

لە پەیوەندییەكانی كورد و سۆڤیەتدا

"پەیوەندییەکانی زلهێزێکی وەك سۆڤیەت و میللەتێکی زۆرلێکراوی وەکو کورد، بەشێوە و شێوازێکی هێجگار ئالۆز و جۆرا و جۆر تەونکراون. تا تەواو تەواو و پڕاوپڕ لەچۆنیەتی ئەو پەیوەندییانە بگەین، هێندە بەس نییە کە تەنها پەیوەندیی چەند لایەنێکی کوردی و هەڵوێستی ڕەسمیی سۆڤیەت هەڵشێلین و شیکەینەوە، بەڵکە وا پێویستە لە تەك ئەوانەشدا، تان ویۆی داوە پەیوەندییە هاوتەریبەکانی دیکەش بتوێژینەوە.

یەکێك لە جەمسەرەکانی ڕایەڵی ئەو پەیوەندییانە، وولاتانی سۆسیالیستن، کە گەلەکجار پاشکۆی سیاسەت و خواستی سۆڤیەت ڕەنگپێدەدەنەوە و پشتگیریکەری ئەو هەڵوێستانەن. لە شێستەکانەوە تین و تاوی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا لەسەرهەڵدان و گەشەکردندایە. لەو کاتەوە وولاتانی هاویەیمانی سۆڤیەت، هەمان هەڵوێستی سۆڤیەتیان بەرامبەر کورد وەبەرگرتووە.

یەکێك لەئامرازەکانی دی، ڕۆڵی پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە و ئەو وولاتانەن کە پشتگیریی ئامانج و سیاسەتی سۆڤیەت دەکەن. سەرەڕای ئەوەش هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەو پارتە کۆمۆنیستانە وەکو داردەست و قەرەقۆزێکی دەستی سۆڤیەت، یەك لایەنە و هەڵەیە، چونکە پارتە کۆمۆنیستەکان زۆرجار بەرژەوەندییە ناوچەییەکان ڕەچاودەکەن و هەندە جارێکیش گێرمە و کێشەی ئیدیۆلۆژیی لەسەر مەسەلەی نیشتمانیی و کەمەنەتەوەییەکان هەڵدەستێنن.

وولاتە سۆسیالیستەکانی وابەستەی سۆڤیەت، هەمیشە ئاوێنەی بالانمای سیاسەتی ڕەنگرێژراوی سۆڤیەتن لەجیهاندا. سیاسەت و هەڵوێستیان

بەرامبەر بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، لەو ڕێچکەیە نەترازاوە و هەردەم نوێنەرو دیوی دووهەمی ئەو سیاسەتە بوون.

باشترین نموونە، هەڵوێستیان بووە لە ئاست ڕووداوەکانی ١٩٦٣ ی کوردستاندا. ئەو دەمە سۆڤیەت مەسەلەکەی لا مەبەست بوو، بۆیە نەهات ڕاستەوخۆ خۆلە مەسەلەکە هەڵقورتێنێت، بەڵکە وولاتێکی وەك مەنگۆلیای ڕاسپارد ئەو ئەرکە وەئەستۆگرێت. تا بەو هۆیەوە داوی پەیوەندیی دیپلۆماسییانەی خۆی لەگەڵ عێراقدا نەپسێت.

لە ناردنی کۆمەك و یارمەتیدا، وولاتانی دیکەی سۆسیالیستیش جمێندران. لەپاڵ خاچی سووری سۆڤیەتدا، خاچی سووری هەنگاریا و بولگاریا و ئاڵمانیای خۆرهەلاتیش وەخۆ کەوتن.

نموونەیەکی دیکەی لەوجۆرانە، مەسەلەی زەمالە و کورسی خوێندن و پەروەردە و مەشقکردنە. خوێندنی کوردەوانی لەسۆڤیەت و تەکنیك و زانستەکانی دی لەوولاتانی سۆسیالیست، بۆ خوێندکارانی کورد فەراهەم کرا. گەلەك لەڕێبەرانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، خوێندنی خۆیان لە ئاڵمانیای ڕۆژهەلات و چیکۆسلۆڤاکیا، تەواو کردووە.

مەسەلەی ئاڕاستە و پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن، خاڵێکی دیکەی هاوبەشی ئەو هەڵوێستە یەکخراوانەیە. وولاتانی سۆسیالیست شوێنی پێکگەیشتنی نهێنی نوێنەرانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و کاربەدەستانی سۆڤیەتیی بەرپرسیاری ئەو ئەرکانە بوون، بەتایبەت چیکۆسلۆڤاکیا و ئاڵمانیای ڕۆژهەلات و بولگاریا. بەرلینی خۆرهەلات، هەمیشە وێستگە و بەردەبازی

نوێنەرانی کوردی داوەتکراوی سۆڤیەت بووە. لەوێ پاسپۆرتی پێویستی ئەو سەردانانەیان بۆ ئامادەدەکرا. ئەوجا بەدزییەوە بەرەو سۆڤیەت بەڕێدەخران.

لەو سالأنەی دواییدا، سۆڤیەت هەندەك وولأتانی دیکەی هاوپەیمانی ناسۆسیالیستی لە ڕۆژهەلأتی نێوەڕاستدا پەیداکرد، کە هەمان ئەرکیان دەبینی، بەتایبەت لیبیا و سوریا کە گەلەکجار هەلۆێستی سۆڤیەت بەرامبەر مەسەلەی کورد ڕەنگپێدەدەنەوە. هەرچەندە ناتوانرێت ئەمە تەنها بەتین و تاوی سیاسەتی شوورەوی لێکبدرێتەوە، بەلکە دەبێت کێشە و بەرژەوەندیی دیکەش تێبخوێندرێتەوە.

بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی دیکەش، تایبەت بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین، هەمان سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد وەبەردەگرن. لەڕووی سوپایی و ماددیەوە، کۆمەکێکی بەرچاو بە بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دەکەن. بەپلەی یەکەم (بەرەی دێمۆکراتی ئازادیخوازی فەلەستین)، پڕاوپڕ هەلۆێستی سۆڤیەت ڕەنگپێدەدەنەوە. ئەم پەیوەندیی و هاوکارییانە، بیرو ڕێبازی سەر بە سۆڤیەتیان لەبزووتنەوەی کورددا برەو پێداوە. بەتایبەت لە عێراق و تورکیادا ئەو دیاردەیە بەزەقی بەدەردەکەوێت.

پارتە کۆمۆنیستەکانی وولأتانی ڕۆژهەلأتی نێوەڕاست، هەرچەندە هەمیشە چالاك بوون، بەلأم لە ڕێڕەوی سیاسییانەی ئەو وولأتانەدا، کایەیەکی بنبڕیان نەگێڕاوە.

بەهۆی وابەستەیی ئەو وولأتە تازە دامەزراوانەی پاش یەکەم جەنگی جیهانی بەبەرەی ڕۆژئاواوە، پێگەیەکی چاك بۆ پارتە کۆمۆنیستەکان ڕەخسا.

ئەمانە هەر لەسەرەتاوە، تاکە ئامرازی دەستی شوورەوی بوون لە ناوچەکەدا، پارێزەری بەرژەوەندییەکانی بوون. ئەو هەڵوێستانە بە یەکێك لە ئەرك و پێویستییەکانی خەباتی ئینتەرناسیۆنالانە دادەنرا، کە سۆڤیەت بە چەق و کرۆکەکەی دەزانرا.

لێرەدا دەتوانین هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی عێراق وەك نموونەیەکی ئەو پارتە کۆمۆنیستانە، هەڵسەنگێنین:

پارتی کۆمۆنیستی عێراق کە لە مارتی ١٩٣٤ دا، لە یەکگرتنی چەند گروپێکی جوداوازی گچکەگچکە، بە کۆمەکی کۆمێنتێرن دامەزرا، هەر لەسەرەتاوە مەیلی زۆری بەلای کێشەی کەمەنەتەوەییەکاندا نیشاندا. مەسەلەی کورد کە لە نێوان دوو جەنگە جیهانییەکەدا لە نەخشەی سیاسەتی شوورەوی و کۆمێنتێرن دا هیچ نرخ و بایەخێکی بۆ دانەنرابوو، لەبەرئەوە پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش بایەخی پێنەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا مافی چارەنووسی کورد بەلای ئەوانەوە مەسەلەیەکی بێ چەند و چوون بوو، لە پرۆگرامی حیزبەکەشیاندا دانیان پێدانابوو.

کێشەی نەتەوەکان لە سیاسەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتە کۆمۆنیستەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتدا، مەسەلەیەکی لەبار و گونجاو بوو بۆ پڕوپاگەندە و بانگاشەی هەمیشەیان. پیاوانی کەمەنەتەوەیی و ئایینییەکان، ڕۆڵێکی دیاریان لە ڕێڕەوی کۆمۆنیستانەی ناوچەکەدا دیتووە. ئەو دەورەیان هەمیشە لە قەوارەی ڕاستەقینەی خۆیان قەبەتر و بالاتر بووە. ئەمەش بەسوود و دەستکەوتی پارتە کۆمۆنیستەکان شکاوەتەوە. لەو پەنجا ساڵەی دواییدا، جگەلە ساڵانی ١٩٥٥-١٩٦٣، کە شیعەیەکی عارەب (سەلام عادل) بووە سکرتێری

گشتیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ئیدی سەرپاکی ئەوانی دی، یا جوو بوون ، یا کورد ، یا فەلە. ١٩٣٤-١٩٤٩ یوسف سەلمان فەهد (فەلە)، ١٩٤٩-١٩٥٠ یەهودا صدیق (جوو)، ١٩٥٠-١٩٥١ ساسۆن شلەمۆ دەلال (جوو)، ١٩٥١-١٩٥٤ بەهادین نوری (کورد)، ١٩٥٤ حەمید عوسمان (کورد)، ١٩٥٥-١٩٦٣ سەلام عادل (عارەب)، ١٩٦٤ تا ئێستا عەزیز محەمەد (کورد).

هەرلەسەرەتاوە پارتی کۆمۆنیستی عێراق، لقێکی کوردستانی و لقێکی ئەرمەنیی هەبوو. هەرچەندە ئەرمەنییەکان لە عێراقدا، لەچاو تورکمان و کلدان و ئاسووری و جوولەکەدا، کەمەنەتەوەییەکی هێجگار گچکە و کەم بوون. ئەمەش هەمدیسان ڕەدووکەوتنی بەرژەوەندیی و مەیل و ئارەزووی سیاسەتی سۆڤیەت نیشاندەداتەوە.

لە دوای نیوەڕاستی سییەکانەوە، لەبەرئەوەی ڕژێمی عێراق، پابەندی سیاسەتی ئینگلتەرەی دژبەسۆڤیەت بوو، بەوهۆیەوە دژایەتی بەریتانیا و هەولّدان بۆ باشترکردنی سیاسەتی عێراق بەرامبەر شوورەوی، دیارترین کرۆك و جەوهەری سیاسەت و پرۆپاگانتەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو.

گرنگترین خالّە سەرەکییەکانی پرۆگرامی پارتی کۆمۆنیست، کە لە سەرگوتاری ڕۆژنامە نهێنییەکانیدا، لەلایەن فەهدەوە بلاّودەکرایەوە ئەمانە بوون:

١-خەبات لەپێناوی ڕزگارکردنی عێراق لە دەستەلاّتی بەریتانیا و هێزە ڕۆژئاواییەکانی دی.

٢-خەباتی چینایەتی، کە بەواتای داکۆکیکردن لەماف و بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکاران و جوتکاران دێت، کە لەژێر جەوروستەمی هێزە مۆنۆپۆل و فیۆدالەکاندا دەناڵن. هەروەها پارێزگاریکردن لە مافی کەمەنەتەوەییەکان کە هەموویان لەژێر جەوری ڕژێمی وابەستە بە دەستەڵاتە داگیرکەرەکاندا دەچەوسێنەوە.

٣-خەبات لەپێناوی هەڵتەکاندنی پاشماوەی دەستەڵاتی کۆلۆنیالی لەسوریا و لوبنان و میسر و هەموو ئەو وولاتانەی ڕۆژهەلاًت کە لەلایەن ڕۆژئاواوە دەستیانبەسەردا گیراوە.

٤-خەبات بۆ هاریکاریی و ڕایەڵکردنی داوی پەیوەندیی سیاسی و کولتوری و ئابووریی و بەستنی پەیوەندیی دیبلۆماسی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا.

بەهۆی دووهەم جەنگی جیهانییەوە بارە سیاسییەکە شێوا. شوورەوی لەدژی ئالمانیای نازیی، لەگەڵ هێزە ڕۆژئاواییەکاندا یەککەوت. هێزەکانی شوورەوی و ئینگلیز چوونە ئێرانەوە و داگیریانکرد. لەسەرتاسەری جیهاندا، هێزە کۆمۆنیست و دێمۆکراسییەکان دژی نازیی یەکیانگرت.

ئەو گۆڕان و وەرچەرخانە لە سیاسەتی سۆڤیەتدا، لە سیاسەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراقیشدا ڕەنگیدایەوە و ئاوهای لێهات:

١-ئامادەیی تەواو بۆ هاریکاریی لەگەڵ ڕژێمدا دەردەبڕین، لەپێناوی بەرگرتن بەخەتەری نازیی لەعێراقدا.

٢-هەوڵی هێنانەدی هەلودەرفەتی هاریکاریی نێوان عێراق و شوورەوی دەدەین.

٣-هەوڵی ئەوە دەدەین کە ڕژێم ئازادیی کارو چالاکی پارتی کۆمۆنیست دەستەبەربکات، وەکو لە هەندێك وولاّتانی ڕۆژئاوا و وولاّتانی سەربەو بەرەیەدا هاتۆتە ئاراوە.

لەسەردەمی کۆماری مەهاباددا، بەپێی تاکتیکی نوێی سۆڤیەت بەرامبەربە مەسەلەی میللەتان، پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش داوای لە نیشتمانپەروەرانی کورد دەکرد، پارتێکی ناسیۆنالیست کورد دابمەزرێنن.

دوای خنکاندنی فەهد و هاوڕێکانی، پاش زۆربۆهێنان و ڕەدوونان و دووبەرەکیی زۆرانبازییەکی زۆری نێو ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیست، مەیلی پارتەکە و بانگاشەی پشتگیریکردنی مەسەلەی کورد خاو و کاڵبووەوە. هەتا لەسەرەتای پەنجاکاندا پەیوەندییە ئینتەرناسیۆنالیستانەکەشی بۆماوەیك پسا.

لە ١٩٥٠ دا، سەلام عادل توانی ڕیزەکانی حیزب یەکخاتەوە و پەیوەندییە ئینتەرناسیۆنالیستەکەش گرێبداتەوە. لە کۆنگرەی ١٩٥٦ دا، پرۆگرامێکی نوێ بۆ حیزبەکە داڕێژرا، کە تاڕادەیەك ڕێبازو ڕێڕەوێکی چەسپاوی بۆ حیزب ڕەنگڕێژ کرد. (٤٦)

هاوکات ڕاستەوخۆ لەژێر تین و تاوی ڕێڕەوی سیاسەتی سۆڤیەتدا بوو. ڕێبازی سەرەکیی حیزبەکە، ئاشکرا لەبەر ڕۆشنایی و بەکاریگەرێتی گوتەکەی خرۆشۆف دا بیرازکرابوو، کە لە بیستهەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی شوورەویدا خوێندییەوە. بۆیە سەرەڕای ئەوگوشارو زەبرو زۆرەی ڕژێمی عێراق خستییە سەر پارتی کۆمۆنیست، کەچی حیزب هەڵوێستێکی هێورانە و

ئاشتیيانەی بەرامبەر ڕژێم وەرگرت. لە بلاوکراوەیەکی ١٩٥٧ ی حیزبدا، گوتەکەی ١٩٥٦ ی خرۆشۆف بە ڕێبازێکی نوێی ژیرانە و ڕاستیپەرستانە هەلدەسەنگێندرێت. نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ٢٢هەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی شوورەویدا، سالی ١٩٦١، پێی لەو ڕاستییە نا و ئاشکرای کرد کە پارتەکەی لەکۆنگرەی ١٩٥٦ یدا، لەژێر تین و تاوی بڕیارەکانی بیستهەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی شوورەویدا هەلسووڕاوە و بەو ئاقارە هەنگاوی هەلناوە. هەربەو پێیە ڕێبازی خۆی ڕاستکردەوە و لەخەباتیدا ڕێڕەوێکی ئاشتیخوازانە و هێمنانەی گرتەبەر.

پاش ١٩٥٧ و تایبەت پاش کودەتاکەی تەموزی ١٩٥٨، چەند بال و بیر و بۆچوونێکی جوداواز لەڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا چەکەرەیان کرد. لەگەل هەموو بەریەرچ و هەلبەزینەوەیەکی بالەکانی دیکەدا، ئاکام بالی سەر بە شوورەوی، توانی جۆگەی سیاسەتی گشتیی حیزب بڕژێنێتە نێو گۆمی بەرژەوەندییەکانی شوورەوییەوە و بەو ئاقارەیدا بەرێت.

لەگەل ئەوەدا کە هەوەسی دیکتاتۆرێتی قاسم بەردەوام لە هەلچوون و پەرەگرتندا بوو، کەچی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، هەتا سەرنگومبوونی ڕژێمەکەش، بێ چەند و چوون پشتی گرت، سەرەڕای ئەو بەرەنگاربوونەوە خوێناوییەی ڕژێم و ئەو ستەمە زۆرەی لەکوردی دەکرد، چونکە ئەوان سیاسەتی دەرەکیی قاسمیان بەلاوە گرنگبوو، گوایە قاسم سیاسەتێکی دژبە ئیمپریالیزمی وەبەرگرتووە. بۆیە لەگەل هەندە بۆرە ڕەخنەیەکیشدا، تانەمانی، بە پالپشتی مانەوە.

شوورەوی و پارتە کۆمۆنیستەکانی ڕەدووکەوتووی سیاسەتی، هەتا سەرەتای شێستەکانیش، هەڵوێستێکی دردۆنگ و گوماناویان بەرامبەر نەتەوەییە عارەبەکان هەبوو. تایبەت بەرامبەر دووباڵە گەورەکەی ناصر و بەعس. لەگەڵ پەیدابوونی جێپێیەك بۆ سۆڤیەت و خۆخزاندنە ناوچەکەوە، پارتە کۆمۆنیستە وابەستەکانی، تەقلەیان بەهەڵوێستیان لێدا و نەك تەنها بەهاوکاریی ئەو حیزبە نەتەوەییانە، بەڵکە بە ڕێبەرایەتی هەندێکیشیان ڕازیبوون و خایە و مایەیان لەگەڵ تێکەڵکردن. ئەو هەڵوێستە چەرخ و فەلەکییانەیە، کە پێچەوانەی سیاسەتی کلاسیکیانەی وەبەرگرتووی پێش ئەو سەردەمەیان بوو، ژمارەیەکی زۆر دووبەرەکی و لێکترازانی لەڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و کۆمۆنیستانی ناوچەکەدا خوڵقاند. هەرچەندە مەسەلەی ئازادیی میللەتان و کەمەنەتەوەییەکان و مافی کولتووریی گەلی کورد، بنێشتەخۆشەی ژێردانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو، بەڵام پەیوەندیی نێوان پارتی کۆمۆنیستی عێراق و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، بێ سەرئێشە و گرفت نەبوو. مەسەلەش ململانێ و کێشمەکێش بوو لەسەر مەسەلەی پێشڕەوایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا. شوورەوی گەلەکجار ئامۆژگاریی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی دەکرد، کە ئاسۆی بیری فراوانتر بێت و هاوکاریی و هاریکاریی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد بکەن. هانیدەدان بەرەیەکی نیشتمانیی بسازێنن، تا لەو ڕێگەیەوە تین و تاو و کاریگەرێتی شوورەوی لەسەر بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد زێتر بێت و بالاتر بڕوات.

هەرکات سیاسەتی سۆڤیەت واپێویست کردبا، کە پشتگیریی لە ڕژێم بکرێت ، دەبا پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەستبەجێ چاولێکەربا، با ئەو هەڵوێستە نوێیەی تەواو پێچەوانەی پێشینیشی با.

بۆ نموونە، هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەرامبەر شەڕراگرتنی ڕژێم و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لە فێبریوەری ١٩٦٤ دا، لەسەرەتادا ناڕازیانە بوو، بەلاّم هەر سۆڤیەت پشتگیریی و ڕەزامەندیی خۆی ڕاگەیاند، پارتی کۆمۆنیستی عێراق بایپێدایەوە و هەڵوێستی خۆی گۆڕی.

نموونەیەکی دی لەوبابەتە هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیست بوو بەرامبەر بەعس، پاش ڕێکەوتننامەی عێراق و شوورەوی لە ١٩٧٢ دا.

بەشداریی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەبەرەی حوکومەتدا، پێچکردنەوەیەکی عەنتیکە بوو لە سیاسەتی کۆمۆنیستدا بەرامبەر بە مەسەلەی کورد. لەوشەڕەی ١٩٧٤-١٩٧٥ ی نێوان کورد و ڕژێمی عێراقدا، بەشداریی چەکدارانە و پشتگیریی سیاسیانەی پارتی کۆمۆنیست و کۆمەکی ئیعلامی و سوپایی سۆڤیەت، ڕۆڵێکی هێجگار گرنگیان لەچارەنووسی مەسەلەکەدا دیت.

پاش کۆتاییهاتنی شەڕەکە، ڕژێم چەکهەڵگرەکانی پارتی کۆمۆنیستی چەك کرد و وەك قوتیلەی تەویلە پفی لێکردن، لەگەڵ ئەوەشدا پارتی کۆمۆنیست، لەسەر پشتگیریی سیاسیانەی ڕژێم، هەربەردەوام بوو. ئەو شۆڕشە نوێیەی لە ١٩٧٦ دا هەڵگیرسایەوە، لەلایەن کۆمۆنیستی عێراقەوە بەدوژمنانی ڕژێمی شۆڕشگێڕ و بە بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم جوێنباران دەکرا. (٤٧)

خۆپیشاندانی شیعەکانیش لە فێبریوەری ١٩٧٧ دا، لەلایەن کۆمۆنیستانەوە بە بزووتنەوەی کۆنەپەرستان نێو دەبرا.

لێکتێنەگەیشتنی ڕژێم و پارتی کۆمۆنیست، لەم مەسەلانە بەدووربوو، لەبواری دیدا ڕوویاندەدا. بۆنموونە کۆمۆنیست ڕەخنەی ئەوەی لەڕژێم دەگرت کە پەیوەندیی بازرگانیی لەگەڵ ڕۆژئاوادا لە ١٩٧٥ەوە تا ١٩٧٨ زۆر برەوو پێداوە و ئەمەش گومان دەخاتە سەر ڕێبازی سۆسیالیستانەی ڕژێم.

پاش ڕێکەوتنی ڕژێم لەگەڵ شای ئێران لە ١٩٧٥ دا، پاش نەمانی خەتەری کورد و ئێران، ئەوەبوو ڕژێم ڕۆژلەدوای ڕۆژ بەلای ڕۆژئاوا و عارەبی سعودیدا بایدەدایەوە. لە ١٩٧٧ ەوە قڕە کۆمۆنیست دەستیپێکردەوە. ١٩٧٨ ژمارەیەك کۆمۆنیست لەداردران، لەسەرئەوەی گوایە لەڕیزەکانی سوپادا سەرگەرمی چالاکیی سیاسی بوون. لەکۆتایی ئەوساڵەدا (مانگی هەنگوین) کۆتایی پێهات و بەرەی کۆمۆنیست و بەعس هەڵوەشایەوە و سەردەمێکی نوێ لە داپڵۆسینی کۆمۆنیست دەستیپێکردەوە، کە سۆڤیەتیش لەسەری بەدەنگهات و ناڕەزایی دەربڕی. ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی کۆمۆنیست قەدەغە کران، سەرکردە و کادێرەکانیان لە ١٩٧٩ وە، یا لەزینداندان توندکران، یا کەوڵی خۆیان لەدەباخانەی ڕژێم قوتارکرد و هەمدیسان لە ئەشکەوتەکانی کوردستانیان توندکرد.

لەسەرەتای جەنگی ئێران و عێراقدا، پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ڕژێمی عێراقی تاوانبارەدەکرد و پشتگیریی خۆیی لە (شۆڕشی دژ بەئیمپریالیزم) ی گەلانی ئێران دەردەبڕی. لە ١٩٨٣ وە ئاوازێکی دی دەستیپێکرد، عێراق

چاولەدەستی کۆمەکی سوپایی سۆڤیەت بوو، سۆڤیەتیش هیوای ئەوەی لە دەست دابوو کە حیزبی تودە بتوانێت بزمارەکەی مەلای مەزبوورەی لە دیواری ڕژێمی ئێران بۆ بچەقێنێت، چونکە ئێران تودەی قەدەغەکرد و سەرکردەکانی گرتن و ئیعتیرافاتی هێجگار بێتامی پێکردن. بزووتنەوەی موسلّمانانی عێراق، کەسەربەئێران بوو، ڕازیی نەبوون لەگەڵ کۆمۆنیستی عێراقدا هاریکاریی بکەن، بۆیە کۆمۆنیستیش بایدایەوە و گێڕی گۆڕی. ئەو بارە لەقە بۆن و بەرامەی ئەوەی لێدەهات کە هەمدیسان گۆڕانێکی نوێ بەسەر پەیوەندییەکانی ڕژێمی عێراق و پارتی کۆمۆنیستدا لەلایەك و ڕژێمی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت لەلایەکی دییەوە، بێت. یەکێك لە هێما و نیشانەکانی ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوە، کە دوورنییە هاریکاری نێوان پارتی کۆمۆنیست و ڕژێمی عێراق بسازێنێتەوە، گەرعێراق جارێکی دی مل بۆ خواستەکانی سۆڤیەت بدات، ئەو گوتەیەی هاوڕێ زەکی خەیری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی عێراقە، کە لەیادی سەدساڵەی مردنی کارل مارکس دا لە بەرلینی خۆرهەڵات خوێندییەوە. لەو بۆنەیەدا کەوەفدی بەعسیشی تێدا بەشداربوو، خەیری هەڵوێستێکی بێلایەنانەی لە جەنگی ئێران وعێراق نیشاندا داوای کۆتاییپێهێنانی جەنگی کرد و ڕایگەیاند کەبەهێنانەکایەی حوکومەتێکی ئیئتیلافی لە عێراقدا، گشت تەنگ وچەڵەمەکانی عێراق چارەسەر دەکرێت. پێشهاتێکی لەو بابەتە، پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و پارتی کۆمۆنیستی عێراق هەڵدەتەکێنێتەوە.

لەگەڵ گوڕوتین پەیداکردنی سیاسەتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتدا، هەتادێت پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتە کومونیستەکانی دی ناوچەکە، زێتر و زێتر سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدەدەن و وابەستەی سیاسەتی زلهێزانەی سۆڤیەت دەبن. بۆیە تادێت لەلایەن ڕژێمەکان و هێزە مەڵبەندییەکان و بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردەوە، زێتر وەکو نوێنەرێکی سیاسەت و بەرژەوەندیی زلهێزانەی سۆڤیەت تێیانبەڕواندرێت و هەرواش مامەڵە دەکرێن".

لە زنجیرەی ئەم گەشتەدا کە کاك فازڵ زۆر وورد و پیتۆڵانە بەدەور و ڕۆڵی پارتە کۆمۆنیستەکاندا کردوویە، چەند ڕایەکی دەربڕیوە کە پێویستیان بە لێدوان و بەدوواداچوون هەیە. بەڵام نەمویست زنجیرەی باسەکە بپسێنم، بۆیە وا بەناچاری ئێستا دەگەڕێمەوە سەریان:

وەك لە لاپەڕە ١١٥ دا ڕوونمانکردەوە، کاکە فازڵ دەنووسێت: "یەکێك لەئامرازەکانی دیکە، ڕۆڵی پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە و ئەو وولاتانەن کە پشتگیریی ئامانج و سیاسەتی سۆڤیەت دەکەن. سەرەڕای ئەوەش نرخاندنی ئەو پارتە کۆمۆنیستانە وەکو داردەست و قەرەقۆزێکی دەستی سۆڤیەت، یەك لایەنە و هەڵەن ، چونکە پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە، زۆرجار بەرژەوەندییە ناوچەییەکان ڕەچاودەکەن و هەندەجارێك گێرمە و کێشەی ئیدیۆلۆژی لەسەر مەسەلەی نیشتمانیی و کەمەنەتەوەییەکان هەڵدەستێنن".

لەپەراوێزی ژمارە ١ دا کە لە لاپەڕە ٣٥٧ دا ڕوونیکردۆتەوە، لەو بارەوە دەنووسێت: "لەسەردەمی بریژنێڤ دا، لەکاتی برەو پەیداکردنی گرنگی و بار و دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سیاسەت و دەستەڵاتی زلهێزانەی سۆڤیەتدا،

پەیوەستی و ڕەدووکەوتنی پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە بە مۆسکۆوە ڕوو لە زیادی بوو".

ئەم ڕاوبۆچوونانەی کاك فازڵ پێویستیان بە هەڵوێستەیەك هەیە، چونکە بۆچوونەکانی تەواو هاوکێش نیین و باری سەرنجەکانی جێگەی تێڕامانن و مەودای ڕادەربڕینی زێتریان لەسەرهەیە. بۆیە هێندەی بشێت و بگونجێت و بوار هەبێت، بە پێویستی دەزانم ڕای خۆمیان لەبارەوە دەربڕم:

١-سەبارەت بەوەی گوایە "ئەو پارتە کۆمۆنیستانە داردەست و قەرەقۆزی دەستی سۆڤیەت نیین". پێموایە بۆچوونێکی دووفاقانەیە، چونکە ئەوان خۆیان بە ئەرك و پێویستییەکی ئینتەرناسیۆنالانەی دەزانن و بەبەرژەوەندییەکی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای جیهان، کە شوورەوی بە تاکە سەرکردە و ڕێبەری لەقەڵەم دەدەن، بۆیە ئیلتیزامی یەکەم و هەرە لەپێشیان بە سۆڤیەتەوەیە. ناکۆمۆنیستەکانیش بە نوێنەر و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت و قوڕەچەورەی دەستی ئەو دەوڵەتە. سەراپای ئەو گەشتەی کاك فازڵیش پێشچاوی خستین هەر نوقلانەی ئەوەیە. ئیدی ئەگەر ئەوە داردەستی نەبێت، دەبێت داردەستی چبێت؟

سەریاکی پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە، بەڕازیبوون و ڕێگەدانی کۆمینتێرن دامەزراون. وەکو لە ل٢٤ دا ڕوونمانکردەوە ، کۆمێنتێرنیش ئامراز و ئامێرێکی دەستی سۆڤیەت بوو. هەرلەسەرەتای دامەزراندنیانەوە تاکو ئەوڕۆ، تاکە بەڵگە و پێشهاتێك بەدیناکرێت، کە یەکێك لەو پارتانە سەرپێچییان لە پێداویستییەکانی مسۆگەرکردنی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت

کردبێت، بەڕادەیەك وابەستە و گەرمە تەریقەت بوون، کە دەتوانین بڵێین ئەو ئیلتیزامە ئەخلاقی و پێویستەی نەتەوەییە ئازادیخوازەکانی میللەتێکی وەك کورد بەنەتەوەکەی خۆیانەوە هەیانە و کۆمۆنیستان بە شۆڤێنیستی و دەمارگیریی بۆیان تێدەخوێننەوە، کە لە ئەسڵدا بێبنچینەیە، ئەوان سەد هێندەی ئەوە و لەوەش پتر بۆ سۆڤیەت دەمارگیر و شۆڤێنیستن.

ئەو نموونانەی کاکی نووسەر لەسەرتاسەری ئەم گەشتە مێژووییەدا پێشچاویخستووین، هەر لە پارتی کۆمۆنیستی تورکیا و هاریکارییان لەگەڵ گورگێکی وەك ئەتاتورکدا، تا دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی ئێران و بەشدارییان لە کۆماری گیلان دا و پاشان بەرهەڵداکردنی کۆمارەکە و ڕووکردنە خوێنڕێژێکی دەمارگیری وەك ڕەزاشا، (٤٨) ئەوجا تودەی ئێران و هەڵوێستی لە کۆماری ئازربایجان و کوردستان و ئالیکاریی لەگەڵ قەوام سەڵتەنە و ئا لەم دواییەشدا لەگەڵ ئەو ڕوحوڵلایەی ڕۆحیانی دابەتەنووردا، تا پارتی کۆمۆنیستی سوریا و هەڵوێستیان لە ڕژێمە یەك لە دووی یەکەکان و سیاسەتی نێوزڕاوی پشتێنی عارەبی و پاشانیش کۆمۆنیستی عێراق و هەڵوێستیان بەرامبەر دیکتاتۆرێکی وەك قاسم و جووتە عارف و بەعسی دوای ١٩٦٨ و پاشان ئەو (بەرەی نیشتمانییە پێشکەوتنخواز)ەی خایە و مایەی خۆیان لەسەر دانا و بووە لەکەیەکی ئەزەلی بەتەوێڵی کۆمۆنیستی عێراقەوە.

ئا ئەمانە هەرهەمووی یەك ڕاستیی زەق و ڕەق و تەق نیشاندەدەن، ئەویش ئەوەیە کە سەرپاکی ئەو هەڵوێستانە، نە لە بەرژەوەندیی پارتە کۆمۆنیستەکان خۆیان بووە و نە لە بەرژەوەندیی میللەتانی، بەڵکە تەنها و تەنها خزمەتی

بەرژەوەندییەکی کاتیی دەوڵەتی شوورەوییان کردووە. بۆیە تادێت ئەو حیزبانە ڕوولە پووکانەوە و کزی و کەنەفتی دەکەن و باری ناوچەکەش ئالەو ئاڵۆزی و باڵۆزییەدا چلوورەی بەستووە و سەقامگیر بووە.

بەکوردییەکەی، ئەو حیزبانە هیچکات خاوەنی ڕای خۆیان و هەڵوێستی خۆیان نەبوون، هەمووده‌م سایە و ساباتی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی شوورەوی بوون. بە پێویستییەکی بالاتر لە بەرژەوەندیی و ئەرکی نیشتمانیی هەڵسوکەوتیان کردووە. تا ئەو سیاسەتە سکەبۆکێشراوە حاڵی شڕیانی بەوە گەیاندووە، کە گەلەکجار بەهەق بە هەلپەرست و بێبارو ئۆپۆرتونیست نێوببرێن.

ئێمە تاکە نموونەیەک بەدیناکەین کە هەڵوێستی پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە، بەموو لە سیاسەت و ڕەوڕەوەی بەرژەوەندیی سۆڤیەت لایدابێت. لە حاڵەتێکدا گەر هەڵوێستیان لەسەروەختێکدا و لەشوێنێکدا، پڕاوپڕ وەکو ئەوەی سۆڤیەت نەبووبێت، یەکێک یاخود لەیەکێک زێتر لەم چوار هۆیەی هەبووە:

١-یا ڕژێمە ڕوو بە سۆڤیەتدەرەکە، ڕووی بە پارتە کۆمۆنیستەکەی وولاتەکە نەداوە، وەك سەردەمێکی فەرمانڕەوایی ناصر لە میسر و سەردەمی عارفی یەکەم لەعێراق.

٢-یا شوورەوی خۆی ڕایسپاردوون کە هەڵوێستی چاوزیتکردنەوە و گوشارو زۆربۆهێنان وەبەربگرن، ئەویش بۆ ملدانی زێتری ڕژێمەکە بۆ خواستەکانی سۆڤیەت.

٣-یا پارتە کۆمۆنیستەکە لەهەڵوێست وەبەرگرتندا پەلەی کردووە و خۆی پێڕانەگیراوە، وەك هەڵوێستی کۆمۆنیستی عێراق بەرامبەر ڕێکەوتنەکەی ١٩٦٤ ی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و ڕژێمی عارف.

٤-یاخود پەیوەندییە ئینتەرناسیۆنالەکە بە نێوەندەوە پچڕاوە و دەنگیان بەیەکدیدا ڕانەگەیشتووە.

بریا و خۆزیا کاکە فازڵ بە تاکە نموونەیەك دڵنیای کردباین کەی و لەکوێ و چۆن تاقە پارتێکی کۆمۆنیستی وابەستەی سۆڤیەت، جارێك لە جاران، بەرژەوەندییە نیشتمانیی و ناوچەییەکانی پێش بەرژەوەندییە ئینتەرناسیۆنالەکە، یانی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت خستبێت. ئەوان هەمیشە گوتەکەی لێنینیان بەکردا رتەرجەمەکردووە، (قوربانیدان بەبەش لەپێناوی گشتدا).

٢-سەبارەت بەوەی گوایە (لەسەردەمی برێژنێڤدا، وابەستەیی پارتە کۆمۆنیستەکان بە سیاسەتی مۆسکۆوە ڕوولەزیادی بووە).

ئەزپێموایە گەربشێت و بلوێت سنوورلەنێوان مەودای وابەستەیی پارتە کۆمۆنیستەکان بە سۆڤیەتەوە، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە بکێشین، ئەوا هیچکات بەوزەقی و زۆری و ئاشکراییەی سەردەمی ستالین نەبووە، کە وادەزانم ئەویش کۆمەڵێك هۆی خۆی هەیە، کە دەتوانین گرنگترینیان لەم خاڵانەدا کۆوەکەین:

١-بوونی کۆمێنتێرن وەکو ڕووپۆشێك بۆ پەیوەندیی و پەیوەستیی بەسۆڤیەتەوە.

٢-لەڕووی دەروونییەوە، زۆری سەرکردەی پارتە کۆمۆنیستەکان، هێشتا لەدڵەوە باوەڕیان بەوە هەبوو، کە یەکێتی سۆڤیەت، تاکە ڕێبەرو پێشڕەوی هێزی پرۆلیتاریای جیهان و پارتە کۆمۆنیستەکانە. هێشتا سیاسەتی زلهێزانەی عەییان نەبووبوو، خەوش و عەیبە و تەماعبازییەکانی ڕژێم و سیستێمی ئەو وڵاتە ئاشکرا نەبووبوو.

٣-ئەولێکترازان و دووبەرەکییانەی لە ناوەڕاستی پەنجاکان بەدواوە، لەڕیزی پارتە کۆمۆنیستەکاندا ڕوویاندا، کارێکی وایانکرد، کە لەوەپاش هۆشیارانەترو ڕووپۆشانەتر ئەو پەیوەندییانە بەڕێخەن، چونکە پشکی زۆری ئەو دووبەرەکی و لێکترازانانە، لەسەر مەسەلەی ئەو پەیوەندییانە سازان.

٤-خەتەری فاشیزم و نازیی ئاڵمانیا و بۆن و بەرامەی بەرپابوونی جەنگێکی جیهانیی ، سەرپاکی حیزبە کۆمۆنیستەکانی بۆ ئامێزی شوورەوی ڕادا و لە دەوری ڕێبەرایەتی یەکە دەوڵەتی کۆمۆنیستی خڕیکردنەوە.

٥-نەفسی چڵێس و دیکتاتۆرئامێزی ستالین، کە تەماعی داگیرکاریی و بەربلاوکردنی هێزو دەستەلاتی لەدەروونیدا قوڵپی دەدا.

هەرئەو دەروونە چڵێسە دنەی دەدا ئەوتاوان و خوێنڕێژییانە بکات، کە کردنی و زۆربەی هەرەزۆری کۆمۆنیستانی جیهان چەپڵەیان بۆ دەتەقاند. زێتر لە دوو ملوێن کەسی لە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیست و نەقابەکان گسك لێدا. دەیان و سەدان هەزار نەفەری ئیعدام کرد. تەنها لە ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی، ٧٠٪ یان بەداردا کران. ٨٠٪ ی

نوێنەرانی دواهەمین کۆنگرەی پارتەکەی هەڵواسی. ئەوەی مایەوە وخەلەسی، بووە کۆیلە وخزمەتکاری گوێ لەمست وبێ چەند وچوونی ستالین.

سێ ساڵی تەواو دادگاکان خەریکی بەڕێکردنی قوربانییەکانی ئارەزووی ستالین بوون. سەرپاکیان بەتۆمەتی خیانەت وتێرۆریستی وسیخوڕی ئینگلیز وئەمریکا وئاڵمانیا وژاپۆن لەداردران. تاکە کەسێك کە لە ئاستی ئەو تاوانانەدا بەدەنگهات، ترۆتسکی بوو. ترۆتسکی ڕایگەیاند: "کە ئەوتۆمەتانە نەك هەر ڕاست نیین وبە زۆری ئەشکەنجە قوربانییەکان ناچارکراون دان بەتاوان وخیانەتی خۆیاندا بنێن وئەوە ڕووداوێکی بێژووی تاکرەوی و دیکتاتۆرئامێزی ستالین نییە، بەڵکە هەڵتۆقیوی سیستێمێکی گێرو پڕهەڵە و بێدادی حوکومەتێکە کەلە سۆڤیەتدا بەرقەرارە".

ترۆتسکی ئاشکرا دەیگوت: "مارکس و ئێنگلز ولێنین، هەمیشە کۆمەڵایەتی سۆسیالیزمیان لە خەتەری بیرۆکراتێتی بەئاگاهێناوەتەوە وهەوڵیانداوە کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی لێبەدووربگرن و نەهێڵن بکەوێتە ئەو هەڵدێرەوە. بەلاّم ئەوەی ئەوان ترسیان لێیهەبوو ئەوڕۆ لە سۆڤیەتدا حوکمفەرمایە. کەواتە خیانەت لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرکراوە و ڕژێمی شوورەوی لە ڕاستەڕێی سۆسیالیزم لایداوە وبە چەوتەڕێدا براوە".

ترۆتسکی گشت کۆمۆنیستانی جیهانی بۆ بەرهەڵستکاریی ئەولادانە بانگدەهێشت. لەبەرئەوەی ڕێبەرانی کۆمێنتێرنی بە شەریکە تاوانی ستالین و ژێرچنگۆڵەی ڕژێمی بیرۆکراتی سۆڤیەت دەزانی، بۆیە بانگی ئینتەرناسیۆنالی چوارهەمی هەڵدا وئالای دژایەتی ستالینی هەڵکرد.

دە سەریاکی کۆمۆنیستانی ڕۆژهەلاٌت ، سەری ڕەزامەندیان بۆئەوتاوانانە دەلەقاند. پێموایە گەرستالین سەرکردەی وولاٌتێکی کۆمۆنیست نەبا، کۆمۆنیستانی جیهان لە هێتلەرو مۆسۆلۆنی کەمتریان پێنەدەکرد.

بەبڕوای من، بەراوردکردنی مەودای ئەو وابەستەییە لەسەردەمی دەستەلاٌتدارێتی سەرکردەیەکەوە بۆ یەکێکی دی، وەکی ئەوە وایە مرۆ بلێت ئەم بەفرە لەو بەفرە ساردترە، چونکە کاری هەرلەپێشی ئەوان، بە ئەنجامگەیاندنی ئەوئەرکەیە، ئیدی کێ دەستەلاٌتدارە، گرنگ نییە.

کەواتە ئەووابەستەیی و پابەندییە کوێرانەیە، ڕووداوێك نییە لەسەروەختی برێژنێڤدا، تین و کەف وکولی زیادی کردبێت، بەلٌکە بەردەوامیی ڕەوتێکە کە هەرلە سەرەتاوە وەبەرگیراوە. بۆیە ڕاستتروابوو کاك فازڵ بنووسێت : (لەسەردەمی برێژنێڤدا، لەکاتی برەوپەیداکردنی گرنگی و بایەخی ڕۆژهەلاٌتی نێوەڕاست لەسیاسەتی سۆڤیەتدا، کێش و لەپێشی پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە، بەنیسبەت شوورویەوە ڕوولە زیادی بوو).

پاشان نووسەر دێتەسەر باسی کەمەنەتەوەیی کورد لەسۆڤیەت و دەنووسێت: "بێشك کەمەنەتەوەیی کورد لە سۆڤیەت ، لە نەخشە و پلانی سیاسەتی سۆڤیەتدا کەمە بایەخێکی هەیە، بەلاٌم هاندەری سەرەکیی مەیلی سۆڤیەت نییە بەلای کورددا.

لەنێوان سەدەکانی ١٠ و ١٢ دا، مەلٌبەندێکی زۆری قەفقاز، کە ئێستا بەشێکی کوردی لێدەژی، لەژێردەستەلاٌتی میرنشینی شەددادیدا بوو، جگەلەوە

کوردێکی زۆر لەسەدەکانی ١٧ و ١٩ دوە بۆ کوردستانی ئەوڕۆکەی شوورەوی ڕەویانکرد، ئەو ڕەوکردنە سێ هۆکاری هەبووە:

١-هۆکاری ئابووری، کە هەندەك تیرە و هۆزی کۆچەری بەرەو باکوور ڕا مالّی، بەو هیوایەی لەوەڕگەی باشتر بدۆزنەوە.

٢-بە هۆکاری ئاینی ، هەندەك تیرە و خێلّی کوردە ئێزدییەکان لەدەست جەورو ستەمی موسلّمانان هەلّهاتن.

٣-شەڕی ڕووس و ئێران، ڕووس و عوسمانی. ڕووس لە جەنگەکانی سالآنی ١٧٢٠-١٧٢٢ و ١٨٠٤-١٨١٢ دا ژووروویی ئێرانی داگیرکرد، کەبەشێکی مەلّبەندی کوردنشین بوو. هەروەها لەشەڕەکانی ١٨٥٣-١٨٥٦ دا ، پاشان ١٨٧٧-١٨٧٨ ی ڕووس و عوسمانیدا، کە هەمان سەرئەنجامیان هەبوو، جگەلەوە هەندەك تیرە و عەشرەتی کورد لەو شەڕانەدا دایانەپالّ ڕووسەکان.

ژمارەی کوردی سۆڤیەت، تائێستا بەتەواوی نەزانراوە. ڕووسیای تەزاری لە ١٨٩٧ دا، ژمارەی کوردی بە ١٠٠ هەزار نەفەر دەقەبلآند. لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەتەوە ژمارەکان جوداوازن، بۆ نموونە ١٩٢٩ ژمارەی کورد بە ڕەسمیی ٥٥ هەزار بوو، کەچی ٣٠ سالّ دواتر، یانی ١٩٥٩ دەبنە ٥٩ هەزار (٤٩)

بەلآم لە لێکۆلّینەوە ئەکادیمییەکاندا جۆرێکی دییە، بۆنموونە ئاریستۆف لە ١٩٥٤ دا، ژمارەی کوردی سۆڤیەت بە ١٦٠ هەزار دەخەملّێنێت.

دامەزرانی یەکێتی سۆڤیەت، لەڕووی کولتورییەوە پێشکەوتنی چاکی بەسەر ژیانی کوردەکانی ئەوێدا هێنا. ژمارەی نەخوێندەواران کەمبووەوە و ژمارەی

خوێندەواران بالاّ ڕۆیشت. نووسین و بلاّوکردنەوەی کوردی دەستیپێکرد. بەلاّم هەمانکات بووە هۆی قرتاندنی پەیوەندیی کوردی ئەویّ بە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە. لە بیستەکاندا، ئەو دەمەی پەیوەندیی شووڕەوی و کەمالیستەکان لە شکۆفەدا بوو، سۆڤیەت گەلەك گوندی کوردنشینی لەسەر سنووری تورکیا، ڕاگوێزا.

سالّی ١٩٢٧ ، مەسەلەی دامەزراندنی کۆمارێکی کورد لە شووڕەوی، لەلایەن کاریەدەستانەوە خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەلاّم وەزارەتی دەرەوە ئەو پێشنیازەی دایە دواوە، بەو بیانووەی گوایە پەیوەندیی لەگەلّ ئێران و تورکیادا شلۆق دەبێت، کە ئەوکاتە بۆ شووڕەوی زۆر پڕبایەخ بوو.

لەسەردەمی ستالیندا باری کورد گەلەك خراپ بوو. لەسەردەمی خرۆشۆفدا گـۆڕانی چاکی بەسەردا هات. هەتا لەسەردەمی ئەندرۆپۆفدا، هیوای دامەزراندنی کۆمارێکی کوردییش گەشەیکرد، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئەو گوتەیەی ئەندرۆپۆف دا، کە لە نۆڤەمبەری ١٩٨٢ دا گوتی: "ملوێنەها ئالّەمان و بولگار و کۆریایی و کورد و نەوەی گەلەکانی دی، کەلەمێژە سۆڤیەت بۆتە نیشتمانیان، هەمان مافی تەواوی هاونیشتمانیانی سۆڤیەتیان هەیە".

پاشان نووسەر دێتە سەرباسی باری کوردۆلۆژی لە یەکێتی سۆڤیەتدا. ئەوجا دێتە سەرباسی چۆنیەتی هەلّگێڕانەوە و شێواندنی ڕاستییەکان و تێکدانی مێژووی کورد بەپێی سیاسەت و خواستی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت، پاشانیش باپێدانەوە و پەژیوانبوونەوە لە بڕێکیان. ئەوەش ئاشکرا دەکات کە گەلەك لەو نووسین و توێژینەوانەی دەربارەی کورد دەنووسرێن، دەشاردرێنەوە و

بـواری دەستپێداگەیـشتنیـان نییـە. هـەتا هەنـدەك لـە خوێنـدكارانی دوكتـۆرا، ڕێگەنادرێن كۆپییەك لە كارنامەكەی خۆشیان لەكن خۆیان گلبدەنەوە.

لێرەدا هەندەك لەو نموونە شێوێندراوانە پێشچاو دەخەین، كە هەڵگێڕانەوەی ڕاستییە مێژووییەكان ئاشكرا دەكەن:

١-شۆرشـی ١٩٢٥ بەسـەركردايەتی شـێخ سـەعيدی پـيران دژی توركيـای كـەماليی، ئـەوكاتـە لەلايـەن سـۆڤيەت و كۆمۆنيـستانی ئـەودەمـەوە، بـە ياخيگەرييەكی ئاينيی كۆنەپەرست و بەكرێگيراوی ئينگليزلەكەدار دەكرا. ئەم هەڵسەنگاندنە بێويژدانانەيـە، هـەتا چەندسـاڵێكيش لەمەوبـەر، لـە لێكۆڵينـەوە زانـستييەكاندا! باڵيكێـشابوو. بـەڵام چـەند سـاڵێكە بايپێدراوەتـەوە و ئێـستا بەڕاپەڕينی كورد لەدژی كوشتاری خوێناويی كەماليستەكان نێودەبرێت.

٢-هەڵوێـستی سـۆڤيەت بەرامبەر ئـەوپەيماننامانـەی پـاش يەكـەم جـەنگی جيهانيی كە چارەنووسی كورديان بڕاندبووەوە، ڕوون بوو. دژی پەيمانی سيڤەر بـوون، كـە يەكـەمجار بـوو لەسـەرئاستێكی نێودەوڵـەتی، مـافی دامەزرانـدنی دەوڵـەتێكی كـورديی دانيپێدانراوە. بەپـەيمانی لـۆزان ڕازيبـوون كـە كوردسـتانی لـەت وپەت كرد و مافی كوردی ژێرپێخست. كەرتكردنی كوردسـتان، كە بەلای سۆڤيەتەوە سەربـە ئينگليزبـوون، گـرنگ نييـە، بـەڵام لـەتكردنی توركيـا كـە ئـەو كاتە دۆستی نێزيكی شوورەوی بوو، نارەوا و نابەجێيە.

ئێستاكە ئەو حاڵوبارە ئاوها هەڵدەسەنگێنن:

"ئينگليـز و فەرەنـسييەكان هەوڵيانـدەدا، بـاری نـارەزايی كـورد بقۆزنـەوە و كۆمـەك بـە ڕاپەڕينـەكانيان بكـەن، تـا بـەگفت و بـەڵێنی ئۆتۆنـۆمی، دژی توركيـا

هەڵیانسووڕێنن. کە تورکیا بەرژەوەندییەکانیانی بۆ مسۆگەرکردن، ئەوانیش کوردیان بەرهەڵدا کرد".

٣-گرنگترین ڕووداوێك لەبواری سیاسەت و هەڵوێستی سۆڤیەتدا بەرامبەر بەکورد، مەسەلەی کۆماری مەهابادبوو. ساڵانێکی دوور و درێژ ئەم مەسەلە و پێشهاتە گرنگەیان دەشاردەوە و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەوە نەدەنوسرا. مەسەلەش ئەو دەلاقەی عەیبەیەبوو، کە سۆڤیەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی پاشەکشەیکرد. کوردیش هەستیدەکرد کە شوورەوی بەگورگان خواردووی داون. لەو نووسینانەدا کە لە مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکۆڵنەوە، یا هەر هیچ ، یاخود زۆر کورت و سەرپێیی خۆلەقەرەی ئەو ڕووداوە دەدەن. هەتا لەو کتێبەدا، (مێژووی دیبلۆماسیی شوورەوی ١٩٤٥-١٩٧٦)، کە بە سەرپەرشتیی گرۆمیکۆ لە ١٩٨٠ دا چاپکرا، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر مەسەلەی لاوەکی و کەمبایەختر باسدەکات، کەچی بەیەك ووشە خۆلەقەرەی کۆماری مەهاباد نادات.

پێشەوا قازی محەمەد، کە هێما و نیشانەیەکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردە، هەرلەسەرەتاوە ، لەچاپەمەنییەکانی سۆڤیەتدا بەدۆستێکی شوورەوی و زۆربەچاکە باسدەکرا، کەچی لەپڕێکدا ، لەکارنامەکەی د. عەزیز شەمزینی دا، (بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی کورد لەنێوان ١٩٤٢-١٩٤٦ دا) کە خۆی یەکێك لە ئەفسەرەکانی کۆماری مەهاباد بووە، پێشەوا دەکرێتە دەرەبەگێکی گەورە و سیاسەتمەدارێکی سەربە ئەمریکا. لە هەندەك توێژینەوەی شاردراوە و نهێنیشدا ، ئەو دوو درۆ پەتییە کاوێژکراونەوە.

٤-مەسەلەیەکی دی کێشەی کورد و ڕژێمی قاسمە، لە ١٩٦١ەوە بۆ ١٩٦٣. هیچکات لەبڵاوکراوەکانی سۆڤیەتدا، دژی ئەو تاوانانەی قاسم نەوەستانەوە. چونکە نەیاندەویست لەوەرگەی عێراقیان لەکیس بچێت. بەلاّم پاش سەرنگومبوونی قاسم، بڵاوکراوەکانی سۆڤیەت هەستیانکرد! کە قاسم تاوانکار و شەڕهەڵگیرسێن بوو. بەعسی ١٩٦٣ بە تاوانکار و فاشیست و لەوبابەتە باسدەکرا، بەلاّم بەعسی ١٩٦٨، کە داوی پەیوەندیی چاکی لەگەڵ سۆڤیەتدا بەست، بەو دڕندەیی و تاوانکارییە نەما.

٥-هەڵسەنگاندنی پارتی دێموکراتی کوردستان، بەسەرکردایەتی بارزانی، نموونەیەکی دییە. ئەم پارتە هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ١٩٧٤ پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤیەتدا چاك بوو. شوورەوی لەدژی ڕژێمە یەك لە دووی یەکەکانی عێراق پشتگیریی لێدەکرد. هەتا پەیوەندیی ڕەسمییشیان هەبوو. بەلاّم پاشان ئەمیش بەخراپە باسدەکرا. هەرچەندە ئەو حیزبە لە ١٩٦٦ەوە پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا هەبوو، سۆڤیەتیش چاك لێیبەئاگابوو، تا ١٩٧٤یش کۆمەکی پێدەکرد. تا ئەوکاتە زۆر بە چاکە باسی بارزانی و حیزبەکەی دەکرا، چ لە چاپکراوە گشتییەکان و چ لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا. بەلاّم لەو کاتەوە کە حیزبەکە نەچووە بەرەی بەعس و کۆمۆنیستەوە و بێ ڕازیبوونی شوورەویی دژی بەعس جەنگا، ئیدی حیزبەکە کەوتە بەرشالاّوی چاپەمەنییەکانی سۆڤیەتەوە. هەتا بەجۆرێکی دی باسی سەرەتای حەفتاکانیش دەکرا، ئەوکاتانەی بارزانی پەیوەندیی لەگەڵیاندا لەوپەڕی چاکیدا بوو.

ئەو پیرماکۆفە ڕۆژهەڵاتناسەی کە یەکێك بوو لە بەرپرسانی پەیوەندیی کورد و شوورەوی و بەردەوام سەردانی بارزانی دەکرد، لە ١٩٧٩ دا کتێبێکی نووسی و کەوتە پێداهەڵشاخانی بارزانی و حیزبەکەی بەبەکرێگیراوی ئەمریکا و ئیسرائیل نێودەبرد.

هەرلەگەڵ کۆتایی ١٩٧٠ لەگەڵ عێراقدا تێکچوون، بڵاوکراوەکانی سۆڤیەت کەوتنەوە پێداهەڵدانی بارزانی. پراڤدا گوتارێکی لازاریفی بڵاوکردەوە کە بارزانی بە (مەزنترین سەرکردەی سەدەی بیستهەمی کورد) نێودەبات.

کۆتایی و سەرئەنجام

ڕۆژهەلاتی نێوەند و نێزیك، ناوچەیەکە کە چەندین کێشەی ئێتنی و ئاینییان تێدا قەتیسماوە. ئەو کێشانە کە بنجێکی قووڵیان لەمێژووی ناوچەکەدا چەقاندووە، لەم سالآنەی دواییدا، بەهۆی ململانێ و کێشمەکێشی زلهێزەکانەوە، لەهەڵچوون و کەف و کوڵێکی هەمیشەییدان. ئەو وولآتانەی پاش یەکەم جەنگ لەم ناوچەیەدا هەڵتۆقین، کە گەلەکجار واپێدەچێت بایەخێکی زێتریان پێبدرێت لەوەی کەهەن، بەپێچەوانەی ئەو گەشە سروشتییە مێژووکردەی ناوچەکەوە، وەك ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عارەبی، یاخود بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی هەندەك نەتەوەوە، کە بەسەر چەند وولآتێکدا بەخشراونەتەوە، وەکو کورد، دامەزرێنراون و قوتکراونەوە.

کەواتە ئەو وولآتە تازانە، پێبەپێی گەشەکردنە مێژووییەکەی ئاین و نەتەوایەتی دانەمەزراون، بەڵکە زۆربەیان دەستکردن و پاش تەفرو توونابوونی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، بەپێی سوود و دەستکەوتی هێزە ئەوروپاییەکان ترەکیون.

سیستێمی سیاسی ئەو وولآتانەی کوردیان بەسەردا تالآنبەشکراوە، نەپلورالیستانەن و نە دێموکراسی. ئەو تێکەولێکە و دژایەتییە تێکچرژاوانەی جەرگەی ئەو وولآتانە، تایبەت کێشە ئالۆزە هێشتا چارەسەرنەکراوەکان، لەم

شێست ساڵەی دواییندا، ماکی هەمیشەیی ئەو گێژاو و شەڕەکوتەکە سیاسیانە بوون کە هێزی نێوخۆی ئەو وولاتانەیان شپرزە و کز و کەنەفت کردووە.

پاش گورو تاوسەندنی بیری نەتەوایەتی لەم ناوچەیەدا، تایبەت دوای دووهەم جەنگی جیهانیی، بوون و مانەوەی ئەو وولاتە داتاشراوانە، کەوتوونە غەرغەرەوە. بیری ناسیۆنالیزمی عارەب، کە ئامانجی یەکخستنی گشت عارەبە لەیەك نیشتمانی یەکگرتوودا، ئاشکرا دژی ئەو سنوورە هەڵتۆقیوانە دەوەستێتەوە. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد، کە ئامانجی دووری، نیشتمانێکی یەکگرتووی کوردە، قەباڵە و دارەڕای چوار دەوڵەت دەخاتە بەر تەوژمی مەترسییەوە.

بزووتنەوەی بووژاندنەوەی ئیسلام، کە مەسەلە تەنها گەڕانەوە و پەنابردن نییە بۆ ئاین، بەڵکە هێنانەکایەی هێزێکی سیاسی حسێب بۆکراوە، ئەویش بەهۆی دانەدواوەی ئەو کولتوورە سەپاوە نامۆیەی ئەورویپاوە بەسەر ناوچەکەدا، ئەو سنوورە قنجانە ژێرپێ دەخەن و هەوڵی گێڕانەوەی کۆمەڵایەتییەکی موسڵمانی یەکگرتوو دەدەن.

خۆ خزاندنە نێوەوەی سۆڤیەت بۆ ناوچەکە و قڵپکردنەوە و گۆڕینی چەند دینگەیەکی هێز و دەستەڵات لەسەراسەری جیهاندا، تایبەت پاش کزی و لاوازبوونی دەستەڵاتی کۆنی هێزە ئەورویپاییەکان و برەو و گوڕپەیداکردنی زلهێزەکانی ڕووسیا و ئەمریکا، ئەوانیش خۆیان لە خۆیاندا هۆیەکی دیکەی گۆڕان لەناوچەکەدا دەخەملێنن.

بەقوتبوونەوەی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، دەستەلاّت و پێگەی پاوانکراوی ڕۆژئاوا لەقی و شلّەقی و هێزە ناوچەییەکانیش مەودایەکی فراوانتریان لەبەردەمدا ئاوالّە بوو، بەڕادەیەك، کە ئەو کێشە ناوچەییانەی لەنێوان دوو جەنگەکەدا تەواو کپ و خاموّش کرابوون، توانییان جارێکی دی سەرهەلّدەنەوە و گوڕوتین پەیداکەنەوە. ئەم ناوچەیە، تا دێت لەسیاسەتی زلهێزانەی سۆڤیەتدا، بایەخ و نرخی ڕوولە زیادی دەکات.

هێزە سیاسییە گوڕپەیداکردووەکانی ناوچەکە، شەست سالێکە لەگەلّ هێزە ئەورووپاییەکاندا، لەدژایەتی و ململانێیەکی سیاسی و کولتووریدان . ئەو بارو دۆخە، هەل و دەرفەتی ئەوەی بۆ سۆڤیەت ڕەخساند، تا لەگەلّ هەندە هێزێکی تازەپێداکەوتووی ناوچەکەدا، ببێتە هاوکار و لەسەر ئاستی ئینتەرناسیۆنالانە، بوونی بەگەن بکرێت. هەرچەندە مۆدێلی سۆسیالیزمەکەی سۆڤیەت، گەلەك لە سەرچاوە ڕەسەنەکەی دوورکەوتۆتەوە و زۆر خەسلّەتی خۆی لەدەست داوە، بەلاّم هەندەك هۆکار، زۆر هێزی ناوچەیی ناچاری هاریکاریی و هاوکاریی کردووە. لە حالّوبارێکدا، کەلەشێستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، هەندەك ڕێبازی سۆسیالیستانەی ملّۆزمی سۆڤیەت پەیدابووبوون، بۆنموونە وەکو ڕێکخراوانێکی سەربە ڕێبازی ماویزم و جیڤاریزم، بەلاّم لە نێوەڕاستی حەفتاکانەوە، ئیدی ئەو ڕێبازانەش پووکانەوە و مەیدانیان بۆ هێزە کۆمۆنیستە ڕەدووکەوتووەکانی سۆڤیەت چۆلّکرد، ئەویش زێتر بەهۆی ئەو هێز و گوڕەوە کە سۆڤیەت وەك زلهێزێك لەناوچەکەدا پەیدایکرد.

سۆڤیەت خۆشی دەستبەرداری بیرو بۆچوونە کۆنەکانی ستالینیزم بوو و جۆرەها شێوە و شیوازی هاریکاریی و هاوکاریی و خۆگونجاندنی لەگەڵ هێزە ناکۆمۆنیستەکاندا گرتەبەر، تایبەت لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیستە گەشەکردووەکاندا. لەو ڕێگەیەوە ئاسۆیەکی فراوانی بۆ کەوشەن لەبەردەم خۆتێترنجاندن وتین وتاو پەیداکردنی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا ئاواڵە بوو.

لەپاش دووهەم جەنگی جیهانییەوە، بواری ڕاستەوخۆ هاتنەنێوەوەی سوپایی بۆ ئەم ناوچەیە، لەبەردەم هێزە ئەورووپاییەکاندا، تەواو بەرتەسك بووەوە. بەپێچەوانەی ئەوەوە، هەلودەرفەتی هاتنەنێوەوە و پێگە پەیداکردن بۆ سۆڤیەت، ئاسانترو فرەتر بوو. بۆ هێزە ئەورووپاییەکان زێتر دەروازەی وابەستەیی تەکنۆلۆژیا و ئابووری کرایەوە، بەلاّم بۆ سۆڤیەت هاوبەشی و لەکاتی پێویستیشدا، پشتگیری و کۆمەکی سیاسی و سوپایی. هەربەوهۆیەوە پەیوەندیی ئابووری سۆڤیەت لەگەڵ وولاّتانی ناوچەکەدا، زێترلەسەر ئاستی سیاسی و سەربازییە، کۆمەکی چەك وتەقەمەنی و شارەزایانی مەیدانی جەنگە، ئەمە سەرەڕای هۆکاری باری سەپاوی ئابووری جیهان و پاشکەوتنی سۆڤیەت لەمەیدانی تەکنۆلۆژیای نوێی بەفرۆختندا.

ئیدی ئەمە مانای ئەوە نییە کە سۆڤیەت پشتگیریی هەموو هێزێکی بەرهەڵستکاری ناوچەکە دەکات، نەخێر، گەلەکجار کە سۆڤیەت بواری پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ یەکێك لە هێزە نێوەندییەکاندا بۆ هەڵدەکەوێت، ئیدی هێزە بەرهەڵستکارەکە بەلایەوە فت دەبێت. بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی،

وەکو زلهێزێك، جارجارە پێویستی بەو ئامێرو ئامرازو هێزانەش دەبێت. دیارە هەڵتەکاندن و نەخشەکێشانێکی نوێی ناوچەکەش لەبەرژەوەندییەتی.

بزووتنەوە نیشتمانییە ئازادیخوازەکان، کە زێتر ئاوازی سەربەخۆیی دەخوێنن، دەتوانرێت بکرێنە چێترین نموونە بۆ دەستنیشانکردنی سیاسەتی سۆڤیەت لەناوچەکەدا. ۱۹۲۰ سۆڤیەت پشتگیریی لەدامەزراندنی دووکۆماری ئازاد لە گیلان و ئەرمینیا کرد. یەکەمیان بە ئومێدی جێپێ بوونەوەیەك لای حوکومەتی نێوەندیی ئێران، کرایە قۆچی قوربانیی. دووهەمیشیان حووتی دەوڵەتی سۆڤیەت هەڵیلووشی. ۱۹٤٥ هەمدیسان سۆڤیەت پشتگیریی لە جووتە کۆماری سەربەخۆی ئازربایجان و کوردستان کرد. ئەوانیش پاشان بەهۆی پووچەڵیی سیاسەتی نەوتاوی سۆڤیەت خۆیی و بە زۆربۆهێنانی هێزە رۆژئاواییەکان، بەدەردی ئەوانی دی چوون.

ئەورۆ بەهۆی برەوو جێپێ پەیداکردنی سۆڤیەتەوە و لەکزی و کەمیدانی توانای رۆژئاواوە لەناوچەکەد، ڕەنگە هەوڵی لەو بابەتە سەرکەوتووتر بێت."

پاشەکی و بەدوودا چوونێک

هەرلە چاپ و کۆپیکردنی ئەم کتێبولکەیە بوومەوە، دەمودەست دانەیەکم بە نەبەستراوی بۆ کاک فازڵ نارد. هێشتا خەریکی بەستنی ئەوچەند دانەیە بووم، کە بۆ بلاوکردنەوەم ئامادە دەکردن، نامەیەکی کاک فازڵ گەیشتە دەستم. تکای لێکردبووم بلاوکردنەوەی کتێبەکەم ڕابگرم و بواری ئەوەی بدەم هەندێک سەرنجی خۆی سەبارەت بە پێداچوونەوەکەم بنووسێت و لەگەڵ کتێبەکەی خۆمدا بۆی چاپ و بلاوبکەمەوە.

هەرچەندە داوایەکی کەمێک سەخت بوو، چونکە نێزیکەی ٣٥ دانەیەکم بەدیاری بۆ دۆستانم و داو و دەزگە کوردۆلۆژییەکان ناردبوو. بەستەیەکیشم بۆ برادەرێک ناردبوو، بۆم بلاوبکاتەوە. ئەمە جگەلەوەی پێموابوو کە دەمەتەقێ و مشتومڕێکی برایانە و سوودبەخش، لەسەر ڕوویەڕی یەکێك لە بلاوکراوە کوردییەکانی ئەورووپا درێژەی پێبدرێت، لەبارترە. بەلام نەبوونی بلاوکراوەیەکی ئەوتۆ، کەبەردەوام بەڕێکوپێکی دەربچێت و نادڵنیاییم لەوەی داخۆ ئەو بلاوکراوەیە، بەدەست خوێنەرانی ئەم کتێبولکەیە دەگات ؟ لەپاڵ ئەوەشدا بڕوای تەواوم بە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕەخنە بۆسوودبێت نەك بۆ ڕەخنە، بڕیاری ئەوەی پێدام بلاوکردنەوەی کتێبەکەم ڕاگرم و وەك ڕێگەم بەخۆم داوە بکەومە وێزەی کارنامەکەی کاک فازڵ، هەلودەرفەتێکی ئازاد بۆ ئەویش

بڕەخسێنم کە بەریەرچم بداتەوە و لەسەرخۆبکاتەوە و هەڵەم بۆ هەڵگرێتەوە.
بۆیە کاك فازڵم سەرپشك کرد، چۆن دڵی دەخوازێت بنووسێت و گفتی ئەوەشم دایە، کەهەرچی دەربارەی دەنووسێت ، ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەگرمە ئەستۆ.

بەوبڕیارەم، مافێکم بەو دا و دەروازەی مافێکم لەسەرخۆم بەست، چونکە ئەوبەریەرچدانەوەیەی کاك فازڵ نووسیویە، گەرتەواوتەواو، وەکو پێویست هەڵیسەنگێنم و هەڵیتەکێنم و وەرامێکی ئەوتۆی خاڵ بە خاڵی بدەمەوە، کە خوێنەرلەهەردووکمان بگات ، ئەوا دەبێت هەمدیسان بیست تا سی لاپەڕەی دیکە بنووسم، ئەوکاتە ڕەنگە ئەویش وەرامی هەبێت، یانی ئەم پاشکۆیە لەخوێنەر دەکەینە (مەتەڵۆکەی مێشێ) وکۆتایی نایەت، کە دیارە لەکتێبێکی ئاوهادا دەست نادات.

بۆیە ناچارم ئەو مافەی خۆم زێرلێوخەم و دەقی وەرامەکەی کاك فازڵ هەروەك خۆی، بێ هیچ دەستکاری و ڕاستکردنەوەیەکی زمانەوانی و ڕێنووسی بڵاودەکەمەوە و هێندەی پێویست بێت تەلەگراف ئاسایی بەدەنگ دێم و خۆم ڕووندەکەمەوە. تکاش لەخوێنەرانی بەڕێزدەکەم دەقی ئەوخاڵانەی کاك فازڵ پێشچاوی خستوون لەگەڵ دەقی نووسینەکەی مندا بەووردی بەراورد بکەن، ئەو کاتە زۆرمەبەست ئاشکرا دەبن.

چەند سەرنجێکی سەرپێیی
لە پێداچوونەوەکەی کاك کوردۆ عەلی

کاکی بەڕێز کوردۆ عەلی، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بە کارنامەی دوکتۆراکەمدا بۆ ناردم، بەلاّم پاش ئەوەی لەچاپی دابوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ لەچاپدانی ئەم سەرنجانە، کە وەکو پاشکۆیەك لەگەڵ نووسینەکەی خۆیدا بلاّوی بکاتەوە، ئەوەش کارێکە شایانی تەقدیر و سوپاسە.

بێگومان ئەگەر نووسینەکەی کاك کوردۆم پێش لەچاپدانی ببینیایە دەمتوانی ووردتر و قووڵتر لە هەندێ خاڵی بکۆڵمەوە و چەند سەرنجێکی نوێی خۆم دەربارەی هەمان کارنامەی دوکتۆرا بخەمە سەری ، بەلاّم بەم پەلەیە کارێکی وا لەم پاشکۆیەدا جێی نابێتەوە، بۆیەکا تەنها هەندێ ڕوونکردنەوە دەخەمە پێشچاوی خوێنەرانی بەڕێز، کە ئەرکی تێگەیشتنی کارنامەکە و نووسینەکەی کاك کوردۆ ئاسانتر دەکات.

پێشەکی سوپاسی کاك کوردۆ دەکەم کە ئەوەندە بەووردی بەکارنامەکەمدا چۆتەوە و هەوڵیداوە بە خوێنەری کوردی بناسێنێت. لەڕاستیدا هەندێك کەموکووڕیی کارنامەکەم لەخۆیشم شاردراوە نیە، وەکارنامەکە بەو شێوەیە ئامادەی بلاّوکردنەوە نیە و تەنها چەند کۆپییەکی پێشکەش بە دانیشگا کراوە. هەر لەو کاتەیشەوە خەریکی پیاچوونەوە و ڕێك و پێك کردنیم بەنیازی

لەچاپدانی وەکو کتێبێك (بەزمانی ئەڵمانی) کە هیوام وایە سەرەتای ساڵی داهاتوو بکەوێتە دەست خوێنەران. لە هەمان کات دا خەریکی ئامادەکردنی چاپی عارەبی کارەکەمم کە ئەویش تاکۆتایی ١٩٨٧ ئامادەی چاپ دەبێت.

دەتوانم هەڵسەنگاندنەکەی کاك کوردۆ بکەم بە سێ بەشەوە:

١-هەندێ ڕەخنەی بەجێ وڕاستی لە کەم و کووڕیەکانی کارنامەکەم، کە وەکو وتم زۆربەیان لای خۆشم ئاشکران ولە نوسینەوەی سەرلەنوێی کتێبەکەم دا ڕەچاوم کردوون، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی دەکەم کە سەرنجی بۆ هەندێ لایەن ڕاکێشام کە لەلای من ڕوون نەبوون، یا کەوتوومەتە هەڵەوە دەربارەیان، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی تەواوەوە.

٢-هەندێ ڕەخنە و پرسیاری کاك کوردۆ، کە دەگەڕێتەوە بۆ لەیەك نەگەیشتن، وە لێرەدا دەستنیشانیان دەکەم.

٣-هەندێ ڕەخنە وبیروڕای ترکە بەپێی زانیاری وبۆچوونی ئەوجۆرێکن، بەلام لە سنووری زانیاری من دا وبەپێی بۆچوونم جۆرێکی ترن. لێرەدا یان سەرچاوەکانمان جیاوازن (زانیاری هەرکەسێکیش سنووری هەیە)، وەیان بۆچوون وڕوانگەی سیاسیمان جیاوازە، بۆیەکا ئەنجامی شیکردنەوەکانمان جیاواز دەردەچن.

بێگومان هەلێکی باش دەبوو ئەگەر بمانتوانیایە ئەو بۆچوونە سیاسییانەش یەکالا بکەینەوە ولەڕێی مشت ومڕێکی دۆستانەوە بیروڕاکانمان، کە پشت بەسەرچاوەی جیاوازدەبەستن، بخەینە بەردەم خوێنەران. بەلام چونکە بوارەکە تەسکە، وا لێرەدا بەکورتی هەندێ سەرنجی سەرپێیی دەنووسم کە

هیوادارم کارەکەی کاك کوردۆ ڕوونتر بکاتەوە. لەناو دووکەوانەشدا ژمارەی لاپەڕەی نوسینەکەی ئەو دەکەم ، کە ئەو مەسەلەیەی تێدا هاتووە.

یەکەم : دەربارەی سەرچاوەکان :

١-وتارەکەی (ن. بێکەس: خیارات للسیاسە السوفیاتیە تجاه المسالە الکردیە)، کە کاك کوردۆ دەپرسێت بۆچی ئیشارەتم بۆ نەکردووە.

هەمان تەرجومەی عەرەبی ئەووتارەیە کە کاك سیامەند زەید عوسمان، بەفەرەنسی و بە (فارسیش) بلاّوی کردبۆوە و سوودێکی زۆرم لیّ وەرگرتووە و ئیشارەتم بۆ کردووە (بنوارە کوردۆ، ل٣-٤)

٢-ئاگام لە کارنامەی دوکتۆراکەی (ولسن ناتالی هاول) هەیە. تەنانەت فۆتۆکۆپی هەندیّ لاپەڕەشی گەیشتبووە دەستم، بەلاّم دەقی کارەکە کە داوام کردبوو زۆری خایاند تا گەیشتە دەستم و من لەبەشی هەرەزۆری کارنامەکەم بووبوومەوە و لەچاپم دابوو. بەلاّم لە پیاچوونەوەی نوێی کارەکەمدا و ئامادەکردنی وەکو کتێبێك، سودم لەو کارنامەیە وەرگرتووە و زانیارییەکانیم ڕەچاوکردووە ئیشارەم بۆ کردووە.

٣-پرسیارەکەی کاك کوردۆ دەربارەی ئەرشیفی تایبەتی خۆم و تەمەنم! کە دەڵێت: (ناگونجیّ بیست ساڵ خەباتی سیاسی کردبێت ئەگەر١٩٥١ لەدایك بووبێت)، بەجێیە. بەلاّم ڕاستیەکەی وایە کەمن بەهۆی هەندیّ گێرمە و کێشەی سیاسییەوە کە لێرەدا جێی باسکردنیان نیە، مێژووی لەدایك بوونم لە نەمسا بەهەڵە نوسراوە، (کە ئێستە خەریکی ڕاستکردنەوەیم).

لەڕاستیدا سەرەتای ١٩٤٨ لەدایك بووم، بەلاّم لە پێشکەشکردنی کارنامەکەم دا، ناچاربووم هەمان مێژووی لەدایك بوونم بنوسم کە لە پاسپۆرت وبەڵگە شەخسییەکانم دا نوسراوە (١٩٥١). بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردەوە زۆربەی لاوانی ئەوسەردەمە زۆرزوو دەکەوتنە مەیدانی سیاسەتەوە. بەش بە حاڵی خۆم، پایزوزستانی ١٩٦٣-١٩٦٤ م لە زیندان دا بەسەربرد، کە بیست ساڵ لەمەوبەرزیاترە. (کوردۆ: ل٤).

٤-ئایا دوکتۆر کەمال فوئاد، کە یەکێکە لەو کەسانەی گفتوگۆم لەگەڵ ئەنجام داون ویارمەتییەکی زۆری داوم، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بووە؟ (کوردۆ: ل٥)

لەڕاستیدا کاك کەمال فوئاد لەسەرەتای شۆڕشی کوردەوە، لەکاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوەدا دەورێکی بالاّی هەبوو. لە کۆبوونەوەی ١٩٦٤/١٠/١١دا هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو بارزانی. دوای ئەوەش لەساڵانی ١٩٦٧-١٩٧٠ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان - باڵی مەکتەبی سیاسی بوو.

تۆمارکردنی ئەم ڕاستییە مانای شەرعیەتدان بەلایەنێکی پارتی نییە. شۆڕشی کورد لە ساڵانی ١٩٦٤-١٩٧٠ تووشی دووبەرەکی وشەڕی براکوژی بوو وپارتی بووە دووبەشەوە. بەشێکی بەسەرکردایەتی بارزانی وئەندامە سەرکردەییەکانی وەکو مامۆستایان د. مەحمود عوسمان، سامی ڕەحمان، نوری

شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا. وە بەشێکی کە بەباڵی مەکتەبی سیاسی ناسراوە، بەسەرکردایەتی مامۆستایان ابراهیم احمد و جلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا.

کارنامەی دوکتۆراکەی من جێی شیکردنەوەی شەرعیەت و ڕاستی و ناڕاستی لایەنێك نەبووە چونکە کارێکی وا لە سنوور و ئامانجی نوسینەکەی من بەدەربوو. (١)

٥-دەربارەی نامەکەی ژك بۆ بارزانی کە لەپاشکۆی نامەکەمدا بلاوکردۆتەوە (کوردۆ: ل٧٣).

کاك کوردۆ دەڵێت کە بۆیەکەم جار نەرمین ابوبکر لەگۆڤاری (دراسات کردیە)ی معهدی کوردی پاریس دا سەرەتای ١٩٨٥ بلاوی کردۆتەوە. کارنامەکەی من پێش کۆتایی ١٩٨٤ تەواو بوویوو وە درابووە دەست پرۆفیسۆرەکان بۆلێکۆڵینەوە و قبولکردنی. ئینجا حوزەیرانی ١٩٨٥ بەڕەسمی پێشکەش کراوە و دوکتۆرایان داوەتێ. ئەوکەسانەی خەریکی کاری دوکتۆران دەزانن کە لەنێوان تەواوکردنی کارنامە و قبولکردنی ڕەسمی دا، بەلای کەمەوە چەند مانگێکی پێدەچێت. بەهەرحاڵ بلاوکردنەوەی نامەکە هیچ هونەرێکی منی تێدا نییە. منیش لەهەمان مەعهەدی کوردی پاریسەوە دەستم کەوتبوو وەك سیامەند عوسمان لەگەڵ هەندێ نووسینی بەکەڵکی تردا بۆی ناردم و نووسیبوشی کە لەژمارەی بەهاری گۆڤارەکەیان دا بلاودەکرێتەوە. بەلاّم بەداخەوە ئاگام لە کتێبەکەی مامۆستا کەریمی حسامی نیە و تا ئێستە نەمدیوە، کە بێگومان بەکەڵك دەبێت بۆ پێداچوونەوەی لەمەودوا.

٦-هەندێ سەرچاوە کە کاک کوردۆ ئیشارەتی بۆ دەکات و دەیانتوانی چەند لایەنێکی کارەکەم (بەتایبەت دەربارەی ئێران) ڕوونتر بکەنەوە، بەرچاوم نەکەوتوون و نەمتوانیوە سوودیان لێوەرگرم. وەك کتێبەکەی مامۆستا حسامی. هەروەها انورخامەای: فرصت بزرگ از دست رفته. عمیدی نوری: گدشته چراغ راه اینداست. .... کە هیوام وایە پێش لە چاپدانی کتێبەکەم دەستم بکەون و سوودیان لێوەرگرم.

دووهەم: هەندێ ڕوونکردنەوەی تر:

١-کاك کوردۆ (ل٨٦) دەڵێت کەلەکارنامەکەمدا ناوی (فیرقەی دیموکراتی ئاوربایجان) م بە پارتی دیموکراتی ئازربایجان هێناوە، منیش ئەزانم کە ناوی فیرقە بەفارسی و ئازەری وایە و لەناو کوردی خۆیشماندا هەر بە فیرقە ناسراوە، بەلاٚم بەزمانی ئەڵەمانی هیچ ووشەیەکی گونجاوم بۆ فیرقە نەدۆزییەوە. دەبوو یا Partei Organisation بەکاربهێنم ئەگینا زیاتر سەرلەخوێنەری ئەڵمانی دەشێوا. (٢)

٢-کاك کوردۆ (ل ٨٣)دەڵێت: کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق هەرگیز دانی بە مافی چارەنووسی کوردانەناوە. (٣)

لەڕاستیدا هەڵوێستی ئەم حیزبە تووشی گۆڕان و بادانەوەی زۆربووە. لە ڕۆژنامەی (کفاح الشعب) ی ساڵی ١٩٣٥ دا فەهد داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات. لەژمارەی تشرینی دووهەمی ١٩٤٥ ی القاعدە، دوای کۆنگرەی حیزب هەمان فەهد بە ئاشکرا مافی دیاری کردنی چارەنوسی کورد دەسەلمێنێت. بەلاٚم حیزب لە پەنجاکاندا، بەتایبەت دوای ١٩٥٨ سیاسەتێکی ناڕاستی بەرامبەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد گرتەبەر، کە بەدرێژی لەکارنامەکەمدا شیکراوەتەوە و ڕەخنەی لێگیراوە.

٣-سەردانی نهێنی مامۆستا جەلال تاڵەبانی بۆ مۆسکۆ(١٩٦٣)، پێچەوانەی بلاوکردنەوەی گفتوگۆکەی نییە لە ڕادوێی مۆسکۆوە (کوردۆ:ل ١١٤).

ئەو دوو مەسەلەیە لە دوو سەرچاوەی جیاوە وەرگیراون و ئیشارەتیان بۆکراوە. سەردانی نهێنی مانای سەردانی ناڕەسمییە کە دەوڵەتەکە بلاوی ناکاتەوە. گفتوگۆ لە ڕادوێ بلاوکردنەوەش مانای ئەوەنییە کە ئەوکەسە لەهەمان کات دا لەو وولاتەیە، یاخود بەڕەسمی لەو وولاتەیە.

٤-دەربارەی ڕادەی سەربەخۆیی حیزبە کۆمۆنیستەکان (کوردۆ: ل١٢٦)

من بەدرێژی باسی دەسەلاتی شوورەوی و کلکایەتی ئەو حیزبانەم کردووە. بەلام هەندێ جار ئەو ناسەربەخۆییە بێ سنوور نەبووە و ناوبەناو جیاوازی هەڵوێست تێبینی کراوە لەنێوان شوورەوی و ئەو حیزبانەدا، وەك نیشانم داوە. دەبێت ڕەخنە لە کلکایەتی ئەو حیزبانە بگیرێت، بەلام ئەو حیزبانە و کۆمینتێرن و کۆمینفۆرم وەکو داردەستی شوورەوی و یان دەسگای جاسوسی لەقەڵەم دان، کارێکی نازانستییە و لەگەڵ هەندێ ڕاستی مێژوو دا ناگونجێت. (٤)

٥-کاك کوردۆ بێ بەڵگە لەسەر هەندێ شتی نووسیوە کە بەلای منەوە کەوتۆتە هەڵەوە. بۆ نموونە (کوردۆ:ل ٩٧) دەڵێت: ئەو دوکتۆر جەلالەی لەکۆتایی شەستەکان دا لە کوردستانی ئێران و عیراق بوو، پیاوی ساواك بووە و ناوی ڕاستەقینەی (هاشمی شیرازی)یە. لەڕاستیدا ناوی ڕاستی دوکتۆر جەلال (کۆرشی لاشائی) بوو. ئەوسا مارکسییەکی ناودار و چالاکی ئێرانی بوو

لـه ئـەڵمانیا. ئینجـا لـەکاتی ڕاپەڕینەکـەی شـەهیدان سـولەیمانی مـوعینی (فـائق) و مـەلا ئـاواره و شـەریف زادەدا بەکوردسـتانی عـیراق دا چـووه کوردستانی ئێران و پاش شکانی ڕاپەڕینەکه گەڕایەوە ئەمدیو. (٥)

سێهەم: چەند سەرنجێکی بنەڕەتی تر:

بەشی زۆری نووسینەکەی کـاك کـوردۆ، پیاچـوونەوه و بـەکوردی داڕشتنی کارنامەکـەی منـە، کەجێگـەی سوپاسـە. بـەڵام لـەزۆر شـوێن دا دیارنییـە کامـە قـسەی منـە و کامـە هەڵـسەنگاندن و بـیر و ڕای خۆیـەتی. باشـتر وابـوو دەقـی نووسینەکانی من لەناو دوو کەوانەدا لەسەرنجەکانی خۆی جیابکاتەوه. (٦)

٢-کاك کوردۆ ڕەخنەم لێ دەگرێت کە لەگەڵ هەندێ سەرکرده و لێپرسـراوی کـوردا گفتوگـۆم کـردووه کـە جێگـەی متمانـە نـین و دەوریـان بـووه لـەڕوخان و شکـانی شۆڕشـدا. لەڕوانگەی کـارێکی زانستییەوەئەم دووشـتە جیـان. گفتوگـۆ لەگەڵ ئەو بەڕێزانەدا مانـای هەڵـسەنگاندنی دەوری سیاسییـان نیـە. ئـامانجی کارنامەکـەی مـن لێکۆڵینـەوەی پەیوەنـدی کـورد و شـوورەوییە لەچوارچێوەی سیاسـەتی جیهـانی و نـاوچـەییدا. بـۆ باسێکی واش کـە سەرچـاوەی نوسـراوی کەمـە، لەگـەڵ کـێ دەتوانرێـت گفتوگـۆ بکرێـت جگـە لـەو کەسـانە، کەهەریەکـەیان بـەجۆرێك و لـەکاتێك دا ئـاگـاداری پەیوەندییـەکانی دەرەوەی شۆڕش بوون. (٧)

بێگومـان لەهەنـدێ قـسەکانیان دا، بـەپێی بۆچـوون و بەرژەوەنـدی سیاسـی خۆیـان قـسەدەکەن و هەوڵـدەدەن خۆیـان ڕاسـت و نـاحـەزەکانیان نـاڕاسـت، خۆیان چەپ و ئەوانی تر ڕاست لەقەڵەم بدەن . من هەوڵمداوه خۆم لـەو گێژاو

و (شەڕبەکۆنە قین)ە لادەم و تەنیا جەوهەری قسەکان وەرگرم کە پەیوەندیان بەباسەکەمەوە هەیە. بەڵام چ سەرچاوەیەك، چ کتێب و وتارنووسێك هەوڵ نادات بەپێی بۆچوونی خۆی بنووسێت؟

کەچی دەبینی کاك کوردۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەندێ لەو زانیاریانە پشت بە مامۆستا هەژاری موکریانی دەبەستێت، کە لە پێشەکی شاکارەکەی دا (شەرەفنامە) ئەویش بەپێی هەڵوێستی خۆی هۆیەکانی ناکۆکی ١٩٦٤ لێکدەداتەوە و کەسانێك گوناهبار دەکات. (٨) بێگومان نووسینەکەی ئەویش جیاناکرێتەوە لەهەڵوێستی و شوێنی دیاری مامۆستا هەژار لەو کاتەدا. (کوردۆ: ل٩١-٩٢)

یا بۆ بەڵگەی جاسوسبوونی د. مراد ڕەزم ئاوەر، پشت بە ڕاپۆرتێکی عەلی قازی دەبەستێت بۆ دەسگای جاسوسی ئەمریکا، کەدیسان بەڵگەیەکی بێ هێزە و ئامانجە سیاسییەکانی ڕۆشنن. (٩)

لەوەش بگەڕێتەوە کاك کوردۆ لەچەند شوێنێکدا پشت بەنووسینێکی نەناسراو دەبەستێت، کەخۆی ناوی دەبات بەکتێبێکی بێ ناونیشان. (١٠) (کوردۆ: ل٩٨)، ئەگەر دەزانێت سەروبنی ئەو کتێبە چییە و کێ نووسیویەتی، دەبوو ئاشکرای بکات. ئەگینا نووسینێکی بێ ناونیشان لەڕووی زانستییەوە بەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نادرێتە قەڵەم.

٢-گلەییەکی دۆستانە:

کاك کوردۆ لەبەشی زۆری نووسینەکەیدا بەشێوەیەکی زانستییانە بەکارنامەکەدا چۆتەوە و بیر و ڕای خۆی دەربڕیوە، بەڵام لەهەندێ شوێنی تردا

بیروڕای سیاسی (وەڕەنگە حیزبیی) خۆی تێکەڵکردووە و بەشێوەیەکی ڕەق و بێ ئەمان هێرش دەباتە سەرهەندێك سەرکردە و خەباتکەری کورد. لە نووسینەکەی کاك کوردۆ دا مامۆستا برایم ئەحمەد نابوت بووە (ل ١٠٦)، مامۆستا محەمەد مەحمود عبدالرحمن (سامی) دۆستی (١٢) ئەشەربن ناتانە و لە ئیسرائیل بووە، (ل ١٠٦). مامۆستا کەریم ئەحمەد خرەی ئاجیل و زرەی تمەن لەگیرفانی دێت (١٣) . بارزانی ساڵی ١٩٧٥ ئازایەتی ساڵێك لەوەبەری نەمابوو (ل ١١١). ئەم جۆرە سووککردنەی هەندێ سەرکردەی سیاسی کورد، لەسنووری لێکۆڵینەوەی زانستی دەردەچن و نرخی نووسینەکەی کاك کوردۆ کەمدەکەنەوە.

هەر لەسەرۆکی خوالێخۆشبوو بارزانییەوە تا ئەوانی تر، لێپرسراوی هەندێ هەڵەی سیاسی گەورەن، کەهەقە شیبکرێنەوە و ڕەخنەشیان لێبگیرێت. بەلاّم دەبێت دەوری ئەو سەرکردانە بە تەرازوویەکی عادلانە بکێشین، کارەکانیان وەکو هەڵەی سیاسی تێبگەین ، نەك وەکو خیانەت و خۆفرۆشی، وە هەرگیز بە شکان و نابوتییان خۆش نەبین. هەریەکێك لەو زاتانە (بەڕادە و شێوەیەکی جیا) عومرێکیان لەخزمەتی ئەم گەلەدا بەسەربردووە . هەندێکیان ڕەمزی بزووتنەوە و بوونی گەلەکەمان بوون، وە بەپێوانەی زروف و دەوری خۆیان، لەکەڵە سەرکردەی وولاّتانی تر کەمیان نییە. سووککردنیان ناهومێدی و بێباوەڕی بلاّودەکاتەوە . ئەگەر وا بێڕەحمانە حوکم بەسەر ئەو کەسانەدا بدەین، ئایا بەهەمان پێوانە (پەیوەندیی بەدەرەوە، پشتبەستن بەدەرەوە، نوقومبوون لەتاکتیکدا، ناکۆکی ناوخۆ و خۆخۆیی .....) ناتوانرێت مێژووی

سەرکردە ناودارەکانی کۆنیشمان (وەك شێخ عوبەیدوڵڵاو قازی محەمەد و شێخ مەحمود) ڕەشبکرێنەوە؟

ڕەفتارو سیاسەتی سەرکردەکانی کورد هەرلەکۆنەوە تا ئێستا، لەو بارە دژوارو سەختەی کوردی بەدبەخت جیاناکرێتەوە، کە لە گێژاوی سەختی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، خەریکی پەلەکوتێی مان و نەمانێتی. بێئەوەی پاکانە بۆ کەس بکەین، دەبێت بیسەلمێنین کە بەشێك لەهۆکانی ئەو هەڵە کوشندانە خۆی لە خۆیدا، لەو بارە دژوارەدایە کە کوردی دابەشکراوی تێدایە.

دوا وتە:

جارێکی تریش سوپاسی کاکی بەڕێز کوردۆ عەلی دەکەم، کەبە سنگێکی فراوانەوە ئەم سەرنجانە لە پاشکۆی نووسینەکەی خۆیدا بلاودەکاتەوە، ئەگەرچی ڕەنگە لەگەڵ بۆچوونی خۆیدا یەك نەبن.

فازڵ مەلا مەحمود ڕەسوڵ

١٩٨٦/١٠/٢٣

ڤیەننا

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١-جەمال نەبەز: "کوردستان و شۆڕشەکەی"، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، ستۆکهۆلم، ١٩٨٥. (کوردۆ عەلی لە ئاڵەمانییەوە کردوویە بەکوردی).

2. Wilson N. Hawell: The Soviet Union and the Kurds. University of Virginia, 1965

٣-دەبایە پێنج پارچەی نووسیبا، چونکە خۆی لەچەند جێیەك دا باسی پارچەیەکی بەرتەسکی شوورەویش دەکات.

٤-"لاکردنەوەیەکی کوردانە بەلای شۆڕشی ئەیلول دا"، گۆڤاری "ڕوانگەی ئازاد"، ژ ٢ ، مارتی ١٩٨١، ل٢٥.

٥-"٤٥ عاما من النضال فی سبیل وطن حر و شعب سعید"، ص٣٤ ، من منشورات الحزب الشیوعی العراقی، ١٩٧٩ .

٦-لینین : "حرکة شعوب الشرق الوطنیة التحرریة"، دار التقدم، موسکو ، سنة الطبع، بلا، ص ١٧٤ .

٧-هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩ .

٨-هەمان سەرچاوە، ل٢٧٥ .

٩-هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٠ .

١٠-هەمان سەرچاوە، ل ٣١٨ .

١١-ڕەزاخان بەپرس و ڕای ئینگلیز کودەتاکەی بەسەر قاجارەکاندا کرد.

بڕوانە:

Gerard de Villiers: "Der Schah", Heyne Verlag, Munchen, 1979, S.7.

١٢-جەمال نەبەز: "بیری نەتەوەیی كوردی"، بنكەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆكهۆڵم، ١٩٨٤، ل ١١٦ .

١٣-هەمان سەرچاوە، ل ٩٠ .

١٤-ب. هەندرێن: "كامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی لەهەڵوێست و ڕەخنەدا"، چاپخانەی ئۆفسێتی مینا، بەغدا، ١٩٨٥، ل٣٢.

١٥-لێرەدا باشتربوو نووسیبای "كودەتاكەی شەواف"، چونكە بۆ بێگانە و كەسانی ناشارەزا ڕوون نییە كام كودەتایە مەبەستە.

١٦-پارتی كۆمۆنیستی عێراق لەبەیاننامەیەكی نێوەڕاستی ئەیلولی ١٩٦٤ دا، داوا لە گەلی عێراق دەكات بۆ (یەكێتی عارەب) و (ئازادیی) و (سۆسیالیزم) خەبات بكەن. یانی بۆ دروشمە سێ كوچكەكەی بەعسی ڕەگەزپەرست.

بڕوانە: جەمال نەبەز: " كوردستان و شۆڕشەكەی"، ل٢٤٢ .

١٧-دكتر انور خامەای: "فرصت بزرگ از دست رفتە"، انتشارات هفتە، تهران، ١٣٦٢، ص ٢٣٢.

١٨-د. ماهر الشريف: "فلسطين والمشرق العربي في نقاشات المؤتمر العالم السابع للاممية الشيوعية"، مجلة الثقافة الجديدة، العدد ١٢٥، تشرين الاول ١٩٨٠، ص ٢٣-٤٢.

١٩-محمد رضا پهلوی: "پاسخ به تاريخ"، انتشارات كی. وی. سی. لندن، ص ٥٧، ساڵی چاپی لەسەرنییە.

٢٠-دكترانور خامەای: "فرصت بزرگ از دست رفته"، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٣ .

٢١-سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤-٢٧٥ .

٢٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧-١٨ .

23. Gerard de Villiers: " Der Schah", S. 149.

٢٤-دكترانور خامەای: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨ .

25. Gerard de Villiers: "Der Schah", S.160-161.

هەروەها بڕوانە: محمد رضا پهلوی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧ .

٢٦-دكترانور خامەای: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣٤-١٤٧.

٢٧-عەمیدی نوری: "گدشته چراغ راه ایندەست" ، انتشارات جامی، ص ٣٣٨ .

٢٨-ابوالحسن تفرشیان: "قیام افسران خراسان"، تهران، ١٩٧٩، ص٧٧ .

٢٩-کریس کوچرا: "کردستان و جمهوری مهاباد"، ترجمه ناهید بهمن پور، شهریور ماه ١٣٦٠، ص ٣٤-٣٥ .

٣٠-دكترانورخامەای: "پنجاه نفر و سه نفر"، تهران، چاپ چهارم، مهر ١٣٤٣، ص ٨٤-٨٦ .

هەروەها بڕوانە: دكتر هوشنگ نهاوندی: " ٦٦ سال در خدمت موسكو"، كيهان چاپ لندن، شماره ٩١، ١٤ فروردين ١٣٦٥.

٣١-دكترانور خامەای: " پنجاه نفر و سه نفر"، ص١٧٣ .

٣٢-دكترانور خامەای: " فرصت بزرگ از دست رفته"، ص ٢٢٢-٢٢٤ .

٣٣-کریس کوچرا: "کردستان و جمهوری مهاباد"، ص٧ .

٣٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ .

٣٥-ابوالحسن تفرشيان: "قيام افسران خراسان"، ص ٧٥ .

٣٦-مەبەستی نووسەر بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردەکانی سۆڤیەت نییە، بەڵکە مەبەستی جموجۆڵی کوردە پەنابەرە عێراقییەکانی سۆڤیەتە.

٣٧-نرمين ابوبكر: "وثائق من الارشيف البريطاني"، مجلة الدراسات الكردية، العدد ١-٢ ، السنة الثانية، كانون الثاني ١٩٨٥، ص٥٥-٦٠ .

هەروەها بڕوانە: کەریمی حسامی: "کۆماری دیموکراتی کوردستان، یان خودموختاری؟"، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، چاپی دووهەم، ١٩٨٦، ل ٤٥-٤٦ . هەرچەندە ساڵی چاپی یەکەمی لەسەر نییە، بەڵام بەدووری نازانم کە بەر لە ١٩٨٥ نەبێت. دەبێت ئەوەش بڵێم کە مامۆستا حسامی، هەڵەیەکی چاپی لەو نامەیەدا لێبۆتە گرێکوێرە و دەڵێت ڕەنگە ڕەمزێکی خۆیان بێت! ئەوە ڕەمز نییە، ووشەی (هەیئەتیْ)کە کە بەهەڵە (هەئلن تیْ) نوسراوە.

٣٨-دوکتۆر مراد، فەرمانبەرێکی دەزگەی جاسوسیی شوورەوی ك. گ. ب. یە. هەمان ئەو کەسەیە کە عەلی قازی لە ڕاپۆرتی ٥ ی مهری ١٣٥٨ یدا بۆ (سی. ئای. ئەی) دەریارەی دەنووسێت: "٢-گرنگترین کەسێك لەبواری مەسەلەی کوردی عێراقدا، نەفەرێکە کە هێندە ناسراو نییە، نێوی دوکتۆر مراد عەزیزە کە لە . . . . . . دەژی و هەمیشە بە پشتیوانیی ٢ مەرسیدس کە پڕن لەپاسەوانانی چەکدار بە چەکی ئۆتۆماتیك، هاتوچۆ دەکات. پلەی ئەو لە پێوەندیی بە دەوڵەتی عێراقەوە ئاشکرا نییە . . . . . . لەو ڕێزەوە کە لێیدەگیرێت ، وا پێدەچێت کە پلەیەکی باڵای هەبێت. لەماوەی ٤٦- (. . . . . .)١٩ دا دوکتۆر

عەزیز لە ئازربایجان بەنێوی گروهبان مراد ڕەزم ئاوەری ئەرتەشی ئێران ناسرابوو، کە بۆ کۆماری کەم تەمەنی کوردستان کاری دەکرد. پاش ڕوخاندنی کۆمارەکە بۆ . . . . . هەڵهات و تا ئەو کاتەی لە بەغدا بەنێوی دوکتۆر عەزیزەوە خۆی نیشاندایەوە، هیچ زانیارییەك دەربارەی ئەو لەبەردەستدا نەبوو). بڕوانە: "اسناد لانه جاسوسی ایران"، کردستان ۲، شماره ۳۲، دانشجویان مسلمان پیرو خص امام، ص٦٦.

۳۹- بڕوانە: "٤٥ عاما من النضال فی سبیل وطن حر وشعب سعید"، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

٤٠-جەمال نەبەز: "کوردستان و شۆڕشەکەی" ، ل١٨٣ .

٤١-جەمال نەبەز: هەمان سەرچاوە ، پەراوێزی ل ١٢٨.

هەروەها بڕوانە : کەریمی حسامی: "کۆماری دیموکراتی کوردستان"، ل ٩٢.

٤٢-هەژاری موکریانی: "شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی"، چاپی دووهەم، تاران، ١٩٨١، ئەو پاشکۆیەی بەنێوی (لەشوێن چوونێك)ەوە خراوەتە سەر چاپی دووهەم ، ل٨٥٤-٨٥٥.

٤٣-هەژاری موکریانی: " شەرەفنامە، ل٨٥٥ .

44.Gunter Deschner: "Saladins Sohne, Munchen, 1983, Droemer Knaur Verlag, S. 289-291.

٤٥-سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨ .

٤٦-لێرەدا نووسەر بازدی بەسەر قۆناغێکی گرنگی مێژووی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا داوە، ئەویش سەردەمی سکرتێرێتی بەهادین نورییا (باسم)(١٩٥١-١٩٥٤). وەکو لە ل٨٣ دا ڕوونمانکردەوە، لەپرۆگرامەکەی ئەود

دان بە مافی چارەنووسی کورددا نرابوو، ڕەخنە لە پرۆگرامەکەی فەهد دەگرێت کە دانی بەو مافەی کورددا نەنابوو، هەڵوێستی پێشینی پارتی کۆمۆنیستی بە (ئۆپۆرتونیستانە) هەڵسەنگاندبوو.

٤٧-لێرەدا دەبێت بەشداریی کۆمۆنیست لە گەورەترین و دڕندانەترین تاوانی مێژوودا وەبیرخوێنەر بهێنمەوە، تاوانێك کە لەبیرچوونەوەی هێجگار دژوارە. لەگەورەترین کارەساتی دڵتەزێنی خوارووی کوردستاندا، لەوکاتەدا کە ڕژێمە ڕەگەزپەرست و خوێنڕێژە هاوبەرەکەی کۆمۆنیستی عێراق، لەگوندەکانی سەرسنووری کوردستاندا شوێنەواری ژیاری مرۆڤایەتی کوێردەکردەوە، گوندی خاپوور دەکرد و ڕەز و باخ و شینایی لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکەند و هەڵیدەپرووکاند، کانیاوی کوێردەکردەوە و پاڵەی ڕەش و ڕووت و لەپ قڵیشاوی کوردی لەمەفتەن و خاکی باب و باپیرانیان بەدەردەنا، ئاڵەو کۆستە گەورەیەی کورددا، هاوڕێ موکەڕەم تاڵەبانی، لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری ڕۆژی کوردستانەوە پیرۆزبایی لەو هەنگاوە شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستانەیەی ڕژێم دەکرد و دەیفەرموو: "دەستی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوانی لەناوچەکە دەبڕێت".

٤٨-عەبدولصەمەد کامبەخشی کۆنە سکرتێری تودە دەنووسێت: " هەر لەسەرەتاوە مەسەلەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەزاشا دا، لەنێو حیزبدا پێشچاو دەخرا و دەمەتەقێی زۆری لەبارەوە دەکرا. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی حیزب، وەکو کەسێك تێیاندەڕوانی کە لەنێوجەرگەی جەماوەرەوە سەریهەڵداوە و وەکو کەسێکی نیشتمانپەروەری دژبە ئیمپریالیزم تێیاندەڕوانی. هەڵوێستی ئەوکاتەی حیزب بەرامبەر ڕەزاخان لەسەر ڕوویەڕی ڕۆژنامەکانی

حیـزب بــه ڕاشـکاوی ڕەنگدەداتــەوە، وەك کەسـێك تێیانـدەڕوانی کەدەسـتی بەکرێگیراوانی ئیمپریـالیزمی ئینگلیـزی بڕیـوە، هەوڵی بەهێزکردنی حوکومـەتی مەرکــەزیی دەدات و ڕێگــە لـــە هێـــزە پێـــشکەوتنخوازەکان و کۆمۆنیـــست نابەسـتێتەوە. بۆیــە ســەرکردایەتی حیــزب لــەکارەکانی ڕازیبــووو و لەســەر ڕوویــەڕەکانی ڕۆژنامــەی (حقیقــت) ی حیزبـدا شـیعریان پێـدا هەڵـدەگوت و دەیاننوسی: (من ڕەزا و تۆ ڕەزا، میللەتی ئێران ڕەزا). بڕوانە:

عبدالـصمد کـامبخش: "نـصری بـه جنـبش کـارگری و کمونیـستی درایـران"، انتشارات حزب توده ایران، چاپخانه زالتس لاند، ۱۹۷۲، ص ۳۲-۳۳.

چەندسەرنجێك سەبارەت بە پاشكۆكە:

١-تكايە بڕوانە ل٤-٥، بزانە داخۆ من داوای ئەوەم لە كاك فازڵ كردووە؟ یاخود پرسیومە بۆ لەنێو ئەو هەموو پرسپێكراوانەدا تەنها ساڵەكانی ئەندامێتی كۆمیتەی نێوەندیی كاك كەمال نەنوسراوە؟

٢-ئێستا لە فەرهەنگم ڕوانی و دیتم بەڵگەكەی بەجێیە و ڕەخنەكەی من پووچدەكاتەوە.

٣-تكایە بڕوانە ل٨٢-٨٣ ، من ووشەی (هەرگیز)م هەرگیزا و هەرگیز بەكار نەهێناوە، چونكە واتایەكی ڕەهای هەیە، بەڵكە نووسیومە: "وەك كاك فازڵ دەڵێت: پارتی كۆمۆنیست هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە.....". بەڵگەكانیشم دوو سەرچاوەی پارتی كۆمۆنیست خۆیەتی.

٤-من هیچ جوداوازییەك لەنێوان (كلكایەتی) و (داردەستی) دا نابینم، پێموایە (كلكایەتی) ماناكەی لە (داردەستی) درزێوترە. جگەلەوە ئەو حیزبانە و كۆمێنتێرنم بە دەستگای جاسوسی لەقەڵەم نەداوە، بەڵكە نووسیومە: "ستالین كۆمێنتێرنی هەڵوەشاندەوە و دەزگەیەكی جاسوسی بەنێوی كۆمینفۆرمەوەی لەجێگە دانا". بڕوانە ل٣٧ ی نووسینەكەم.

٥-ئەو زانیاریانەم لە كۆنە كاربەدەستێكی ڕۆژنامەی (النور) وەرگرتووە، كە ئاگاداری هەندێك لەو پەتبازییانە بوو.

٦-ڕەخنەیەكی پەسەندە، ئەو هەڵەیەم لەچەند نووسینێكی پێشتریشدا كردووە.

٧-كاك فازڵ یا خۆی هەڵەدەکات، یاخود لێم حاڵی نەبووە. من ڕەخنەم لەو نەگرتووە، بەڵکە ڕەخنەم لەو فیشاڵبازانەگرتووە، کە ڕاستییەکان لەو میللەتە دەشارنەوە و شەشی لێدەکەنە بێش. ئەوەتا دێڕێك پاشتر کاك فازڵ خۆیشی پێ لەوەدەنێت.

٨- جاری لەپێشەکی شەرەفنامەدا نییە، بەڵکە لە پاشەکییەکەیدایە. ئەوجا ئەو گەواهییە تۆمارکراوانەی مامۆستا هەژار سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراون هەتا ئەو کاتەی ئەو مامۆستا گوناهبارکراوانە بەبەڵگەی ڕوون و ڕازیکەر ئەو بوختانانە هەڵدەوەشێننەوە.

٩-ئەوەتەی من لە ڕیزی بزووتنەوەی کوردایەتیدا چاوم هەڵهێناوە، بیستوومە کە (دوکتۆر موراد ڕەزمئاوەر) کاربەدەستێکی دەزگەی جاسووسیی شوورەوییە. من تەنها پشتم بەو ڕاپۆرتەی عەلی قازی و بیستنەکانی خۆم نەبەستووە، بەڵکە بەو بەڵگانەش پشتئەستوور بووم کە کاك فازڵ لە ل٣٥٢ ی کارنامەکەیدا پێشچاویخستوون. ئەوەتا خۆی دەنووسێت: "هەرچەندە ئاشکراکردنی جموجۆڵەکانی دەستگای جاسوسیی شوورەوی لەچوارچێوەی ئەم کتێبەی ئێمەدا جێینابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشچاوخستنی هەندێك ڕووداوی زەقی ئەو پەلەقاژە نهێنییانە، بێسوود نابێت....".

ئەوجا دوو نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە، یەکێکیان (عەلی گەلاوێژ)ە کە دەنووسێت: "خۆی لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا، دانی بەوەدا نا کەخۆی و هەندێکی دیکە بەکرێگیراوی دەزگەی جاسووسیی شوورەوی بوون". (هەڵبەت

مەبەستی دانپێدانان و پاکانە بێتامەکانی سەرکردەکانی تودەیە لە تەلەفزیۆنی ئێراندا).

ئەوی دیکە (دوکتۆر موراد عەزیز)ە ، باسی ئەو ئەرکە نهێنییە گرنگانە دەکات کە لەلایەن شوورەوییەوە پێسپێردراوە. باشە ئەم کابرایە کە هیچکات بەڕەسمیی تودەیی نەبووە، دەبێت چ بووبێت وا سۆڤیەت هێند متمانەی پێکردبێت و ئەو ئەرکە مەزنانەی پێسپاردبێت؟ تا لەو ڕێگەیەدا سەریشی تێداچوو.

پێدەچێت کاك فازڵ لەیادی کردبێت کەخۆی مەسەلەیەکی ئاوهای هوروژاندووە، بۆیە ئەو زانیارییەی من، بە (بەڵگەیەکی بێهێز) و ئامانجە سیاسیەکانیشم به (ڕۆشن) لەقەڵەم دەدات!

١٠-جارێ من بەهیچ جۆر باسی (کتێب)م نەکردووە، بەڵکە گوتوومە (نووسینێك)، ئەویش نووسینێکی چاپکراوی شێزدە لاپەڕەیی فولسکابە دەربارەی دووبەرەکیی ڕیزەکانی پارت نووسراوە و دۆستێکم بۆی ناردووم و نووسیویوە تکایە تەنها بۆ سوودلێوەرگرتنی خۆتە.

ئەوجا کە چاوپێکەوتن و ڕاوەرگرتنی چەندین کەسانی شاردراوە و نادیار و نەناسراو بۆ کارنامەی دوکتۆرایەك لەڕووی زانستییەوە بەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لەقەڵەم بدرێت ، ئەوا سەرچاوەیەکی بێنێو بۆ نووسینێکی ڕەشۆکی وەك ئەمەی من نابێتە عەیبەیەکی ئەوتۆ.

١١-کاکە فازڵ چاکی بۆچووە، من لە هیچ نووسینێکمدا بیر و ڕای سیاسی خۆم فەرامۆش ناکەم و تەنها لەو پێناوەشدا دەنووسم . من لە کلاوڕۆژنەی

بەرژەوەنـدیی کـوردەوە لـەبوون و ژیـان دەڕوانم. بۆیـە گـشت پێـشهاتێك بـەو کێـشانەیە پێوانەدەکـەم . مـن زۆر بـەخۆدەنازم و شـانازی بـەوەوە دەکـەم کـە هەڵگری بیری نەتەوەییم و نەتەوەکەی خۆم تاسـەر مۆخ و ئێسقانم خۆشدەوێت. نەتەوەییەکم کە لە دەلاقەی برین و زامی کوردەوە شریخە و چەخماخەی ئازار و ژانـی گـشت میللـەتانی زۆرلێکـراو و مافپێـشێلکراوی هـاودەردم دەبینم. هـەر ئەو باوەڕەشمە کردوومیە دەروێشی ڕاستی و هەرچی بەڕاست بزانم دەیڵێم و چ باکێکم لە گلە و گازندەی کەسیش نییە.

جگەلـەوە کـاك فـازڵ خـۆی هـەر لـەم پاشکۆیەدا لـە ل١٥٣ دا، ئەوەی کردۆتـە یاسـایەکی گـشتیی و دەڵێـت: "چ سەرچـاوەیەك ، چ کتێـب و ووتارنووسـێك هەوڵنادات بەپێی بۆچوونی خۆی بنووسێت"؟

کەواتە منیش ئەو مافەم دەکەوێت و کـارێکی نابەجێم نەکردووە. بەڵام کـاك فـازڵ لـەوەدا زۆر بەهەڵـەدا چووە کـە نووسیویە: " ڕەنگە بیروڕای حیزبیی خـۆی تێکەڵ کردبێت". ئەگەر بەلای منەوە نەیکردایە پاکانە نووسین، ئەوا دەمتـوانی بەبەڵگـەوە بـۆی ڕوونبکەمـەوە کـە گومانەکـەی چـەندە بێجێیـە. ئەوانـەی دەمناسـن دەزانـن ئـەو حوکمـە چـەندە نـاڕەوا و دوورلەڕاسـتییە. حیـزب بـەلای منـەوە هەمیـشە ئـامراز بـووە، نـەك ئامـانج. ئەوانـەی ئـەو هەڵەیـە دەکـەن و جێگۆڕکێ بە ئامراز و ئامـانج دەکـەن ، ئومێدی هیچ خزمەتێکیان لێناکرێـت . زەلیلترین کەسـانیش ئەوانـەن کە لـە قـاوغ بۆشیی خۆیان (دەبنە ئەشکەوت و تەنها دەنگی حیزبەکەیان دەدەنەوە). جگەلەوە من دەتـوانم لـەو شـاکارەی کـاك فازڵ دا دەیان بەڵگە پێشچاو بخەم کەنەك بیر و ڕای سیاسی، بەڵکە سۆزێکی

پەتی جلەوکێشی خەیاڵی بووە. ئەگەر چارشێو لابردن لەسەر هەندێك هەڵە و هەڵوێست سووکایەتی بەسەرشانی کەسێکدا بهێنێت ، ئەوا تاوانی ڕاستیبێژ نییە، بەڵکە تاوانی خاوەن هەڵوێستە هەڵەکە خۆیەتی. مێژووش ئەوەیە کە ڕوویداوە ، ئەوەنییە کە ئێمە ئاواتەخوازین ڕوویدابا.

زۆر بەداخەوە ئەمە باسێکی هێجگار بەرفراوان و بەتام و چێژە و ناتوانم لەم پەراوێزەدا جێیبکەمەوە . دیارە باری سەرنجی من و کاك فازڵ لەزۆر لایەنەوە تەواو لێکجوداوازن. ئەگەر کرا لەکاتێکی دیدا دێینەوە سەر ئەم باسە.

١٢-ووشەی دۆستم بەکار نەهێناوە.

١٣-من کرداری ڕابوردووم بەکارهێناوە.